منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

یاسا گەردوونییەکانی

سەرکەوتن و ڕزگاربوون

(گۆڕانی ئەوەی لەناخدایە)

نووسینی: د. محەمەد ئیقبال خزر

وەرگێڕانی: ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)



یاسا گەردوونییەکانی

سەرکەوتن و ڕزگاربوون

[یاساکانی گۆڕینی ئەوەی لەناخدایە]

یاسا گەردوونییەکانی

سەرکەوتن و ڕزگاربوون

[یاساکانی گۆڕینی ئەوەی لەناخدایە]

نووسینی: د. محەمەد ئیقبال خزر
وەرگێڕانی: ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد

نووسینی: د. محەمەد ئیقبال خزر
وەرگێڕانی: ..... ڕێدار ئەحمەد
دیزانی ناوەرۆک:..... جمعه صديق كاكه
دیزانی بەرگ:.....ڕەوشت محەمەد
نرخ: ..... 3000 دینار

هەولێر/ شەقامی مەحکەمەی کۆن/ ژێر ئوتێل شیرین پالاس

لەبڵاوکراوەکانی: کتێبخانەی ڕێدار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (390) ی ساڵی 2020ی پێدراوە

ناوەرۆك

پـێـشـەکـی..... ٩
یاسا گەردوونیەکان و مرۆڤی کارا..... ١٦
بۆچی دەبێت بەباشی یاساگەردوونیەکانی سەرکەوتن و دەربازبوون بزانین..... ٢٠
یاسای ڕزگاربوون لە ناڕەحەتیی (الشقاء)..... ٢٣
توانا مرۆییە زانـراو و پـەنـهـانـەکـان..... ٢٤
خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی یاسا گەردوونییەکان..... ٣١
جیاوازی نێوان سەرکەوتن و ڕزگـاربـوون..... ٣٣

یاسای بنەڕەتی یەکەم
یاسای لەرینەوەکان یاخود یاسای گەڕانەوە (الارتداد)..... ٣٧
فیکر و زمان دوو ڕووی یەك دراون..... ٤١
ڕووەکەکان لەزمانی لەرینەوەکان تێدەگەن..... ٥١

بێگیانەکان (الجمادات) لەزمانی لەرینەوەکان تێدەگەن..... ٥٣
کەواتە کێشەی هەژاریی لەکوێدایە؟... لەدەروونی خۆیاندا..... ٥٦
وزەت بەکاربێنە نەک هەبێزت..... ٥٨
کایەی وزەیی (الحقل الطاقي) بیردۆزەی بونیاتنان و خۆوێران کردن..... ٦٦
ئایا شارەکان کایەی ووزەیی هاوبەشیان هەیە؟..... ٦٩
هاوسەنگیی وزەیی..... ٧٧
هەڵمژانی وزە، حەقیقەتە یان خەیاڵ..... ٧٩
یاسای ڕوودان (چۆن شتەکان لەگەردووندا ڕوودەدەن)..... ٨٥
بەڵام چی دەبێت ئەگەر ناوچەی دەرخەر پیس بوو؟..... ٨٨

یاسای بنەڕەتی دووەم
یاسای بەرپرسیارێتی ٩١
بەرپرسیارێتیمان چۆن دروست دەبێت..... ٩٣
ئایا ئێمە بەشدارین لە دروستکردنی قەدەرماندا؟..... ٩٧
یاسای بەرپرسیارێتی و پەیوەندییە سۆزداری و خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانمان.. ١٠٢
یاسای بەرپرسیارێتی، بەرپرسیارێتیمان لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان.... ١٠٥
یاسا گەردوونیەکان و پەیوەندییان بە مەبەست (نیەت)و زانستەوە..... ١٠٨
ڕەخنەیەکی بەهێز لەیاسای بەرپرسیارێتی..... ١٠٩
یاسای کەینونە..... ١١٢
یاسای هەوڵی کەمتر..... ١١٥
یاسای هۆکار و دەرئەنجام..... ١١٧

یاسای ڕاکێشان..... ١١٨
ڕاکێشان و کەینونە..... ١١٩
یاسای پێشبینی..... ١٢٠
یاسای گریمانەی گەردوون:..... ١٢٢
یاسای پاڕانەوە..... ١٢٤
پاڕانەوەی پێغەمبەری زەکەریا (سەلامی خوای لێ بێت)..... ١٢٥
ئەو لەمپەر و هۆکارانەش ئەمانەن..... ١٣٣
یاسای ئاستە ڕاستەقینەکان..... ١٤٢

یاسای بنەڕەتی سێیەم
یاسای دووانەیی جەمسەرییەکان..... ١٤٣
دووانەیی پەیوەستبوون (التعلق) و ڕەتکردنەوە..... ١٤٧
چیرۆکی یەعقوب پێغەمبەر و کوڕەکانی..... ١٥٢
یاسای ئارەزوو و پەیوەندی بەدووانەیی چێژ و ئازارەوە..... ١٧٣

یاسای بنەڕەتی چوارەم
یاسای گۆڕان ١٧٤
ئاستەکانی گۆڕان..... ١٨٠
ئامارتیا سن و چارەسەری کێشەی فێربوون لە هیندستان..... ١٩١
کەی کاتی گۆڕان دێت..... ١٩٦

پێشەکەشە

بەهەموو ئەوانەی لەژیاندا دەنالێنن،
چونکە تەنها ئێوە بەباشی لەم کتێبە تێدەگەن،
تەنها ڕاشکاو بن لەگەڵ خۆتاندا،
تا دووجار و زیاتر گیرۆدە نەبنەوە.

پێشەکی

بەدرێژایی سەردەمەکان هەموو دانایان هەوڵی دۆزینەوەی نهێنی بونیاتی مرۆڤی کارایان داوە، کە نەك بەتەنها توانای چارەسەری گرفتەکانی ژیانی خۆی هەبێت، بەڵکو لەتواناشیدا هەبێت خۆی لێ بپارێزێت ئەگەر کرا، لەمیانی هەوڵەکانیانیاندا سەرنجی زۆر بیرۆکەو ئامرازیاندا، هەندێکیان بەهۆی ئەو سەرکەوتنە بەشەکییە یان گشتییەی لەژیانی مرۆڤدا بەدەستیان هێنابوو جێی باوەڕ و گرنگ بوون. بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخدا ناتەواوی و نەنگی ئەو بیرۆکەو کەرەستانە دەردەکـەوت، بەشێوەیەکی بەشەکی یان هەمەکی جێباوەڕبوونی خۆیان لەدەست دەدا، ئیدی کاریگەریی زۆریان لەبواری ئەو زانستەی کە دەخوێنرێت و ڕێکخستنی ژیانی تاك و کۆمەڵگادا نەدەما.

بەڵام کۆمەڵێك لەزانایان ژیانیان وەك حەقیقەتی خۆی ئەزموونکرد و تێگەیشتن هەر بیرۆکەیەکی دروست کەژیان مرۆڤ وەك تاك و کۆمەڵگا ڕێك بخات، پێویستە لەکەینونەی خودی مرۆڤەوە هەڵقوڵابێت، واتە لەخودی جیهانەکەیەوە، نەك لەو تێڕوانینانەی کەبەرهەمی تێگەیشتنی مرۆڤن بۆ ئەم جیهانە، لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە کە زانستێکی یاسایی هەڵقوڵاوی سروشتی ژیانی مرۆڤ بێت نەك لەبیرکردنەوە لێی.

ئەوانە تێگەیشتن چی بۆ مرۆڤ گونجاوە و بەختەوەری دەکات و لەنەهامەتی و شکست و نسکۆکان دەپارێزێت، ئەوەش هەمان ئەو زانستەیە کە یاساکانی تێکڕای گەردوون ڕێکدەخات، واتە چەند یاسایەك هەیە ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخەن و گەشەی پێدەدەن، هەروەك چۆن سروشتیش یاسای خۆی هەیە ڕێکی دەخات

و بەڕێوەچوونی لەخزمەت مرۆڤدا باشتر دەکات.

لەپێشبوون (ئەولەویەت)ی مرۆڤ لەگەزدووندا بناغەی هەموو ئەو فەلسەفانە بووە کە لەکانیاوی ئایینە ئاسمانییەکان و کتێبە پیرۆزەکان و کەلەپووری پێغەمبەرانەوە (سەلامی خوایان لێ بێت) سەرچاوەی گرتووە، لەبەر ئەوە گەردوونێکی ڕێکخراو بەوردی و بەقەدەری پەروەردگار خراوەتە خزمەت مرۆڤ، هیچ واتایەکی نابێت، ئەگەر ئەم مرۆڤە ڕۆژەکانی لەسەر ئەم زەویەدا بەبەختەوەری و شادیەوە بەسەر نەبات، ئەگەر ژیان بریتی نەبێت لە زنجیرەیەك بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن لەم گەردوونەدا.

لەبەر ئەمە خوای گەورە بەرچاو ڕوونی بەخشیووەتە هەندێك لەزانایان و دڵیانی ڕۆشن کردووەتەوە بۆ تێگەیشتن لەو ڕاستییە قوڵانەی ژیانی مرۆڤ بەشادی و بەرزی بەڕێوە دەبەن، بەڕووناکی ئەو تێگەیشتنە خواییە قوڵە گەیشتوونەتە نهێنیە سادەکانی واتاکانیان، کە شوێنەوار و دەرەئەنجامی قوڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی مرۆڤ دەبێت و ژیانی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ برای مرۆڤیدا لەسەر ئەم هەسارە بچووکە ڕێکدەخەن، کە هەردەم ئازار و ناڕەحەتی و سەختی و جەنگ و دڵڕەقی لەخۆ گرتووە، لەکاتێکدا دەکرا خۆیان لێ دوور بگیرێت، ئەگەر ئەم مرۆڤە هەمان تێگەیشتنی دانایانی خواپەرستی دڵسۆزی هەبووایە، کە چەند ڕێسایەکی ڕێکخەر هەیە بەختەوەری دونیا و قیامەت دەستەبەر دەکەن.

بۆ ئەوەی بەدووربین لەوەی تووشی باو و باپیرانمان بوو، لەمەینەتی و ئازار و کارەسات و ناڕەحەتی کەبەرهەمی دەستی خۆیان بوو ، ((وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ: هەر بەڵایەکتان تووش بوو،

ئەوە بەهۆی کردەوەی خۆتانەوەیەو لەزۆرێك لەگوناهەکانیشتان ئەبووری))
(الشوری/٣٠)[١]، پێویستە لەسەرمان فەلسەفەی ئەو یاسا گەردوونیانە ئاشنا ببین کە سەرفرازی دونیاو قیامەت بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکەن.

ئەم یاسایانە، بەهەموویانەوە، ئامرازەکانی بونیاتنانی مرۆڤی کارای ویستراومان فێر دەکەن، ئەو مرۆڤەی کەلەسەردەمی نوێدا لەگەشەپێدان و هەستانەوەدا پشتی پێدەبەستێت، هەر بەویش و بۆ ئەویش دەکرێت شارستانییەت بەردەوام بێت.

لێرەدا چوار یاسای سەرەکی و چەندین یاسای لاوەکی سەر بەئەو چوار یاسایە دەخەینە ڕوو، کەیارمەتیمان دەدەن لەتێگەیشتنی ژیانمان و ڕێکخستن و پێشخستنی و دووركەوتنەوە لەئازار و کارەساتە تاکی و بەکۆمەڵیەکان کەخودی خۆمان هۆکاری ڕوودانین، ئەوانیش ئەو یاسایانەن کە بەهۆیانەوە دەتوانین ئەو مرۆڤە کارایەی لەناخی هەریەکەماندا هەیە دەربهێنین.

ئەو چوار یاسایەش بریتین لە:

- یاسای یەکەم: یاسای لەرینەوەکان (یاسای شەپۆلەکان).
- یاسای دووەم: یاسای بەرپرسیارێتی.

---

(١) هەندێك لەزانایان بۆچوونیان وایە کەدەربڕینی ئەم ئایەتە بەکۆمەڵە، ئەمەش تایبەتە بەکۆمەڵگاو ئوممەت، بەڵام ئێمە لەسورەتێکی دیکەدا هەمان واتا دەبینین کە دووبارە دەبێتەوەو گوتارەکە بەشێوەی تاکە:(مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا وَكَفَى بِاللَّهِ شَهِيدًا: هەرخۆشیی و چاکەیەکت تووش بوو لەخواوەیەو, هەر ناخۆشیی و خراپەیەکیشت تووش بوو لەخۆتەوەیە، ئێمە تۆمان ناردووە بەپێغەمبەر بۆ تەواوی خەڵکی، خواش بەسە ئاگادارو شایەت بێت) (النساء/٧٩) .

- یاسای سێیەم: یاسای دووانەیی جەمسەرەکان.
- یاسای چوارەم: یاسای گۆڕان.

چیرۆکێک:

چوینە هۆڵێکی مەشقکردنی پێشکەوتووی فێنکی فراوانەوە، ڕەنگەکانی سەرنجڕاکێش و ئارامی بەخش بەهەست و دەروون بوون، ئەو هەستە سەرەتاییەت لا دروست دەکات کە سێ ڕۆژی ئاینده باش دەبێت، نزیکەی بیست ڕاهێنراوی سەر بەچەند کۆمپانیایەك بووین بڕیارماندا بەگیانی گروپ بەشداری خولێکی گەشەپێدانی کارکردن بکەین.

لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی ڕاهێنەر بەجل و بەرگە سادەو قژە ئاسایی داهێنراوەکەیەوە دەستبەجێ لەسەر کورسیەکانمان ڕێك دانیشتین، دەستی کرد بە ڕێکخستنی ئەو کاغەزانەی لەجانتاکەی دەریهێنابوون، لاپتۆپەکەی لەسەر مێزەکە دانا و بەستی بەئامێری نیشاندانەکەوە، دەستی کرد بە نیشاندانی فیلمێکی کورت کە ماوەکەی پازدە خولەك زیاتر نەدەبوو.

ڕاهێنەرەکە وەك پێشەکی خولەکە یان یەکتر ناسین، تەنانەت سەبارەت بە ناساندنی کورتە فیلمەکەش یەك وشەی نەووت، ئەوەش سەرسوڕمان و سەرسامیمانی زیاتر کرد، بۆمان دەرکەوت فیلمەکە بێدەنگە، هیچیشی لەسەر نەنووسراوە و هیچ دەنگێکیشی لەسەر نییە... کەواتە لەسەرمان پێویستە سەیری بکەین و لێیەوە فێر ببین و شتمان لێی دەستبکەوێت.

من دڵخۆشیی و گەشانەوەی خۆم لەبارەی ئەو شێوازەوە نەشاردەوە، چونکە حەزم لە وروژاندی ئاڵۆز و ڕکابەرێتییە لەتێگەیشتن و فێربووندا، هەرگیز حەزم

لەو زانیارییانە نییە باس دەکرێن و بەردەوام کردبومیانە قوتابییەکی سەرکێش لە قوتابخانە و زانکۆدا، تەنانەت لە ماڵەوەش.

فیلمێکی زانستی دیکۆمینتاری بوو سەبارەت بە ژیانی هەنگ لە خانەدا، بەبێ ئەوەی دەنگ یان نووسینی لەسەر بێت سەیرمان کرد. ئەرکی سەرشانی ئێمە ئەوە بوو شتێ لەو فیلمە تێبگەین، هەر کە نیشاندانی فیلمەکە تەواو بوو، ڕاهێنەرەکە قەڵەمەکەی گرت بە دەستییەوە و چوو بۆ لای تەختەکە و نووسیی: چی ڕوویدا؟ چیتان بینی؟ چی تێگەیشتن؟

پاش گفتوگۆیەکی چڕ لەبارەی ڕۆڵی هەنگ و هاریکاریی لەخانەیەکدا، هەروەك لە جوڵەکانی هەنگەکە و گونجاندن و ڕێککاریی لە کات و شوێن و گۆڕینی پێکەوە سازاوی ورد و ڕێك بۆمان دەرکەوتبوو، هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی ئەو کەرەستانەی بەردەستن لە کات و شوێنە و گەنجینەی خۆراك بە باشترین شێوە سوودیان لێ وەربگیرێت، بەمەش هەموو خانەکە بۆ ئامانجێکی سەرەکی ڕێکدەخرێت کە ئەویش بەرهەمهێنانی خواردن و بەردەوامبوونی ژیانە بە شێوەیەکی بەختەوەر و خۆشگوزەران و ئارام بۆ هەمووان.

پاش ئەوە ڕاستەوخۆ جارێکی دیکە دەستمان کردەوە بە سەیرکردنی کورتە فیلمەکە، بەڵام ئەمجارەیان بەدەنگەوە، لێکدانەوەی زانستی بۆ هەر جوڵە و هەنگاوێك دەکرا، بەو جۆرەی کە زانایانی پسپۆر لە بواری ژیانی هەنگ لە نێو خانە و لەنێو کۆمەڵەی کارەکەیدا لێکیان دابوویەوە... گفتوگۆ و قسە لەسەر کردن و ئەنجامگیریی بەردەوام بوو، ڕاهێنەرەکە لەم خولەدا زۆر بەکەمی قسەی کرد، ئەو تەنها شتەکانی ڕێك دەخست و تێبینی دەنووسی، ئەنجامگیرییەکان ئەو پشتگیریی یان ڕەتکردنەوانەی پەیوەندیداربوون پێیەوە تۆمار دەکرد، لەکۆتایشدا

پوختەی ئەوەی لەسەری ڕێك دەكەوتین دەینووسی.

سێ ڕۆژەكە بەوجۆرە تێپەڕی، ئامانج لێی ئەوە بوو فێر ببین بەگیانی گروپ كار بكەین، چۆن ئەو جۆرە كارە بڕی بەرهەم و ئەنجامگیریی چەند قات زیاد ئەكات[1]، ئەو كەرەستانەشی بەردەستن لە سامان و كار و كات بە باشی سوود یان لێ وەردەگیرێت... بەڵام بەتەنها ئەمە فێر نەبووم!!!

لە یادمە چی ئەو سێ ڕۆژەی زیندوو كردین، چونكە فێری كردم دەكرێت ئەو یاسایانە بدۆزمەوە كە ژیانی مرۆڤ ڕیكدەخەن و وای لێ دەكەن زیاتر لەبار و بە پێت و بەختەوەر ببێت، لە ڕوانگەی ئەو سروشتە دەوڵەمەندەوە، بەهەموو ئەو زیندەوەرانەی خوای گەورە توانای ڕێكخستن و گونجاندنی بەشێوەیەكی ڕێك و پێكی زۆر وردی پێ بەخشیوون.

ئەو یاسایانەی ژیانی مرۆڤ ڕێكدەخەن و لە ئاسوودەیی بەردەوامدا دەیهێڵنەوە ئەگەر بیاندۆزێتەوە و پابەند بێت پێیانەوە، ئەوانیش یاسا گەردوونییە جێگیرەكانی خوای گەورەیە، تەنها پێویستیان بە باش وردبوونەوە و دۆزینەوە و ڕامانی قوڵ لەم گەردوونە فراوانە هەیە كە خوای گەورە نهێنی گەلێكی تێدا داناوە تەنها دانایانی خاوەن تێڕوانینی ورد و قوڵ و گشتگیر لە هەمووەكییەكان و بەشەكییەكانی جوڵەی گەردوون لە سروشت و پێكەوەژیانی مرۆڤەكاندا دەیدۆزنەوە.

---

(١) چەمكی بەرهەمهێنان گوزارشتە لە بڕەكان، بەڵام چەمكی بەرهەمەكان ئەمەیان ڕێژەی هێنراو و نێردراوەكانە، هەتا نێردراوەكان زیاتر بێت و هێنراوەكان كەمتر بێت، ئەمەیان پێوەرە بۆ باشیتی كار و كارگێڕیی.

پاش ئەم خولە وتەیەکی کۆن تێگەیشتم کە قسەیەکی ئیبن خەلدونە (بەڕەحمەت بێت) پێشتر خوێندوومەتەوە، واتاکەی ئەوەیە: (سنن الله في كونه، كسننه في اجتماع خلقة) «سوننەتەکانی خوای گەورە لە گەردوونەکەیدا، وەك سوننەتەکانی وایە لە کۆبوونەوەی دروستکراوەکانیدا»، لەبەر ئەوە دەستمکرد بە پرسیارکردن: ئایا ئیبن خەلدون زۆری لەبارەی یاسا مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە زانیوە، ئەوانەی لەمیانی قوڵبوونەوە لەم سێ کتێبەوە فێر بووە: قورئانی پیرۆز، کتێبی گەردوونی فراوان (سروشت)، کتێبی گەردوونەکەی تر (مرۆڤ/ کۆمەڵناسیی مرۆیی).

ئەی بۆ نا، ئەو (واتە ئیبن خەلدون) بە چاوەکانی قورئانی دەخوێندەوە کە یەکەمین کتێبە بناغەی چەمکی ئەو یاسا (سونەن)یانە ی داناوە کە ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخەن، هەر ئەوە چەندینجار جەختی لەسەر کردووەتەوە و دووبارەی کردووەتەوە بەختەوەری مرۆڤ لە دۆزینەوەی یاساکان و پابەندبوون پێیانەوە دایە (سُنَّةَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلُ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا: باوی خوا بووە کەرابووردو و هەرگیز نابینی باوی خوا گۆڕانی بەسەردا بێت)(الفتح: ٢٣). ئەوەی من لێی دڵنیام ئەوەیە زانایانی ئەمڕۆ ئیبن خەلدون بە دامەزرێنەری زانستی کۆمەڵناسیی دادەنێن.

یاسا گەردوونیەکان و مرۆڤی کارا

ئایا هیچ یاسایەك هەیە مرۆڤی کارا دروست بکات؟ وشەی یاساکان تونده، هیچ کەس قبوڵ ناکات لەسەر شتێکی دابنێت ئەگەر بەتەواوەتی دڵنیا نەبێت لەوەی ڕاستە، چونکە یاسا واتە زانست، زانستیش واتە شتێکی ڕێکی مەحکەم، ئایا زانستێك هەیە ڕەفتاری مرۆڤ ڕێك بخات و حوکمی بکات؟

ئێمە دەزانین زانستێك هەیە سروشت ڕێك دەخات و فەرمانڕەوایەتی دەکات، چونکە سروشت ملکەچە بۆ یاساکان (یاسای کێشکردن، یاسای پاڵنانی گازەکان، یاسای کار و کاردانەوە، یاسای بەسەرئاوکەوتن... هتد). ئەوانە یاسای زۆرن، کە مرۆڤەکان ئاشنایان بوون و ناویان لێناوە «یاسا سروشتییەکان -القوانین الطبیعیة»، ئەم یاسایانە مرۆڤ دۆزیونێتیەوە و دروستی نەکردوون، چونکە خوای گەورە لەنێو بناغەی دروستکردنی گەردووندا داینناون، ئەرکی مرۆڤ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانیەتی.

پێش دۆزینەوەی یاسای کێشکردنیش کێشکردن هەبووە، بەڵام مرۆڤ یاسای کێشکردنی نەناسی هەتا هەستەکانی بەشێوەیەکی ورد و ئامانجدار نەخستە کار، بۆی دەرکەوت زەوی هێزی کێشکردنی هەیە، هەردەم دووبارە دەبێتەوە، تێگەیشت لەپشت ئەم دووبارەبوونەوە یاسایەك هەیە، دەستی کرد بەسوود وەرگرتن لەم یاسایە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هەمان ئەم یاسایانە هەن، تایبەت بن بە بونیاتنانی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی کارایەکەی و بەدیهێنانی بەختەوەریەکەی؟

ئەگەر تۆش وەك من بەشوێن مرۆڤی کارا و شێوازی بونیاتنان و کاراکردنیدا دەگەڕێیت، پێویستە بزانیت ئەمە پێویستی بەیاسای توند و بەرکار و گەردوونی

هەیە، واتە گشتگیر بێت. بۆ ئەمجۆرە کارانە فەیلەسوفی پاکستانی محەمەد ئیقبال (بەڕحمەت بێت) لە شیعرێکیدا لە وەسفی سوقراتی دانا کە لەنێو خەڵکدا بەشوێن مرۆڤی کارادا دەگەڕێت، لەڕۆژی ڕووناکدا مۆمێك دادەگیرسێنێت، خەڵکی نێو بازاڕ پرسیاری لێ دەکەن: ماموستا بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟

دەڵێیت: بەشوێن مرۆڤدا دەگەڕێم.

وتیان: باشە بۆچی بەم کاتی نیوەڕۆیە مۆمت داگیرساندووە ؟

پێیان دەڵێیت: ئای، وا تێگەیشتم تاریکییە، مۆمەکەی کوژاندەوە و بەردەوام بوو لە گەڕان و هاتوچۆکەی.

وتیان: بازاڕ پڕبەتی لەخەڵك، باشە بۆ زۆر دەگەڕێیت؟

وتی: ئەوانە ئاژەڵن و مرۆڤ نین.

پاشان ئیقبال (بەڕحمەت بێت) ئەم بیرۆکەیە لەشیعرێکیدا ئاوا دادەڕێژێتەوە:

رأيت الشيخ بالمصباح يسعى — له في كل ناحية مجال

يقول مللتُ أنعاماً وبُهماً — وإنساناً أريد فهل ينال

فقلنا ذا محال قد بحثنا — فقال ومنيتي هذا المحال

واتە: پیرەمێردێکم بینی دەگەڕا — بەهەموو کوچە و کۆڵانێکا

دەیووت بێزاربووم لە ئاژەڵ و گیاندار — مرۆڤم دەوێ، ئایا دەستم دەکەوێ

وتمان ئەوە ئەستەمەو گەڕاوین — وتی منیش هیوام ئەو ئەستەمەیە

یاسا گەردوونییەکان بۆ سەرکەوتن و ڕزگاربوون، ئەو یاسایانەن مرۆڤی کارا بونیات دەنێن، یان یاساکانی گۆڕانکارین لەدەروونداا، ئەو یاسایانەن کە بونیاتنانی مرۆڤی کارا و کۆمەڵگای لێهاتوو ئاسان دەکەن.

ئەگەر ئەو یاسایانەمان دۆزییەوە و فێریان بووین ئەوا گۆڕینی ئەوەی لەدەروونداید دەبێتە زانینێك کەدەسەلاتمان بەسەریدا هەیە، بۆ هەرکەس فێری ئەم زانستە بووبێت جێبەجێکردنی ئاسانە، بەمەش گۆڕینی ئەوەی لەدەروونداید دەبێتە کارێکی لەتوانادا بوو بۆ هەرکەس کە ئاشنای ئەم زانستە (یاسایانە) بووبێت.

هەروەك یەکێك لەدیارترین زانایانی موسڵمان (ئیبن تەیمیە) -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- کاتێ باسی بەخششی خوای گەورە دەکات کە ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدا ڕامکردووە بۆ مرۆڤ: (وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ: هەرچی لەئاسمانەکان و زەویدایە، هەر هەموو خوا بۆ ئێوەی رام کردووە، بێگومان لەوانەدا باس کران نیشانەو بەڵگە زۆرن بۆخەڵکی بیربکاتەوە)(الجاثية / ١٣) .

ئیبن تەیمیە دەڵێت: تێگەیشتنی تەواو، ڕامکردن(تسخیر)ی تەواوە، واتە ئەگەر مرۆڤ تێگەیشتنی تەواوی لەبارەی دیاردەیەکەوە بەدەستهێنا، ئەوا ئەو دیاردەیە بۆی موسەخەر دەبێت، ئەم گەردوونەش بۆ تۆ ملکەچە ئەی مرۆڤ، بەڵام بەو مەرجەی بەتەواوەتی تێگەیشتنە، دەتبات بەرەو تەواوەتی موسەخەربوون.

لە خستنەڕووی ئەم یاسایانەدا بەدوو تەوەری سەرەکی ڕاڤەیان دەکەین، ئەوانیش تەوەری تاك و، تەوەری کۆمەڵگا.

لەتەوەری تاکدا نموونەی زۆر لەبارەیەوە لەم پێنج بواره سەرەکییەدا دەخەینە ڕوو:

١. تەندروستی: چۆن سەرپێچیکردنی یاساکان بۆ خۆی نەخۆشییە.

٢. زۆری و سامان: چۆن هەژاری بەرهەمی عەقڵی مرۆڤ و دەستەوسانییەتی لەبیرکردنەوەی یاسای ئەرێنی.

٣. ژیانی سۆزداری: چۆن زۆرێك لەخەڵکی لەژیانیدا نائاندوویەتی بەهۆی ئەوەی نەیزانیوە پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان مرۆڤەکان یاساکان ڕێکی دەخەن و بەرەو سەرکەوتن و دەربازبوونی دەبەن.

٤. ژیانی خێزانی: چەند خێزان وێران بووە نەك لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی کەسی خراپ بوون، بەڵکو بەهۆی ئەوەی هەموو ئەوەی لە ژیانیاندا دروستیان کردووە پێچەوانەی یاسا گەردوونیەکان بووە و بەرەو دووبەرەکی و ناکۆکی بردوون.

٥. زانست: ئەگەر مرۆڤ بیزانیایە بەدەستهێنانی زانست یاسای ڕێکخەری هەیە ئەوا ئەو نەهامەتیانەی لەتەمەنیدا تووشی بووە بۆ خۆی ئاسان دەکردو، وای لێ دەکرد نەفامی لا باشتر بووایە لەو نەهامەتیانە.

بەڵام تەوەری کۆمەڵگا، قسەکردن لەبارەیەوە درێژە دەکێشێت، نموونەش زۆر و گەرمن، بەتایبەت لەسایەی ئەو ڕەوشەی پێیدا تێدەپەڕین لەو شۆڕشانەی زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە و لەگەڵیدا گەلانی گیرۆدە بوون، بەبێ ئەوەی بزانن چۆن بەساغی لێی دەردەچن یاخود تەنانەت بەنیوە ساغیش.

بۆچی دەبێت بەباشی یاسا گەردوونیيەكانی سەركەوتن و دەربازبوون بزانین

بۆ نموونە، بۆچی فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەبین؟ چونکە پێویستمان پێیەتی بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆ و چێژوەرگرتن لە ئاسانی جوڵە لەشوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر، واتە بەکورتی بەدیهێنانی کارابوونی زیاتر لەژیان و وەبەرهێنانی کەرەستە بەردەستەکانمان لەکات و هەوڵ و سامان. کارەکە بەهەمان شێوەیە سەبارەت بەفێربوونی یاسا گەردوونیەکان، ئەوەی هاوکارمانە بۆ وەبەرهێنانی نموونەیی کەرەستە بەردەستەکان، بەڵکو هەر خۆی زانستی وەبەرهێنانی نموونەیی کەرەستە بەردەستەکانە.

وەبەرهێنانی نموونەیی ئەو کەرەستانەی بەردەستن وادەکات بەرهەمەکەمان (مادی/فیکریی/مەعنەوی) باشتر بێت، ئەم وەبەرهێنانە نموونەیە تەنها بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەبێت کە مرۆڤی کارا بونیات دەنێت، کە ئەو بەتەنها لەتوانایدایە وەبەرهێنانی کەرەستە بەردەستەکان باشتر بکات.

بەڵام کەرەستەکانی بەردەستمان چین، کە لەسەر مرۆڤی کارا پێویستە بەباشی بەرهەمی بهێنێت؟

دەتوانین کەرەستە بەردەستەکان بۆ سێ پێڕی سەرەکی دابەش بکەین، ئەوانیش:

١- مرۆڤ: خاوەن توانای بازوویی و فیکرییە.

٢- مادە: هەموو ئەوەی هەیە لەجوڵاو یان جێگیر، دروستکراو یان خام دەگرێتەوە.

٣- کات: بەزۆری توخمی فەرامۆشکراوە لای مرۆڤی ناکارا.

بەڵام ئەگەر سەیری ئەم کەرەستانە بکەینەوە دەبینین کە:

کات بۆخۆی کەرەستەیەکی نا سەربەخۆیە، بەتەنهاو لەخۆوە کار ناکات، بەڵکو ملکەچە بۆ ویستی مرۆڤ و زانیارییەکانی و توانای لەسەر پلاندانان و ڕێکخستن، واتە شوێنکەوتەیە و سەربەخۆ نییە کێشەکەی، ئەگەر کێشەی هەبێت، ئەوا لە مرۆڤدایە نەك لەخودی کاتدا، چونکە باش وەبەرهێنانی کات بەبوونی مرۆڤی کارا دەبێت، کە شارەزای یاساکانی وەبەرهێنانی کاتە.

توخمی مادەش بەهەمان شێوە، بۆ خۆی سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئەویش شوێنکەوتەی مرۆڤی کارا یان ناکارایە، باش وەبەرهێنانی مادە بەپێی جۆری مرۆڤەکەیە، کە شارەزای یاساکانی وەبەرهێنانی مادەیە یان بێئاگایە لێیان.

بەڵام ئەو توخمەی ماوەتەوە کە مرۆڤە، ئەمەیان توخمی سەرەکی و بنەڕەتییە لەپرۆسەی باش وەبەرهێنانی کەرەستەکاندا، چونکە مرۆڤ دوو جۆر کار پێشکەش دەکات:

١. کاری بازوویی، کە لە کەمبوونەوەدایە، بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاوە.

٢. کاری فیکریی مێشکی (داهێنانی بیرۆکەی نوێ) کە لەئێستادا باوە، بەزۆریش پشت بە عەقڵە لێوەشاوەکان دەبەسترێت، بۆ بەدیهێنانی زیاتری دەرفەتی مادی و ڕۆحی و ڕۆشنبیریی، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لەسەر پێشکەوتن، یان بەداخەوە بێ بەها بوون و داڕمان.

باش وەبەرهێنانی ئەو سەرچاوانەی بەردەست کە پێشتر باسمان کردن، کە هەموو کۆمەڵگایەك هەیانە و هەموو تاکێك (وەك دواتر ڕوونی دەکەینەوە) هەیانە، پێویستی بەیاساکان هەیە، پێویستی بە زانیاری هەیە، ئەمەش خۆی زانستی گۆڕینی ئەوەیە کە لەدەروونەکاندایە، واتە زانستی گۆڕینی ڕێگاکانی بیرکردنەوە، واتە گۆڕینی عەقڵ و مێشکی باو، کە زۆر زۆر لەکێشەکانی ئێستای بۆ دروست کردووین و بەهەمان دەروونی باوەوە ناتوانین چارەسەریان بکەین.

لەبەر ئەوە ئامانجی هەرە بەرزی فێربونی ئەو یاسایانەی ژیانی مرۆڤی تاك و مرۆڤی کۆمەڵ ڕێك دەخات بریتییە لە بەدیهێنانی بەختەوەریی بۆ ئەو مرۆڤە لەدونیا و قیامەتدا، ئەمەش لەڕێی باش وەبەرهێنانی ئەو سەرچاوانەیە کەلەبەردەستی مرۆڤدا هەن، گرنگترین سەرچاوەش مرۆڤ خۆیەتی، بەهۆی توانای بیرکردنەوە و داهێنانی بیرۆکەی نوێ، کە سەرچاوەکانی دیکە لەنێو پلانێکی بەرنامەبۆدارێژراوی ڕووندا دەڕوات بەڕێوە.

کاتێ مرۆڤ هەست بەئازار دەکات، ئەوا سەرپێچی یاسایەکی کردووە، لەبەر ئەوە لەسەری پێویستە لێکۆڵینەوە لەو زانستە بکات، تا لەو ئازارە ڕزگاری ببێت و چێژ بەواتا فراوانەکەی دونیایی و قیامەتیی بەدەست بهێنێت. چونکە یاساکان هەموویان لەسروشتدا هەن و لەقورئانی پیرۆزیشدا هەن، بەڵام بۆچی قورئان نابێتە ڕەفتار لای هەندێك کەس؟

وەڵامەکەی بەوپەڕی سادەییەوە ئەوەیە مرۆڤ قورئانی بە شێوەیەکی یاسایی نەخوێندووەتەوە، ئەوە نموونەیەکە لەسەر خوێندنەوەی یاسایی:

یاسای رزگاربوون لە ناڕەحەتیی (الشقاء):

لە سەرەتای سورەتی (طه)دا خوای گەورە دەفەرموێت: (طه * ما أنزلنا عليك القرآن لتشقى: ئەی پێغەمبەر! ئەم قورئانەمان بۆ نەناردویت تا ئەوەندە خۆت ماندوو و شەکەت بکەیت)، ئایەتەکە باسی سێ پێکهێنەرەکە دەکات، ئەوانیش: (طه) مرۆڤ، قورئان، ناڕەحەتیی (الشقاء).

ئایەتەکە باسی ئەوە دەکات پێویستە (طه) بە ناڕەحەتی نەژی ئەگەر ئاشنای قورئان بێت و لێی تێبگا، پێچەوانەی ئەمەش ئەنجامی پێچەوانە دەبێت، (طه) ناڕەحەت دەبێت ئەگەر لەقورئان دوور کەوتەوە، ئەمە یاسای ناڕەحەتبوونە، بۆ دەربازبوون لێی دەبێت ئاگاداری فەرمانەکانی خوای گەورە بین کە لە قورئاندان و جێبەجێیان بکەین، بەوەش ناڕەحەتییەکان نامێنن، ئەگەر لانەچوون ئەمە واتای ئەوەیە مرۆڤەکە بەباشی لەفەرمانەکانی خوای گەورە تێنەگەیشتووە، یان جێبەجێی نەکردووە. ڕاستی گوتووە ئەو کەسەی گوتوویەتی: ئەگەر گۆڕینی ئەوەی لەدەروونەکاندایە بووە زانست، ئەوا هەستانەوە دەست پێدەکات.

توانا مرۆییە زانراو و پەنهانەكان:

با ئەم ڕاهێنانە جێبەجێ بكەین:

دەستت بەرەو پێشەوە درێژ بكە، وا خەیاڵ بكە یەكپارچە پۆڵایە و هیچ جومگەیەكی تێدا نییە، لە لەپی دەستەوە تا شانت یەك پارچەیە، ئەوەی لەسەر تۆیە تەنها ئەوەیە وا بیر بكەیتەوە، با یەكێك لە هاوڕێكانت بێت و هەوڵ بدات بیچەمێنێتەوە، لەسەر تۆ پێویست نییە بەرگری بكەیت، تەنها هێندەت بەسە وا بیر بكەیتەوە دەستەكانت یەكپارچە پۆڵای بێ جومگەیە.

هاوڕێكەت هەرچەند هەوڵ بدات ناتوانێ سەركەوتوو بێت لەچەمانەوەیدا، ئەگەر ڕاهێنانەكەت گۆڕی و ڕێگەت پێدا بیچەمێنێتەوە و تۆش بەرگریت كرد، ئەوا ئەگەر لەتۆ بەهێزتر بێت دەیچەمێنێتەوە، لەحاڵەتی یەكەمدا (تۆ لەحاڵەتی خەیاڵكردندا بوویت) ناتوانێت بیچە مێنێتەوە ئەگەر بەهێزتریش بێت.

لەم ڕاهێنانەدا چی ڕوویدا؟

ئەوەی ڕویدا ئەوەیە تۆ دەتوانیت بە هەوڵێكی كەم كارێكی زۆر بكەیت، ئەگەر پەنا بۆ توانا ناوەكییە متبووەكانت ببەیت كە ئاشنایان نیت (یاسای هەوڵی كەمتر)، كە لێرەدا هێزی بیركردنەوە و خەیاڵكردنە، بۆ كارا كردنی ئەو هێزە وا پێویست دەكات وزەكەت بەكار بهێنیت نەك هێزت، كە جیاوازی هەیە لەنێوان وزە و هێزدا، لە شوێنی گونجاوی خۆیدا لەمبارەیەوە قسەی ترمان دەبێت.

توانا مرۆییەكان دوو جۆرن:

١. جۆرێكی زانراو (وەبەرهێنراو و، وەبەرنەهێنراو/ لەكارخراو).

٢. جۆرێكی پەنهان، لەناوەوەتدا هەیە، بەڵام هیچی لەبارەوە نازانیت، واتە لەكار خراوە.

مەبەستمان لەم کتێبە ئەوەیە توانا زانراوە لەکارخراوەکان بگۆڕین بۆ وەبەرهێنراو، توانا پەنهانەکانیش بگۆڕین بۆ زانراوی وەبەرهێنراو، ئەمەش بەشێکە لەو ئەرکەی خوای گەورە لەسەر مرۆڤی پێویست کردووە.

هەروەك لەم ئایەتەدا دەفەرموویت: (ثُمَّ سَوَّاهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِنْ رُوحِهِ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلًا مَا تَشْكُرُونَ: لە پاشا بەژن و بالای ڕێك و پێككرد و، لە ڕۆحی خۆی گیانی کرد بەبەریا، وە گوێ و چاوو دڵی بۆدانان، کەچی زۆر کەمتان سوپاسگوزاری دەکەن)(السجدة: ٩)، لەئایەتێکی دیکەشدا دەفەرموویت: (وَاللَّهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْئًا وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصارَ وَالْأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ: خوا ئێوەی لەپزدانی دایکتانا وەدەرهێنا، کەچی ئەوکاتە هیچ شتێکتان نەدەزانی، وە گوێ و چاوو دڵی پێدان، بەشکو شوکرانە بژێری بن)(النحل : ٧٨).

لە نموونەی توانا پەنهانەکان: یەکێك لە زانایان لەنێو تیمێکی گەڕاندا لە دارستانەکانی ئەفریقیا کاری دەکرد، لەکاتی چاودێریکردنی بوونەوەرێکی وردا، لەکاتێکدا تێبینییەکانی دەنووسیەوە، خۆی لەیاد کرد و دووركەوتەوە لە تیمەکەی، کە کاری لەگەڵ دەکردن، پاشان لەنزیکەوە گوێی لەدەنگی گیاندارێکی درندە بوو دەیویست بیخوات، بەخێرایەکی زۆر ڕایکرد و بازیدایە سەر درەختێکی بەرز، کە کەس پێشتر بەسەری نەکەوتووە (ئەمە واتای ئەوەیە کە لە چوارچێوەی توانا پەنهانەکانیدا کاری کردووە کە لەچرکەساتە ناوازەکاندا دەردەکەوێت).

نموونەیەکی تر: یەکێك لە ڕاهێنەران ویستی توانای تیمەکەی لە مەلەکردندا گەشە پێبدات، هات لەپشت هەر مەلەوانێکی ڕاهێنراوەوە دوای دابەزینی بۆ

ناو ئاوەکە، تیمساحێکی ڕاستەقینەی دانا، تا هانیان بدات لەسەر گەشەپێدانی تواناکانیان بەهۆی پاڵنەری ترس و ناچارییەوە، ئەم ڕاهێنانە بووە هۆی باشبوونی توانای تیمەکە بەڕادەیەکی زۆرباش، بەجۆرێك هەر مەلەوانێکیان بە توانایەکی بەرزی نائاسایی کاری دەکرد، لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ئەمەدا ئەو توانایە دەبێتە توانایەکی سروشتی لەسەر ڕاهاتوو.

ئەبو حامیدی غەزالی (بەڕەحمەت بێت) دەڵێت: (هەموو مرۆڤێك لەگەڵ لەدایکبوون توانای هەیە، پەروەردە وای لێدەکات بەکردار توانای هەبێت)، هەموو مرۆڤێك بە لەدایکبوون توانای مەلەوانی هەیە، بەڵام نابێتە مەلەوان تا ڕاهێنان نەکات، هەر مرۆڤێك بەلەدایکبوون توانای قسەکردنی هەیە، بەڵام قسە ناکات تا لەژینگەی دەوروبەری گوێبیستی زمانەکە نەبێت، هەموو تواناکانی مرۆڤ شاراوەیە، ژینگە وای لێدەکات ببێتە کردار.

چیرۆکی دیواری پادشا

دەگێڕنەوە لە یەکێك لەشانشینە دەوڵەمەندەکاندا، پاشاکەیان فەرمانی دروستکردنی کۆشکێکی نوێی دەرکرد، داوای کرد ئەو کۆشکە نوێیە هەموو نیشانەکانی هونەر و جوانیی لە بیناسازی و زەخرەفە و هۆڵی پێشوازیی دڵڕفێن و باخچەی جوان و شوێنێکی فراوانی کراوەی تێدا بێت، بۆ ئەوەی لە کۆتایی تەمەنیدا دڵخۆشی بکات.

هەرکە بونیاتنانی کۆشکەکە و ڕازاندنەوەی و ڕاخستنی تەواو بوو، پاشا چوویە ژوورەوە تا سەیری بکات، هەموو شوێنێکی زۆر بەدڵ بوو، بەهۆی هەمەجۆریی ڕەنگەکان و شێوەکان و جوانییە دڵڕفێنەکەی.

بەڵام لەناو کۆشکەکەدا دیوارێکی پانی بەرزی بینی، تەنها بە یەك ڕەنگی جوان ڕەنگ کرابوو، هیچ ڕازاندنەوەو نەخش و نیگار و جوانییەی لەسەر نەبوو، بەهۆی گەورەیی ڕووبەرەکەیەوە پاشا وەك نەنگییەکی گەورە هاتە پێش چاوی، وەك خاڵێکی ڕەش لەسەر پۆشاکێکی سپی. پاشا بەهۆی ئەو بۆشاییەوە هەستی بەنارەحەتی کرد، چونکە ئەو خۆشییەی پچڕاند، کە لە سەرنجدانەکەی و گەڕان بەناو ئەو نیشانە هونەرییە بیناسازییە هەستی پێدەکرد.

هاواری کرد بەسەر گەورە وەستای کۆشکدا: ئەو ناتەواویەت وایکردووە کۆشکەکە هەموو جوانی و سەرنجڕاکێشانی لەدەست بدات، هەرگیز ئەمەت لێ قبوڵ ناکەم.

گەورە وەستای کۆشك سەری لەو کارەی پاشا سوڕماو، وتی: ئەی پاشای بەڕێز فەرمانتان بەچییە؟

پادشا لەکاردانەوەکەی وەستای گەورەی کۆشك ناڕەحەت بوو، پێی وت: چارەسەرێکم بۆ بدۆزەرەوە ڕازیم بکات، ئەگەرنا هەموو کۆشکەکەت بەسەردا وێران دەکەم.

یەکێك لە ڕاوێژکارە داناکان هاتە ناو بابەتەکەوە و وتی: پاشای بەڕێز! ڕاتان چییە تابلۆیەکی دیواریی گەورەی لەسەر بنەخشێنین، لەجوانی و سەرنجڕاکێشیدا ببێتە یەکێك لە سەرسوڕهێنەرەکانی دونیا.

پاشا ئەو بیرۆکەیەی بەدڵ بوو، وتی: باشە، دەستبەجێ دەستبەکار بن و ئەو تابلۆیە بنەخشێنن، با تاقانەی سەردەمەکەی بێت لەهەموو جیهاندا.

ڕاوێژکار هەموو شارەزایانی هونەری کۆکردەوە، لەبارەی تابلۆکە و بابەتەکەیی و جۆری هونەرەکەیی و چۆنیەتی جێبەجێکردنییەوە ڕاوێژی پێکردن، هەمووان

بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، هەریەکەیان دەیویست سەلیقە و حەز و ئارەزوو و عەقڵی خۆی چی پێخۆشە تابلۆکە بەوجۆرە بێت، هەیانبوو دەیویست بەدەستی هونەرمەندە مەزنەکانی ڕۆژهـەڵات بنەخشێنرێت، هەشیانبوو دەیویست بەدەستی هونەرمەندە داهێنەرەکانی ڕۆژئاوا بنەخشێنرێت.

ناکۆکی نێوان پسپۆڕان و شارەزایان گەورە بوو، ڕاوێژکار کارەکەی بردە لای پادشا، ئەویش وتی: باشە پەردەیەك لەناوەڕاستدا دابنرێت، دیوارەکە بکات بەدوو بەشەوە، بەجۆرێك هیچ بەشێکیان بەشەکەی تر نەبینێت، هونەرمەندانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا بهێنن، هەریەکەیان لەبەشەکەی خۆیدا تابلۆی خۆی بنەخشێنێت، با هەریەکەیان توانای هونەری خۆیمان نیشان بدات، تا بزانین کامیان باشترن.

هونەرمەندانی ڕۆژهـەڵاتیان هێنا لەبەشی ڕاستی دیوارەکـەوە دەستیان بەنەخشاندنی تابلۆی خۆیان کرد، هونەرمەندانی ڕۆژئـاواش لەلای چەپەوە دەستیان بەوێنە کیشان کرد، هەڵبژاردنی بابەتی تابلۆکە بۆ خۆیان لێگەڕان، تا بەراورد لەنێوان هونەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکرێت، تا بزانرێت کامیان جوانترە؟

پاش چەند ڕۆژێك لە دەستپێکردنی کارەکە، پادشا بە بێدەنگی چوو بۆ بەسەرکردنەوە، ئەوەی بینی جێی سەرسوڕمانی بوو، هونەرمەندانی ڕۆژئاوا وێنەیان دەکێشا و ڕەنگیان دەکـرد، هونەرمەندانی ڕۆژهـەڵات دیوارەکەیان بریقەدار دەکرد، تەنها بریقەداریان دەکرد.

چەند ڕۆژێکی تر تێپەڕی، پادشا سەردانی کاری تابلۆکەی کردەوە، هەمان ئەوشتەی جاری یەکەم جێی سەسوڕمانی بوو بینییەوە، هونەرمەندانی ڕۆژئاوا سەرقاڵی وێنەکێشان و ڕەنگکردنن، هونەرمەندانی ڕۆژهـەڵات دیوارەکەیان

بریقەدار دەکرد، تەنها بریقەداریان دەکرد.

ماوەی پێدراوی هەریەکەیان تەواو بوو، پادشا هات تا بەبینینی ئەو هونەر و داهێنانەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە هێناویەتی، چاوەکانی بگەشێتەوە، تا تابلۆیەکی بۆ بنەخشێنرێت کەلەهەموو جیهاندا نموونەی نەبێت.

پادشا بە شیوەیەکی سامناك و سەنگین ڕاوەستا، فەرمانیکرد پەردەی نێوان هەردوولای دیوارەکە لاببرێت، ئەو پەردەیەی هەردوو بەشەکەی دیوارەکەی لەیەك جیا کردبووەوە و هەریەك لەتیمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا نەیاندەزانی لایەکی تر خەریکی چییە.

پەردەکە لادرا، تابلۆکە یەکپارچە بەتەواوەتی دەرکەوت، پادشا سەری سوڕما، هونەرمەندانی ڕۆژئاوا تابلۆیەکی جوانی داهێنەرانەی ڕەنگاوڕەنگی وردی سەرنجڕاکێشیان نەخشاندووە، بەڵام هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات دیوارەکەیان پرشنگدار کردووە، تەنها پرشنگداریان کردووە.

دیوارەکە بەجوانی و سەرنجڕاکێشیەکەی جێی سەرسوڕمان بوو، وەك ئاوێنەیەکی سەرسامکەر بە ڕۆشنایی و ئەو وێنەیەی دەیدایەوە.

بەڵام کوا تابلۆکە؟ پادشا بەسەرسوڕمانەوە سەیری ڕاوێژکاری کرد.

ڕاوێژکار زەردەخەنەیەکی کرد، ئاماژەیەکی بۆ پادشا کرد و وتی ئێستا سەیر بکە.

پادشا سەیری دیوارەکەی کرد کەوەك ئاوێنە دەبریسکایەوە، بینی تابلۆکەی هونەرمەندانی ڕۆژئاوا بەجۆرێك لەسەری دەرکەوتووە، بەجۆرێکی وا لێهاتووانە و ڕۆشن نەخشانەوە وەك ئەوەی هەر ڕاستیەکە بێت.

ڕاوێژکار: ئەی مرۆڤی پایەدار، هەرکاتێ دیواری دڵ و عەقڵت پرشنگدار کرد، ئەوا هەموو حەقیقەت و جوانیەکانی لەسەر دەردەکەوێت.

چیرۆکەکە تەواو بوو.

ئەی مرۆڤ، ئەمە یەکێکە لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مەعریفە، ئەمە یەکێکە لەتوانا شاراوەکانت بۆ فێربوون، تۆ تەنها بە عەقڵت فێر دەبیت، نازانیت کە دەتوانیت بە ڕۆحت فێر ببیت، بەمجۆرە تۆ بە بێگەردیی دڵت و ڕۆشنایی ڕۆحت، وەرگرتنت باشتر دەبێت، بەمجۆرە تۆ بە بێگەردی دڵ و ڕۆشنایی ڕۆحت، بە دانایی و مەعریفە دەبیتە کەسێکی قوڵی جوان.

خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی یاسا گەردوونییەکان

یاسا گەردوونیەکانی ڕێکخەری ڕەفتاری مرۆڤ و، دروستکەری کارایەکەی، کە هاوکارێتی بۆ گۆڕانکاری لەخۆیدا، خەسڵەت و تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە، کە لە یاساکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، وەك یاسا دانراوەکان بەنموونە، لە گرنگترین ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە:

١. بێلایەنی: لایەنداری نییە بۆ کەس، ئەگەر منداڵێکی بچوك لەبەرزاییەك بە هەڵە کەوتە خوارەوە، ئەوا ئازاری پێدەگات، کەس ناتوانێت بڵێت ئەو منداڵە بچوکە و هیچ گوناهێکی نییە، بۆچی؟ چونکە یاسای ڕاکێشان بێلایەنە و هاوسۆزی لەگەڵ کەس دژی کەس نازانێت، بەهەمان شێوە یاسا گەردوونیەکانیش کە ژیانی مرۆڤ بەڕێوە دەبات بێلایەنە و لایەنداری کەس ناکات، دەرئەنجامەکەشی هەر ڕوودەدات و کۆتایی نایەت تا مرۆڤ ئەو سەرپێچیەی کردوویەتی چاکی دەکاتەوە، ئیدی ڕەگەزی ئەو مرۆڤە یاخود ئایینی یان نیشتمانی هەرچیەك بێت جیاوازی نییە.

٢. گشتگیریی: بەهۆی ئەوەی گەردوونییە، ئەوا لە هەموو شتێکدا هەیە کە بوونی هەبێت، لەهەموو شوێنێکیش هەیە، ئەمەش جیای دەکاتەوە لەیاسا دانراوەکان، کە مرۆڤ دایان دەنێت و تایبەتە بەگەلێکی دیاریکراو لەگەلان یاخود وواڵاتێك لەووڵاتەکان وگەلێك یان وڵاتێکی تر پابەند ناکات، بەڵام یاسا گەردوونییەکان لەسروشت و کۆمەڵبوونی مرۆییدا فەرمانڕەوایە بەسەر هەموو بوونەوەرە مرۆییەکاندا ئیتر هەرچەندە شوینی

ژیانیان و ڕەگەزنامە و ئایین و بنەچەیان جیاواز بێت.

٣. چەسپاوە: ناتوانرێت کارەکانی ڕابگیرێت، بەڵام دەکرێت یاسایەکی تری بەسەردا زاڵ بکرێت، ئەمە بەو واتایەیە کە ناتوانرێت یاسای کێشکردن هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام دەتوانرێت بەیاسایەکی تر کاریگەریەکەی سوک بکرێت، وەک یاسای پاڵنانی گازەکان کە وا دەکات ئەوانەی (بۆ نموونە) بەباڵۆن بەرز بوونەتەوە بەسەلامەتی دابەزن بۆ سەر زەوی بەبێ ئەوەی ڕاکێشان هەڵبوەشێتەوە، بەڵکو بەکەمکردنەوەی کاریگەریەکەی بەهۆی یاسایەکی دیکەوە، یاسا مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانیش بەهەمان شێوەن، وەک ئەوەی دواتر لەشوێنی گونجاوی خۆیدا لێی دەدوێین.

٤. حەتمییە: هەرکەس سەرپێچی یاسایەکی کرد، حەتمەن سزاکەی دەکەوێتە سەری، بەشێوەیەکی ئاسایی و بەدەر لە موجامەلە، مەگەر بەر لەتێپەڕبوونی کات و چەسپاندنی سەرپێچییەکە فریا بکەویت، ئەمە شیکردنەوەی زۆر هەڵدەگرێت و دواتر لێی دەدوێین.

چیرۆک:

یەکێک لە مامۆستا داناکان گەیشت بەکەسێک کە بەدڵخۆشی و گەشبینیەوە دەڕۆیشت، هەنگاوەکانی فراوان و جوڵەی چالاکانە بوو، نیشانەکانی بەهێزی بەڕوونی پێیەوە دیار بوو. مامۆستاکە بەسەرسوڕمانەوە ڕایگرت، ئەو دەیزانی ئەم کەسە چەندین ساڵە دڵتەنگ و غەمگین و ڕەشبین و بێزارە، هەردەم سەرزەنشتی کەسانی تری دەکرد، ئومێدەوار بوو پاش ماندوبوونێکی زۆر لەیاساکان تێگەیشتبێت، بەمجۆرە لەگەڵی دوا:

مامۆستا: پێمبڵێ چی وا تۆی گۆڕیوە؟

پیاوەکە: سوپاس بۆ خوا هەموو گیروگرفتەکانی خۆم بەیەکجار چارەسەر کرد.

مامۆستا: چۆن؟!

پیاوەکە: ژنەکەمم تەڵاقدا و خانووەکەم فرۆشت و وازم لەکارەکەم هێنا و من ئێستا ئەم شارە بەجێ دەهێڵم و بەرەو شارێکی تر دەڕۆم، لەوێ ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەم، کارێکی نوێ دەکەم و ژنێکی دیکەی باش دەهێنم.

مامۆستا بە غەمباری و هێواشی دەڵێت: ئەم بەستەزمانە شێوەی بیرکردنەوەکەی لەگەڵ خۆی دەبات، هەمان ئەوەی دەستدەکەوێت، کە پێشتر دەستی کەوتووە.

جیاوازی نێوان سەرکەوتن و ڕزگاربوون:

ئەوەی عاقڵمەندان هاودەنگن لەسەری ئەوەیە: «کاتێ باشترین لەتوانادا بێت، ئەوا باش قبوڵکراو نییە»، سەبارەت بە سەرکەوتن و ڕزگاربوونیش کارەکە بەهەمان شێوەیە، ئەگەر هەوڵماندا بۆ ڕزگاربوون و تێگەیشتین لە یاساکانی، ئەوا تەنها بەسەرکەوتن ڕازی نابین، چونکە سەرکەوتن بەزۆری خودیە، بۆ تاکە یەك کەسە یان بۆ دەستەیەکی کەمی خەڵکە، بەڵام ڕزگاربوون بەکۆمەڵە، گشتگیرە. چونکە ڕزگار بوو نابێتە ڕزگاربوو ئەگەر یارمەتی کەسێکی تری (هەر کەسێك بێت) نەدابێت تا ئەویش ڕزگاری بێت.

سەرکەوتن زۆر بەکەمی هەمیشەیی دەبێت، بەڵام ڕزگاربوون(فلاح) لە (الفلاحة= جوتیارێتی)ەوە هاتووە، ئەو ڕەگانەی بە ناخی زەویدا چوون، چەسپاندویەتی و بەرەو قووڵی بردووە، پاشان لەسەر زەوی بە ڕاگیراوی و چەسپاوی و پڕگەڵا و بەسوود بۆ هەمووان بەرهەمی هێناوە.

لەقورئانی پیرۆزدا بەکارهێنانی زۆر هەیە بۆ چەمکی ڕزگاربوون، لەکاتێکدا یەك ووشە لەبارەی سەرکەوتنەوە نابینین، ڕزگاربوون تێگەیشتنێکی قورئانیی پەروەردگاریی جیایە، بەڵام ئەوەی لەناو خەڵکیدا بڵاوە تەنها سەرکەوتنە.

لەکێبرکێی نێوان خەڵك و ئەوانەی پێکەوەن هەر تاکێك هەوڵی سەرکەوتن دەدات، بەمەش هەرکەس هەوڵدەدات پێش بکەوێت و ڕێگا نادات کەس پێشی بکەوێت، بەڵکو لەوانەیە ڕێگە بەکەسیش نەدات لەکۆتاییدا سەربکەوێت، بەڵام لە ڕزگاربووندا، ڕزگاربوو نابێتە ڕزگاربوو ئەگەر یارمەتی کەسی تری نەدابێت بۆ ڕزگاربوون، کێبرکێ لە ڕزگاربووندا لەبەخشیندایە نەك لە وەرگرتن. (..... وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ: بالەوەدا پێش دەستی و کێبەرکێ بکەن) (المطففين: ٢٦).

ستیڤن کوفی لەکتیبەکەیدا «نەریتی هەشتەم» دەڵێت: پاش چەندین ساڵ لەدانانی کتێبی حەوت نەریتەکە بۆ کەسانی زیاتر کارا، بینیم هەندێك لەوانەی سەرکەوتوون کاتێ لێکۆڵینەوەم لەسەر ژیانیان کرد، هەندێکیان زۆر لەوانی تر پێشکەوتووترە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر، ویستم بزانم چۆن سەرکەوتوو بوون بەسەر کەسە سەرکەوتووەکاندا؟

دەڵێت: نهێنیەکەم دۆزیەوە، ئەوانەی زیاتر کارا و سەرکەوتوو بوون ئەو کەسانە بوون کە یارمەتی کەسانی تریان دابوو بۆ سەرکەوتن و بەدەستهێنانی کارابوون،

ئەمە نهێنی سەرکەوتنی هەڵاوێردیان بوو، ئەم نهێنیەی ناوناوە نەریتی هەشتەم.

لەڕاستیدا نەریتی هەشتەم لای ئەو تەنها ئاکاری بەخشینە لەپێناوی خوا: (مَثَلُ الَّذينَ يُنْفقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّه كَمَثَلِ حَبَّة أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَة مائَةُ حَبَّة وَاللَّهُ يُضَاعفُ لمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسعٌ عَليمٌ (*) الَّذينَ يُنْفقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّه ثُمَّ لَا يُتْبعُونَ مَا أَنْفَقُوا مَنًّا وَلَا أَذًى لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ: نمونەی ئەو کەسانەی کە دارایی خۆیان لە ڕێگەی خوادا دەبەخشن، هەروەکو دانە تۆمێکە کەحەوت گوڵ دەردەکا، هەر گوڵەی سەد دانەی تێدا بێ، هەرکەسیش خوا خۆی بیەوێ چەند بەرامبەر پاداش دەدا، چونکە خوا بەخششی یەکجار فراوانە، ئەو کەسانەی کە سامانی خۆیان لە پێناوی خوادا دەبەخشن، پاشانیش هیچ جۆرە منەتێ ناکەن و بەچاویاندا نایدەنەوەو دڵی کەس ناشکێنن، پاداشیان لای پەروەردگاریان بەرچاو گیراوە، نەهیچ ترسێکیان بۆ ئەبێ لە رۆژی قیامەتداو نە خەفەتبارو زویریش ئەبن) (البقرة: ٢٦١ -٢٦٢).

« یەکێك لەبناغەکانی ڕزگاربوون ئەوەیە یارمەتی کەسانی تر بدەیت بۆ ڕزگاربوون»

یاسای بنەڕەتی یەکەم
یاسای لەرینەوەکان
یاخود یاسای گەڕانەوە (الارتداد)

دروشمی ئەم یاسایە:
ئەوەی لێت دەربچێت بەچەند قات بۆت دەگەڕێتەوە.

زانایانی فیزیای هاوچەرخ و ئەوەی ناونراوە فیزیای کوانتەم (Quantum Physics) لە وردەکارییەکانی گەردیلە و بونیاتەکەی دەکۆڵنەوە، گەیشتوونەتە ناوکەکەیی و چونەتە ناوی، دۆزینەوەکە سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام ئەوەی ناومان ناوە بۆشایی لەڕاستیدا بۆشایی نییە، ئەو ڕووبەرەی هەیە و ناوبڕە لەنێوان هەر دوو شتێکدا, شتێکی تێدایە، کە ئەویش وزەیەکی لەرەدار و شەپۆلدارە.

ئەوەی زانایانی سەرسام کرد لەکاتی لێکۆڵینەوە لەمادە ئەوە بوو کە زیاتر لە ٩٠٪ی بۆشاییەکی مەجازییە, کە ئەوە بۆشایی نییە، بەڵکو وزەیەکی لەرەدارە، هەروەها لەڕێی تەلیسکۆبەکانەوە دەرکەوت کە زیاتر لە ٩٠٪ فەزا (بۆشایی گەردوون) بریتییە لەو بۆشاییە مەجازییە, کە ئەویش بۆشایی نییە، بەڵکو پڕە لە وزەی شەپۆلدار و لەرەدار.

زانایان گەیشتنە ئەنجامێکی دڵنیا کە ئەوەی ئەمڕۆ ناومان ناوە «بۆشایی» لەڕاستیدا بۆشایی نییە، بەڵکو شتێکی تێدایە، ئەو شتە نامۆیەش (ووزەیە) و لەرەلەری هەیە، ئەو لەرەلەرانەش کاریگەریان هەیە لەسەرمان، ئیدی ئەو

کاریگەرییە هەستی پێ بکەین یاخود هەستی پێنەکەین، لەم دواییانەدا زانایان بۆیان دەرکەوت کە جەستەی مرۆڤیش هەندێك شەپۆل (موجات) دەردەکات، ئەمەش لەڕێی ئەو ئامێرەی وێنەی ئاماژە دەکێشێت (ئامێری هێڵکاری مێشك و ئامێری هێڵکاریی دڵ)، مێشك و دڵ شەپۆلەکان دەنێرن، لەڕێی ئەم شەپۆلانەوە پسپۆڕان دەزانن باری تەندروستی ساغ و تەندروستە یان نا.

یاسای لەرینەوەکان دەڵێت: هەموو شتێك لەم گەردوونەدا لەرینەوەی هەیە، هەموو مادەیەك لەرینەوەی هەیە و هەریەکەیان لەرینەوەکەی جیاوازە لەوی تر و جیای دەکاتەوە لێی، ئەم لەرینەوانەش بە جۆڵەیەکی بازنەیی خولاوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو خاڵەی لێیەوە دەرچوون، زانایان لەڕێی هەندێك ئامێری پێوانەوە جۆری مادەکە بەپێوانی شەپۆلەکان و لەرینەوەکانی دەزانن، ئەگەر مادەیەکمان خستە ژێر تاقیکردنەوە، ئەوا ئامێری پێوانەی لەرینەوەکان وەڵامێکمان لەبارەی جۆری ئەو مادەوە پێدەدات، ئایا ئاسنە یان مسە یان هەر شتێکی تر...

زانستی فیزیا پێمان دەڵێت: هەموو شتێکی هەبوو لە حاڵەتی گریمانەیی (احتمالی)دایە، بیرۆکەکانی مرۆڤ کاریگەری لەسەر ئەو حاڵەتە گریمانەییە هەیە و دەیگۆڕێت. چونکە بیرۆکەکانی مرۆڤ لەرینەوە دەردەکەن و کاریگەریان لەسەر ڕەوشی ئەو کەسە دروست دەکەن کە بیری لێدەکاتەوە و ئاراستەکەی لە گریمانێکەوە دەگۆڕێت بۆ گریمانێکی تر. لەوانەیە ئەمە گرنگترین دۆزینەوەی مرۆڤ بێت لەسەردەمی هاوچەرخدا، چونکە ئەنجامەکەی ئەوەیە مرۆڤ لەڕێی شێوازی بیرکردنەوەیەوە بەشداری دەکات لەدروستکردنی واقیعەکەیدا. پرسیارەکە لە ئێستادا ئەوەیە: ئەگەر ئێمەی مرۆڤ ئەم لەرینەوانەمان هەبێت کە لەڕێی دڵ و مێشك و تەواوی جەستەوە دەردەچن ئایا دەتوانین جۆری مرۆڤەکە

یان حاڵەتەکەی لەڕێی لەرینەوەکانی و پێوانی شەپۆلەکانیەوە بزانین؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زانای ئەمریکی «دیڤید هاوکینز»[1] هەستا بەئەنجامدانی چەند تاقیکردنەوەیەکی بەردەوام کە زیاتر لە سی ساڵی خایاند، لەسەر هەزاران حاڵەتی مرۆیی جێبەجێی کرد، پرسیارێکی گرنگی کرد: هۆکاری نەخۆشی جەستەیی یان دەروونی چییە؟ ئایا چارەسەرکردن بەپێی ڕێبازی ڕۆژئاوا ڕاستە و توانای چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی هەیە یاخود نا؟

«هاوکینز» لەڕێی توێژینەوەکانیەوە بۆی دەرکەوت هەموو نەخۆشێکی دەروونی لەرینەوەی زۆر نزمی هەیە، هەموو ئەوانەشی لەڕووی دەروونییەوە ساغن لەرینەوەی ئەرێنی بەرز و بەهێزیان هەیە، بۆ ئەمەش هەموو ئامێرەکانی پێوانەکردنی لەرینەوەی لای مرۆڤ بەکارهێنا، وەك ئامێری هێڵکاری دڵ و مێشك و زرینگەی موگناتیسی.

لەمیانی ئەوەی ئەم زانایە پێی هەستا، ئەوەبوو مرۆڤێکی غەمباری بێ ئومێدی هێنا و خستیە ژێر ئامێری پێوانەکردنی لەرینەوەکان و کێشانی وێنەی ئاماژەکان، بینی لەرینەوەکانی زۆر زۆر نزمن. پاش ئەوە مرۆڤێکی تری هێنا کەیف خۆش و بەختەوەر، بەزۆری پێدەکەنی و هەردەم خەریکی هەندێ یاری بوو، سەیری کرد لەرینەوەکانی زۆر بەرز و باشن.

دواتر کەسانێکی نەخۆشی هێنا، بینی لەرینەوەکانیان زۆر نزمەو هاوتایە لەگەڵ تۆندی نەخۆشیەکەیان و حاڵەتی دەروونییان، پاشتر کەسانێکی لەش ساغ

---

(١) دیڤید هاوکینز: (٢٨ فبرایر ١٩١٣- ٢٤ فبرایر ٢٠٠٢): پرۆفیسۆرێکی ئەمریکییە گرنگیداوە بە فەلسەفەی زانستەکان و ماتماتیك و، ئابووری و، فێرکردنی زانستەکان بەمندالان و، ڕەوشت، لەپلەی مێژوونووسی فەرمی پرۆژەی مانهاتن کاری کردووە.

(وەرزشکار)و لەڕووی جەستەییەوە بەهێزی هێنا، بینی لەرینەوەکانیان بەرزە.

بەمجۆرە بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ لە توێژینەوە و کارکردن لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام بوو[1]، لەسەر هەزاران کەس جێبەجێی کرد، کە خستبوونیە ژێر هەمان تاقیکردنەوە، تا گەیشتە ئەو باوەڕەی: تەندروستی شەپۆلی بەرزی هەیە و نەخۆشی شەپۆلی نزمی هەیە. لەم بوارەشدا وتەیەکی بەناوبانگی هەیە: ئەگەر بتەوێت چارەسەرت ببێت لەسەرت پێویستە لەرینەوەی چاکبوونەوەی بەرزت هەبێت، ئەگەر بشتەوێت بە نەخۆشی بمێنیتەوە، سەرەڕای هەموو ئەو دەرمانانەی کە دەیانخۆیت, لە لەرینەوە نزمەکانی نەخۆشیدا بمێنەرەوە.

پاش سی ساڵی دورودرێژ لە توێژینەوە, «هاوکینز» بیری کردەوە، ئەو تەنها لەرینەوەی کەسانی خۆشحاڵ و نارەحەت دەپێوێت، باشە بۆچی لەرینەوەی کەسانی ڕۆحانیش نەپێوێت, ئەوانەی سەرقاڵی پەرستش و ڕامانن؟ ئەوەبوو دەستی کرد بەئەزموونکردن لەسەر مرۆڤێکی بوزی لەکاتێکدا لە دانیشتنێکی ڕاماندا بوو، تووشی سەرسوڕمان بوو کاتێ بینی ئەم مرۆڤە بەرزترین لەرینەوەی تۆمار کرد، «دیڤید هاوکینز» ئەمەی ناونا (شەپۆلەکانی چارەسەر) و وتی: ئەگەر توانیت ماوەیەك کە لە چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەك زیاتر بێت و تۆش هەمیشە لە شەپۆلی بەرزی ڕۆحیدا بویت ئەوا نەخۆشیەکانت دەست بەچاکبوونەوە دەکەن تەنانەت ئەگەر نەخۆشی سەختیش بن.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئارا، سەرچاوەی ئەو لەرینەوانە چییە؟ ئەو شتە چییە کە دەتوانێت لەرینەوەکانی مرۆڤ بۆ باشتر یان بۆ خراپتر بگۆڕێت؟

---

(١) بۆ زیاتر توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بگەڕێوە بۆ کتێبەکەی «دیڤید هاوکینز» بەناونیشانی: power vs force

ئەوەی «دیڤید هاوکینز» و زانایانی تریش پێی گەیشتوون (وەك دواتر لێیان دەدوێین) ئەوەیە بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرپرسە لە جۆری لەرینەوەکەی و هێزەکەی. بەوپەڕی ئاسانییەوە سەرچاوەی لەرینەوەکان بریتییە لە: بیرکردنەوە (شێوازی بیرکردنەوەت جۆری لەرینەوەکەت دیاری دەکات)، هەروەك دەزانین بیرکردنەوە و زمان دوو ڕوی یەك دروان، بیرۆکە لەڕووی زمانەوە دێتە ئارا، هیچ وشەیەك ناڵێین بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەك نەبێت، ئیدی ئەو وشەیە هەرچەند سادەش بێت، لەبەر ئەوە لەرینەوە بەهێزەکان لە ووشەی ئەرێنییەوە واتە لەبیرۆکەی ئەرێنییەوە دروست دەبن، پێچەوانەکەشی ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت، هەر بیرۆکە (ووشەیەك)ی نەرێنی ئەوا شەپۆل و لەرینەوەی نزمی ئازاردەر بۆ خاوەنەکەی و ئەوانەی لەدەوروبەرینی دێنێتە ئارا.

فیکر و زمان دوو ڕووی یەك دراون:

«محەمەد بەهی خوولی»(بەڕحمەت بێت) شارەزای زمان دەڵێت: «هەر ناتەواوی (علة)یەك لە فیکرماندا ناتەواویەکی زمانەوانی لەپشتەوەیەتی»، بەو واتایەی لاوازی فیکریی هۆکارەکەی لاوازای زمانەوانیە، پێچەوانەکەشی پێچەوانەیە. لەبەر ئەوەیە دەبینین هەموو نەتەوەکان گرنگی بەزمانەکەیان دەدەن و بڵاوی دەکەنەوە و فێری نەوەکانیان دەکەن، لەترسی ئەوەی نەوەیەك دەرنەکەوێت لەڕووی زمانەوە لاواز بێت، بەوەش لەڕووی فیکری و زانستییەوە لاواز بێت.

پێش زایین فەیلەسوفەکان ئەو پرسیارەیان کرد: کامیان پێشتر بووە، مریشك یان هێلکە؟

ناکۆکی و جیاوازی لەسەر وەڵامەکەی تا ئەمڕۆش بەردەوامە. هەروەها پرسییان: کامیان پێشتر دێت بە بیری مرۆڤدا، فیکرە یان ووشە؟ لەوکاتەدا ووتیان ئەوەی یەکەمجار دێت بەبیری مرۆڤدا هەردووکیانە پێکەوە، چونکە مرۆڤ ئەو فیکرەیەی دێت بەمێشکیدا لەسەر شێوازی زمان دەردەکەوێت و هیچ شێوازێکی تری نییە بۆی جگە لەزمان.

کەواتە(فیکرە) بریتییە لە (ووشە)، ووشەش فیکرەیە، لەئێستاوە کاتێک دەڵێین ووشە بەهەمان شێوە مەبەستمان فیکرەیە، کاتێکیش دەڵێین فیکرە ئەوا بەهەمان شێوە مەبەستمان ووشەیە، هەر گۆڕانکارییەك لەیەکێکیاندا ڕووبدات لەهەمان کاتدا لەوی تریشیاندا ڕووەدات.

بەمە تێگەیشتین چۆن بەسەر بیرۆکە نەرێنیەکانماندا زاڵ دەبین و دەیانگۆڕین بۆ ئەرێنی، بۆ ئەوەی لە ناو خۆمان و لەخۆماندا لەرینەوەی ئەرێنی دروست بکەین تا وەك ڕووداوی ئەرێنی لەسەرمان ڕەنگ بداتەوە، دەربڕینی نەرێنیش نامۆ بێت بەشێوازی بیرکردنەوەمان، بەمەش ئەوە بەدەست دەهێنین کە یاسای لەرینەوەکان لە بەرژەوەندی ئێمە کار دەکات.

پێسای
لەکاتێکدا وشەی نەرێنی دەردەبڕیت، خۆت دەستگیر بکە.

ڕاهێنان:

چاودێری خۆت بکە لەکاتی قسەکردندا، بەتایبەت زمانی بێدەنگی ناخت، ئەگەر ووشەکانت نەرێنی بوون، ئەوا چاودێری شوێنەواریان لەسەر هەستەکانت بکە. پاشان چاودێری کاریگەریان لەسەر چالاکی جەستەت بکە... دەبینیت ناڕەحەت و غەمبار و دڵتەنگیت، پاشان دەبینیت جەستەت شەکەت و ناجێگیرە. ئێستا ووشەی نەرێنی بگۆڕە بۆ ئەرێنی، لەسەر هەمان بابەتی کەبیرت لێ دەکردەوە، دواتر چاودێری هەستەکان و چالاکی جەستەت بکە... بەراوردی نێوان هەردوو حاڵەتەکە بکە... تۆ ئێستا خاوەن هۆشیارییەکی لەبارەی هەر حاڵەتێکیانەوە، بەمەش ئەو هۆشیاریەت هەیە کە دەتەوێت لەکام حاڵەتیاندا بیت... ئاگاداربوون چارەسەرە.

نموونەی کرداریی:

هەندێك قوتابی لە قوتابخانەکان یاخود زانکۆکان دەڵێن: «مەنهەجەکانمان خراپن، مەنهەجەکانمان قورسن، کێشەی فێربوون لای ئێمە لە مەنهەجەکانمان و مامۆستاکانماندایە کە لەهیچ شارەزانین، لەبەر ئەوە فێربوون لە وڵاتی ئێمەدا شکست خواردووە».

ئەمجۆرە دەربڕینە نەرێنیانەی کە قوتابیان بەزۆری دەیڵێنەوە، لەدڵ و عەقڵیانەوە لەرینەوەی نەرێنی دروست دەبێت و لەسەر شێوەی شەپۆلی نەرێنی چەند

هێندە بۆیان دەگەڕێتەوەو جوڵەی فیکریی داهێنانیان گۆڕ دەکات و چالاکی عەقڵی و جەستەییان کۆت دەکات، وایان لێدەکات حەپەساو بن و ئاراستەی دروستیان نەزانن، نەشزانن ئەو ناتەواویەی لە مەنهەجەکان و ماموّستاکانیاندا هەیە چۆن قەرەبووی بکەنەوە، ئەمە ئەگەر هەربەڕاستی کەم و کورتی تێدا بوو.

بەڵام دەربڕینێکی وەك: «مەنهەجەکانمان باشن بەڵام پێویستیان بەهەوڵی زیاتری ئێمە هەیە تا بگەینە پلەیەکی باڵای تەواومەندی و تەواوکردن و ماموّستاکانیشمان باشن و پێویستە ئێمە یارمەتیان بدەین بە وریایی زیاتر و پرسیاری زۆرتر و بیرکردنەوە, تا باشترینی ئەو زانستەی لایانە لێیان وەربگرین».

هاوشێوەی ئەم دەربڕینە ئەڕێنیانە توانا زیاتری شاراوە و کپ بووی نەست (العقل الباطن)(هەستی) ئامادە دەکات و ڕەفتاری لەبەرانبەر کارەکە ڕێك دەخات، بە وزەیەکی ئەرێنی گونجاوی ئاسان، وای لێدەکات درێژە بەخوێندنی زیاتر بدات، بەهەوڵدانێکی کەمتر، بەهۆی ئەو ووزە ئەرێنییەی بەدەستیهێناوە, کە لە بیرۆکە و وشەی ئەرێنییەوە هەڵقوڵاوە، ئەم بابەتە لەکاتی ڕاڤەی یاسای « وزەکەت بەکار بهێنە نەك هێزت» زیاتر لەسەری دەدوێین.

ئەم ئایەتەی سورەتی (ابراهیم) لەوبارەیەوە دەدوێت، لەبارەی ئەنجامێکەوە کە قورئانی پیرۆز ناوی لێناوە شوێنی بەهیلاکچوون (دار البوار):

(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ * تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ * وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ * يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ * أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُوا نِعْمَتَ اللَّهِ

كُفْرًا وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ: ئەرێ تۆ نازانی کەخوا چۆن نموونە دێنێتەوە بۆ وشەیەکی پاك و خێردارو سوود بەخش کە ڕیشەو ڕەگیی لەنێو زەوییدا جێگیر بووبێ و لق و پۆپەکەشی چووبێ بەئاسماندا، هەموکاتێ بەرو میوە جاتەکەی بەفەرمانی پەروەردگاری خۆی دەدا، وە خوا (جل جلاله) نموونە دێنێتەوە بۆ خەڵکیی تا بەشکو بیربکەنەوە. ئەوجا نموونەی وشەی پیس و ناپاك وەکو درەختێکی پیس و ناپاك و بێ سوودە بە ڕیشکەوە هەڵکێشرابێ و لەسەر زەویی فرێ درابێ مانەوەو قەراریی نەبێ، جا ئەوانە کە باوەڕیان بەخوا هێناوە، بەهۆی ئەم وشە جێگرو نەگۆڕاوە خوا پێگەیان قایم دەکا لەژیانی ئەم دونیاو، لەژیانی ئەودونیا و ستەمکارانیش گومڕاو سەرلێشێواو دەکات، خوا بیەوێ هەرشتێ بکات، زۆر بەئاسانی دەیکات، ئاخۆ ئەوانەت نەبینی نیعمەت و بەخششەکانی خوایان گۆڕی بە کوفرو بێ باوەڕیی و سپڵەیی؟ هۆزەکەی خۆیانیان بردە ناو خانووی تیاچوون)(إبراهيم: ٢٤-٢٨).

لە ئایەتی دیکەدا کاری باش (العمل الصالح) دەبەستێتەوە بەقسەی ڕاست و دروست (القول السديد)، دەفەرموێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر لەخوا بترسن و قسەی ڕاست و ڕێك و پێك بکەن، ئەوسا خوا کارەکانتان بۆراست دێنێ و، گوناهەکانیشتان بۆ دەپۆشێ، هەرکەسێك گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پەیامبەری ئەو بکات، ئەوە بێگومان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە) (الأحزاب: ٧٠-٧١).

وەك نموونەیەکی تری زمانی نەرێنی: قوتابیانی ئابووری لەسەرەتای چونیان بۆ زانکۆ، لەسالّی یەکەمیاندا، بیرۆکەیەکی سەرەتایی دەخوێنن, پوختەکەی ئەوەیە کە: سەرچاوەکان سنووردارن و پێویستییەکانیش لە زۆربوونداٮن، ئەم بیرۆکەیە لەکاتی چارەسەری کێشەیەکی سەرەکییدا دەخوێنن کە ئەویش کێشەی ئابووریيە، واتە ئەو ئەرکە سەرەکییە یان کێشە بنەڕەتییە چییە کە لەسەر زانستی ئابووری پێویستە چارەسەری بکات؟

دیارە وەلّامەکە ئامادەیە، لەسەر دەستی ئابووریناسی بەریتانی «ئادەم سمیس» دارێـژراوە کـە دەڵێـت: بـەو پێیـەی سـەرچـاوەکـان سـنـووردارن و پێویستییەکان لە زۆربووندان، ئەرکی ئابووری بریتییە لە گونجاندن لە نێوان سـەرچـاوە سـنـووردارەکـان و پێویستییە زۆربـووەکـانـدا، ئـەمـە کـرۆکـی ئـابـووری سەرمایەداریيە.

ئەم بیرۆکە نەرێنییە بووە هۆی دەرئەنجامێکی کارەساتهێنەر بۆ مرۆڤایەتی, ئەویش داگیرکەر (استعمار) بوو. بەهۆی ئەوەی سەرچاوەکان سنووردارن و پێویستییەکانیش لە زۆربووندان، هیچ بوار و چارەسەرێك نییە (بەپێی عەقڵی ڕۆژئاوایی) جگە لە دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی ئەو گەلانەدا کە نازانن باش وەبەریان بهێنن و، ناتوانن بەباشی بەرگری لەو خاکانەیان بکەن کە ئەم سەرچاوانەی تێدایە.

بیرۆکەی من وەك تاك، یاخود وەك ووڵات، مادەی پێویستم نییە، ئەو واتایە نادات کە ئەو مادانە لەگەردووندا نییە. بیرۆکەی پێکەوەژیان و ئاڵوگۆڕ و بەشداریکردنی یەکتر چارەسەرە بۆ کێشەی ئابووری لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ، نەك دەستدرێژی و دەست بەسەرداگرتن چارەسەر بێت.

لەوانەیە مرۆڤێك بیرۆکەیەکی بەرهەمهێنانی سەرسوڕهێنەری هەبێت، جێبەجێی کردبێت و بەباشی بەرهەمی نەبووبێت، تەنها بەهۆی ئەوەی وا بیری کردبێتەوە سەرچاوەی ماددی نییە، مرۆڤێکی تر بیرۆکەیەکی بەرهەمهێنانی بەسوودی هەبێت، خستبێتیە بەردەم مرۆڤێکی خاوەن سەرچاوەی ماددی، پێکەوە بەشدار بن لەکار و قازانجدا، بەو پێکەوە بەشداریکردنە خزمەتی خۆیان و مرۆڤایەتیشیان کردووە، چونکە ڕێسای وزە ئەوەیە:

«ئەگەر ئەوەی پێویستە بەدەستەوە نەبوو، ئەمە ئەو واتایە نادات ئەوەی تۆ پێویستە نییە»

لەخۆتدا بگەڕێ، ئەگەر شایانی بیت دەیدۆزیتەوە.

پێویستە هەردەم لەیادمان بێت کە ئەم گەردوونە زۆری تێدایە، لەسەر بنەما و یاسا دروست بووە، یەکێکیان هەبوونی زۆرە.

هەیانە ڕامکراوە بۆ مرۆڤ تا پێویستییەکانی پێ پڕ بکاتەوە نەك بۆ بەفیڕۆدانی، کێشەی سەرەکی ئابووری بریتییە لەستەمی مرۆڤ، بە بەفیڕۆدان و دزینی بەشی برا مرۆڤەکەی و، نکوڵیکردن لە نیعمەتەکان و سوپاسگوزار نەبوونی لەسەریان، ئەم ئایەتانەی قورئانی پیرۆزیش ئەوە ڕوون دەکاتەوە: (وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ: لەهەرشتێك داواتان کردبێ پێیداون، خۆئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خوا بژمێرن، هەرگیز لە ئەژمار نایەن، بەڕاستی مرۆڤی لاڕێ زۆر ستەمکارو کوفرکەرو سپڵەیە!)(إبراهيم:٣٤).

(أَفَمَنْ يَخْلُقُ كَمَنْ لَا يَخْلُقُ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ * وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ اللَّهَ لَغَفُورٌ رَحِيمٌ * وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ * وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَا يَخْلُقُونَ شَيْئًا وَهُمْ يُخْلَقُونَ * أَمْوَاتٌ غَيْرُ أَحْيَاءٍ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ: ئاخۆ کەسێك بتوانێ بەدی بهێنێ، وەکو ئەوە وایە کەتوانای دروستکردنی هیچ شتێکی نەبێ، ئایا ئیتر ئێوە بیرناکەنەوە؟ خۆ ئەگەر بتانەوێ گشت نیعمەت و چاکەکانی خوا بژمێرن، بۆتان ناژمێردرێن، خوا زۆر لێبوردەیەو، زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە، هەرشتێ ئێوە بیشارنەوە و، هەرشتێکیش دەربخەن، خوا هەر دەیزانێ، ئەو بتانەش کە ئەوانە لەباتی خوا داوای لێ دەکەن و دەیانپەرستن، قەت لێیان نایەت هیچ شتێ دروست بکەن و خۆیشیان دروست دەکرێن، خۆ مردون و زیندوو نیین، هەر هەستیش ناکەن کەی زیندوو دەکرێنەوە)(النحل: ١٧- ٢١).

لەسەردەمی ئێستادا زانایانی کشتوکاڵ و فیزیا و کیمیای زیندەگیی، پاش ئەوەی هەستان بەگەشەپێدانی ئەوەی ناونراوە هەندەسەی جینی، سەلماندیان کشتوکاڵکردن تەنانەت لە زەوی بیانیشدا دەتوانرێت بکرێت، لەڕێی هەندەسەی جینیەوە دەتوانرێت چەند قات خۆراك زیاتر بکرێت بەبێ ئەوەی کاریگەری لاوەکی هەبێت، ئەمەش بە گەشەپێدانی بنەچەی تۆ و بەرهەمی کشتوکاڵی کە بۆ هەر زەوییەك و هەر کەشێك بەجیا گونجاو بێت، کەواتە زانست وا دەکات بتوانین ئەوەی هەیە زیاتری بکەین و بەرهەم زۆرتر بکەین، هەرچەند ژمارەی دانیشتوان زیاد بکات.

لەنموونەی ئەمە: ئەوەی کۆمەڵێك زانای میسری هەستان بەگەشەپێدانی بنەچەی دەنکە گەنمێك، کە لەگەڵ زەوی بیابانی میسردا گونجاو بێت و بەرگەی

گەرمای بیابان بگرێت، پێویستیی کەمی بە ئاو هە بێت و بەهەرمی باشتر و بڕەکەشی چەند هێندە زیاتر بێت، چونکە تۆوەکەی گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئەو زەوییەی تێیدا چێنراوە، پێش ئەوە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کار بە ئەزموونی هندی دەکرا، ئەنجامی ئەو ئەزموونەش ئەو برسێتیانە بوو کە لە هیندستان ڕوویان دەدا، هەروەك زانای میسری فاروق باز دەڵێت:

«سنووری سامان بریتییە لەسنووری زانست»

زانایانی فیزیای کوانتۆم (Quantum Physics) دەڵێن: (تەنها بەوەی بە ئەرێنی یاخود نەرێنی مامەڵە لەگەڵ مادەدا بکەیت ئەوا تۆ پێکهاتەکەی دەگۆڕیت). لە توێژینەوە بەناوبانگەکانیدا توێژەری ژاپۆنی «ماسارۆ ئاماتوا» هەستا بەتوێژینەوە لەسەر کاریگەری بیرۆکەکانی مرۆڤ و زمانی لە سەر دڵۆپی ئاو[1]، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئاو تۆمارێکی زانیاریی تەواو کۆدەکاتەوە لەبارەی

---

(١) بۆ زیاتر ئاگادارببوون، لەئینتەرنێتدا بگەڕێرەوە بۆ توێژینەوەیەك کەبەزمانی عەرەبی ناوی « رسالة من الماء «و بە ئینگلیزیش بەناوی « Massage from the water » لەلایەن زانانی ژاپۆنی « masaru emoto » ئەنجام دراوە. هەروەها توێژینەوەیەکی سەرسوڕهێنەری تری هەمان زانا بەناوی ئەزموونی برنج، بەجۆرێك سێ قاپی شووشەی هێناو هەندێك برنج و ئاوی کردە هەریەکەیانەوە، قسەیەکی باشی بۆ یەکەمیان کرد، بۆ دووەم قسەیەکی خراپ، سێیەم هیچ قسەی بۆ نەکرد. دەرئەنجامی ئەزموونەکە پاش هەشت هەفتە ئەوە بوو ئەو نموونەیەی قسە باشەکەی بۆ کردبوو بەساغی مابوویەوە، دوو نموونەکەی تر بەتەواوەتی تێکچووبوون، بەتایبەت ئەوەیان قسەی خراپی بۆ کردبوو کە پێش ئەوەیان کە هیچ قسەی بۆ نەکرابوو خراپ بووبوو. لەیوتیوب سەیری ئەم لینکە بکە: masaru emoto rice experiment .

ئەوەی لەدەوروبەری ڕووەدات لە بیرکردنەوەو پێشبینی و هەستەکانی مرۆڤ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەندە گرنگ بوو بەتەواوی دیاریکرد کە قسەی باش (الكلمة الطيبة) چ کاریگەرییەکی لەسەر بونیاتی ئاو هەیە، بەهەمان شێوە قسەی خراپ (الكلمة الخبيثة) چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر بونیاتەکەی، تەنها بەوەی بە مەبەستەوە بەئاو بڵێیت خۆشم ئەوێیت، پاشان پشکنینی بۆ بکەیت, لەژێر ئەو وردبینەی بە ملیۆنەها جار گەردیلەی ئاوەکە گەورە دەکات, دەبینیت بنیاتی گەردیلەی ئاوەکە گۆڕاوە بۆ شێوەیەکی ئەندازەیی جوان، ئەگەر قسەی خراپیشی بۆ بکەیت دەگۆڕێت بۆ شێوە ئەندازەیەکی ناشرین.

ئەم توێژینەوەیە وایکرد حکومەتی ژاپۆن هەستێت بە بڵاوکردنەوەی وێنەی گەردیلەی ئاو کەلەژێر میکرۆسکۆبدا گیرابوو, لەسەر تابلۆکانی ڕێکلامی سەر ڕێگاکان و لەهۆکارە جیاوازەکانی میدیادا، ئەمەش بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتیی لەنێو خەڵکیدا تا گرنگی گفتوگۆی مرۆڤەکان بەزمانێکی شیرینی نەرم و نیان دەربخات.

ئایا پێشبینیت کردووە، بڵاوبوونەوەی قسەی باش لەنێو خەڵکیدا شوێنەواری کاردانەوەی ئەرێنی هەبێت، شوێنەواری لەسەر تاك و کۆمەڵگا، بەتایبەت ئەگەر زانیت ٧٠٪ جەستەی مرۆڤ لە ئاو پێکهاتووە. ئەم شوێنەوارانە بڵاو دەبێتەوە تا دەگاتە گەشەسەندنی فێربوون و بڵاوبوونەوەی، دواتریش چاکتربوونی ئاستی تەندروستی و کەمکردنەوەی تێچوونی دەرمان و نەخۆشییەکان و پاش ئەوەش بەرزکردنەوەی ئاستی دەروونی و مەعنەوی گشتی گەل، دواتریش کاریگەری کارای لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی تاوانکاری و ترس لە کۆمەڵگادا دەبێت، لەکۆتاییشدا زۆریی ئابووریی و کەڵەکەبوونی سەرمایەی سامانەکانی لێ

دەکەوێتەوە.

هەموو ئەمانە بەهۆی قسەی باشی نێوان خەڵکیەوە دێتە ئارا... ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر قسەی خراپ بکەن؟ ئەویش بەهەمان شێوە شوێنەواری کاردانەوەیی دەبێت، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی نەرێنی خراپ، لەسەر هۆشیاریی و فێربوون و تەندروستی و ئاسایش و دەستکەوت. کەواتە لە هەردوو حاڵەتەکەدا (ئەرێنی و نەرێنی) ووشە شوێنەواری کاردانەوەیی (أثر إرتدادي) بەهێزی دەبێت، هێندەی بەهێزیی ئەو لەرینەوانەی لە ئەنجامی ووشەکە (ئەو بیرکردنەوە و هەستەی لەگەڵیدا دێت) دروست بوون.

(إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ: بێگومان تەنها ئێمەین هەموو مردووان زیندوو ئەکەینەوە و هەرکارێکیان پێشخۆ خستبێ تۆماری دەکەین و تەنانەتی ئاسەواریشیان گشت دەنووسین، هەموو شتێکمان لە کتێب و نامەیەکی ئاشکرادا تۆمارکردووە) (یس/١٢)

ڕووەکەکان لە زمانی لەرینەوەکان تێدەگەن:

یەکێك لەگرنگترین ئەو شتانەی لەژیاندا سەرسامی کردم و ڕوانینمی بۆ گەردوون گۆڕی، تێگەیشتنم بوو لەوەی کە ڕووەك هەست و خۆشویستن و ڕقبوونەوەی هەیە. کاتێك زانایان[1] هەستان بە ئامادەکردنی ڕووەکی

(١) بۆ زیاتر گەڕان سەیری کتێبی « النبات يحب ويتألم ويقرأ أفكار البشر «ی نووسەر « راجي عنايات «بکە، لەبڵاوکراوەکانی دار الشروق، چاپی شەشەم، ١٩٩٥. هەروەها لە یوتیوب سەیری بابەتە پەیوەندارەکانی هەمان بابەت لەسەر هەستی ڕووەکەکان و

هەمەچەشن لەگەڵ ئامێری هێڵکاریی ئاماژەکان و پێوانی لەرینەوەکان بەیەکیان گەیاندن، پاشان دەستیان کرد بە مۆسیقا ژەنین لە تەنیشتی ڕووەکەکە، ئامێری پێوانەکردنەکە لەرینەوەی ڕێك و جوانی تۆمارکرد.

لەم کاتەدا ئەو کەسەی تاقیکردنەوەکەی ئەنجام دەدا بەشێوەیەکی لەناکاو هەستا بەلێکردنەوەی گەڵایەکی ڕووەکەکە، یەکسەر ئامێرەکە ئاماژەی نارێکیی نیشاندا، پاشان دەنگی مۆسیقا لەسەرخۆکەی کار پێکردەوە، شەپۆلەکان وەك پێشتریان لێهاتەوە. دواتر هەستا مۆسیقا لەسەرخۆکەی گۆڕی بۆ مۆسیقایەکی دەنگ بەرزی پڕ ژاوەژاو، لەگەڵیدا دەست بەجێ شەپۆلەکان گۆڕان بۆ شەپۆلی نارێکی خێرا.

ئایا ڕووەکەکان هەست بەو گۆڕانانە دەکەن؟ ئەزموونەکە ئەوەی سەلماند، ئامێرەکانی پێوانی لەرینەوەکانیش سات بەسات ئەوەیان تۆمار کرد، ئەمە زانستی ئەزموونکاریە نەك گومانێکی عەقڵی، ئایا دەتوانین بڵێین ڕووەکەکانیش بەهەمان شێوەی مرۆڤەکان دەروونزانیان هەیە و ڕووەکەکان هەروەك چۆن دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگەی دەوروبەریان بەهەمان شێوە کاریگەریشیان لەسەری دەبێت.

زانایان شتێکیان سەلماند کە ناویان لێناوە «دەروونزانی کۆرپەلە-علم نفس الجنین» لەم بارەیەشەوە کتێب و توێژینەوە هەیە، زانایان لەڕێی تاقیکردنەوەی زانستییەوە سەلماندیان کۆرپەلە نەك تەنها دەکەوێتە ژێر کاریگەری باری دەروونی دایکی، بەڵکو کاریگەری ئەو دەنگ و ڕووداوانەشی لەدەوروبەری هەن لەسەری دەبێت. بەڵام ئایا کۆرپە (بەگوێرەی یاسای لەرینەوەکان /کاردانەوە) کاریگەر دەبێت بە دایکی و بە ژینگەی دەوروبەری؟ پرسیارێکی زۆر گرنگە.

---

[1] تێگەیشتنیان لە بیرکردنەوەو هەستی مرۆڤ بکە.

بێگیانەکان (الجمادات) لەزمانی لەرینەوەکان تێدەگەن:

(تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا: هەرحەوت ئاسمانەکان و زەویی و، هەموو ئەوانەش کە تێیاندان، هەموو گەورەیی و بێ خەوشی ئەو (خوا)یە دەڵێن، هەموو شتێك هەر پارانەوەو تەسبیحات و حەمدی ئەو دەڵێن، بەڵام ئێوە لەپاکانەو تەسبیحاتیان تێناگەن، بەڕاستی (خوا) هەمیشە بەحەوسەڵەو لەسەر خۆ و، زۆریش لێبووردەیە) (الإسراء / ٤٤).

پاش ئەوەی مرۆڤ بەتاقیکردنەوەی زانستی تاقیگەیی گەیشتە ئەوەی هەموو کانزاکان لەرینەوەیان هەیە و هەموو شتێك لەگەردووندا لەڕەوشێکی گریمانەییدا دەژی، ئەو ڕەوشەش لەڕێی بیرکردنەوە لەرەلەرە مرۆییە بڵاوبووەکان دەگۆڕێت، ئایا دەتوانین ڕۆژێك بگەینە ئەو زانستەی ناوی بنێین دەروونزانی کانزاکان؟ واتە ئایا دەتوانین کە ئەم کانزایە یان ئەوەیان، یان ئەم ئامێرە یاخود ئەوەیان ئاسودە و دڵنیایە یان نا؟ هەموو شتیك دەبێت، بەڵام پێویستمان بە تاقیکردنەوەی زانستی هەیە نەك دەرئەنجامی عەقڵی، چونکە دەرئەنجامی عەقڵی بەتەنها بەس نییە.

یەکێك لە هاوڕێکانم ئۆتۆمبێلێکی کۆن و داڕزاوی هەیە، زۆرجار گاڵتەمان بەخۆی و ئۆتۆمبێلە سەیرەکەی دەکرد کە چۆن سەرەڕای دیمەنە پێکەنیناوی و تەمەنە زۆرەکەیەوە دەڕوات: ڕۆژێکیان لەکاتێکدا قسەوباسمان لەسەر بابەتی لەرینەوەکان و کاریگەرییان لەسەر شتەکان دەکرد پێی وتم: ئایا ئەزانیت کاتێ من شڵەژاو و نارەحەت ئەبم ئۆتۆمبێلە کۆنەکەشم زیاتر پەکی دەکەوێت، کاتێ

حاڵم باش ئەبێت و ڕازیم لێیی و شانازی پێوە ئەکەم و شانازی بە توانای خۆم لەمامەڵەکردنی باش لەگەڵیدا دەکەم بەکارامییەکی زیاترەوە خزمەتم دەکات، بۆ شوێنی وام دەگەیەنێت کە ڕکابەرێتی ئۆتۆمبێلە هاوچەرخەکان دەکات کەبتوانن بگەنە ئەو شوێنانە؟ بەمجۆرە دەڵێت: دەمبات. نەیووت دەیبەم... دەڵێت ئەو ڕۆژەی خەڵکی بەهۆی ئۆتۆمبێلەکەمەوە گاڵتەم پێدەکەن و بە قسەکانیان ناڕەحەت ئەبم، ئەوا ئۆتۆمبێلەکەم لەو ڕۆژەدا پەکی دەکەوێت.

لەیەکێك لە خولەکاندا ئافرەتێکی کابانی ماڵ جەختی لەوە کردەوە بۆم کە لە هەر ڕۆژێکدا هەست بەدڵتەنگی بکات بەهۆی بچووکی ماڵەکەیی و کۆنییەوە و سکاڵا بکات لەدەست مێردەکەی کە خانوویەکی گەورە و فراوانی نوێی بۆ دابین نەکردووە، لەو ڕۆژەدا لەهەموو جارێکیشدا تێبینی ئەوەی کردووە بۆریەکانی ماڵەکەیان دەگیرێت و کێشەیەك لەماڵەکەیاندا دروست دەکات دەگاتە ڕادەی ناکۆکی و شەڕکردن لەگەڵ مێردەکەیدا، ئەوکاتانەشی ڕەزامەندو دڵخۆش و دڵنیایە, ئەو جۆرە کێشانە ڕووناداەن، لەکاتێکدا هەمان ئەو بۆریانەیان هەیە، چەندین جار دووبارە بوونەوەی ئەوەی تێبینی کردووە.

لێرەدا ئێمە ڕێسایەکی گرنگمان هەیە کە دواتر لە ڕێسای «پاڕانەوە -الدعاء» و یاسای «پێشبینی –التوقع»دا لەسەری دەدوێین، ئەویش بریتییە لەوەی بۆ ئەوەی واقیعەکەت باشتر بکەیت سەرەتا لەسەرت پێویستە ئەو واقیعە قبوڵ بکەیت کە تێیدایت. تەنها بەقبوڵکردن و ڕازی بوونت دەتخاتە حاڵەتێکی لەرینەوەی فیکریی بەرز، ئەمەش وات لێ دەکات ئامادە بیت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی باشترە، پێچەوانەی ئەمەش ئەنجامی پێچەوانەی هەیە. ئایا دەستمان کرد بەتێگەیشتن لەکێشەی هەژار و هەژاری و دەستەو سانیان لە تێپەڕاندنی ئەو

ڕەوشەی تێیدان.

(وإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ: ئەو دەمە کەپەروەردگارتان پێتانی ڕاگەیاند کە: ئەگەر سوپاسگوزاریی بکەن، ئەوا منیش بۆتان زیاد دەکەم، خۆ ئەگەر بێ باوەڕو پێ نەزان بن، ئەوا بەڕاستی سزام زۆر تووندو سەختە)(سورة إبراهيم :٧).

(... وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا *... وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا: هەرکەسێك لە خوا بترسێ و سنوورەکانی بپارێزێ، خوا دەرووی خێری لێ ئەکاتەوە، وە ڕزق و ڕۆزی دەداتێ لەشوێنێکەوە کە خۆیشی گومانی نەدەبرد، وەهەرکەسێك پشت بەخوا ببەستێ، ئەوە تەنیا خوای بەسە، چونکە بێگومان هەرچی خوا بڕیاری لەسەر بێت، هەر ئەنجامی دەداو دەیگەیەنێتە جێ، بەڕاستی بۆ هەموو شتێك خوا کات و ئەندازەیەکی دیاریکردووە.... وەهەر کەسێك خۆ بپارێزێ لەبێ فەرمانی خوا، ئەویش کاروباری بۆ ئاسان ئەکات)(سورة الطلاق: ٢- ٤).

کەواتە کێشەی هەژاریی لەکوێدایە؟ـ لەدەروونی خۆیاندا

بەگەڕانەوە بۆ تۆژینەوەکانی (دیڤید هاوکینز» -کە بۆی دەرکەوت هۆکاری هەموو نەخۆشییە دەروونی و ئەندامییەکان بریتییە لە لەرینەوە نەرێنییەکان، واتە بیرکردنەوە یان ووشە نەرێنییەکان دەبینین ئەوەشی دۆزیوەتەوە کە شەپۆلەکان و لەرینەوەکانی هەرکەسێکی ئەرێنی یەکسانە بەهێزی چوار هەزار کەسی نەرێنی، لەبەر ئەوە وتوویەتی شارێك ژمارەی دانیشتووانەکەی چوار ملیۆن کەس بێت، بەسیەتی کەلەنێویاندا هـەزار کەسی دڵخۆشی گەشبین هەبێت تا تێکڕای دانیشتوانی ئەو شارە دڵخۆش بن.

بەو واتایەی گەلێکی (٢٤ ملیۆنی) پێویستی بە (٦ هەزار) کەسی گەشبین و دڵخۆش و متمانە بەخۆبوو و دڵنیا هەیە. ئەگەر ئەو ژمارەیە هەبوو ئەوا هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە دڵخۆش و دڵنیا دەبن بەهۆی کاریگەری ئەو ژمارە کەسە دڵخۆشەوە.

ئەمە لێکدانەوەی زانستی فیزیایی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی دانیشتووانی هەر وڵاتێك یەك بازنەی ووزە دەنوێنن، ئەم بازنەیە هەریەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوانی تریان دەبێت، بەوپێیەی کاری لەسەر هەموو ئەوانەی لەو بازنەیەدان دەبێت.[١]

چونکە مرۆڤە ئەرێنییەکان شەپۆلی بەرزیان هەیە، بەجۆرێك هەرکەسێکیان دەتوانێت بەرەنگاری شەپۆلەکانی چوار هـەزار کەسی نەرێنی ببێتەوە. لەبەر ئەوە ئەگەر کێشەیەك هەبوو لەنێوان تۆ و بەرێوەبەرەکەتدا، لەنێوان تۆ و خاوەن ئەو کۆمپانیایەی کاری تێدا دەکەیت، لەنێوان تۆ و دایك و باوکتدا یان لەگەڵ

(١) بڕوانە: بیرۆکەی تاقیگەی وزەیی و بیردۆزەی بونیاتنان و داڕوخانی خودیی.

دایکتدا، یان لەگەڵ هەر مرۆڤێکدا، تەنها بەخەیاڵ ئەو کەسە بهێنە بەرامبەر خۆت و (لەڕێی بیرکردنەوەوە) لەرینەوەی ئەرێنی بۆ بنێرە، ڕۆژانە چەندینجار و بۆ ماوەی هەفتەیەك یان زیاتر (بەگوێرەی هێزی کێشەکە، بەپێی ڕەوشی کەسی نێرەر و وەرگر) دووبارەی بکەوە، ئەوکاتە کێشەکەت کەم کەم بەرە و نەمان دەچێت. خێرایی چارەسەرەکەش پەیوەندی هەیە بە هێزی لەرینەوەکانت و پاکییانەوە، ئەمە بەرهەمی نیەت پاکی و ڕاستگۆییتە لە خۆشویستنی چاکە بۆ لایەنی بەرانبەر.[1]

لەگرنگترین سەرچاوەکانی لەرینەوەی ئەرێنی زیکری خوای گەورەیە، بەتایبەت خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز: (الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ: ئەوانەی بڕوایان هێناوەو، هەر بە یادی خوا دڵیان ئاسوودە دەبێت، هەر بەیادی خوا دڵەکان ئاسوودە دەبن)(الرعد:٢٨).

چەندین سەرچاوەی زۆری تریش بۆ وزەی ئەرێنی و لەرینەوەی ئەرێنی هەیە، وەك خۆراکی تەندروست، شوێنی جوان و سەرنجڕاکێش، خەڵکانی باش، بەڵام هەموو ئەمانە ناگاتە ١٥٪ی سەرچاوەکان، بڕەکەی تر واتە ٨٥٪ەکەی تر بەرهەمی بیرکردنەوەی تۆیە. بۆی هەیە کەسێك زیکری خوای گەورە بکا بەڵام لەحاڵەتێکی شڵەژاو و دڵەڕاوکێ و گومانبەر بە بەڵێنەکانی خوای گەورەدا بێت، ئەم کەسە زۆر سوود لەو زیکرانە ناکات، وەك کەسێکی دڵ ئارامی متمانەدار بەبەڵێنەکانی خوای گەورە.

---

(١) ئەم تەکنیەکە بەدرێژایی لەبڕگەی وزەکەت نەك هێزەکەت لێی دەدوێین.

وزەت پەکاربێنە نەک هێزت:

«خەڵکی داوای ئازادی بیرورا دەکەن وەك قەرەبووی ئازادی بیرکردنەوە، کە بەدەگمەن بەکاریان هێناوە» ..کیرکیجارد

باش سوودمەندبوون لەوەی هەتە، ئامادەسازت دەکات بۆ هەبوونی ئەوەی نیتە، ئەم ڕێسایە لەگرنگترین ڕێساکانی ژیانە، تۆ ئەگەر وزەکەت (تواناکەت) بەشێوەیەکی باش سوودی لێ ببینی، ئەوا دەرفەتی پێشوازی و بەدەستهێنانی زیاتر و زیاترت زۆر دەبوو، چونکە تۆ بەچاك سوودمەندبوونت ئامادەسازیت بەرز دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی زیاتر.

وەك ئەو وەرزشکارەی ڕۆژانە مەشقی هەڵگرتنی قورسایی مامناوەند دەکات، هەڵگرتنی ئەو کێشە توانای بازووی زیاتر دەکات و ئامادەی دەکات بۆ هەڵگرتنی کێشی زیاتر، پێچەوانەکەشی ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت، ئەگەر ئەوەی هەتە بەرهەمی نەهێنیت, ئەوا لەدەستی دەدەیت، ئەمەش بە ووزەی جوڵاو و توانای خەفە بوو گوزارشتی لێ دەکرێت، هەموو ووزەیەکی جوڵاو بەشێوەیەکی دروست (بۆ نموونە سامان) ووزەیەکی گەشەکردوو دەبێت، هەموو ووزەیەکی خەفەکراوی ڕاوەستاو، ووزەیەکە ئەگەری نەمان و تیاچوونی لەسەرە.

ئەگەر تۆ هێزی پێویستت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مافەی لەدەستت چووە نەبوو، ئەوا دڵنیابە، تۆ ووزەی پێویستت بۆ گێڕانەوەی ئەو مافەت هەیە، ئەگەر کێشەیەکت هەبوو، توانای چارەسەرکردنیت نەبوو، دڵنیابە ووزەی پێویستت بۆ چارەسەرکردنی هەیە: (... إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ...:

بێگومان خوا ئەوەی لەهەر هۆزو نەتەوەیەك هەیە ناگۆڕێ، تاکو ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن)(الرعد:١١).

لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە لەهەموو بیرۆکە شۆڕشگێڕیەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کاریگەرتر بێت، لەهەمووشیان زیاتر توانای گۆڕانکاری هەبێت ئەگەر بەباشی جێبەجێ بکرێت.

وزە شوێن فیکر دەکەوێت: ئەگەر هێزت لەدەستدا، ئەوا ووزەت لەدەست نەداوە، چونکە ئەستەمە کەسێك فیکرو هۆشیاریی ڕۆحی هەبێت ووزە لەدەست بدات، چونکە ووزە شوێن فیکر دەکەوێت، بەو ئاراستەیە گەشە دەکات کە ئەو گەشەی کردووە. بۆیە ئەگەر بیرکردنەوەکانت بەرەو ئەرێنی ئاراستە کرد ئەوا ووزەکەت ڕوویکردووەتە گەشەو گەورەبوون، خۆ ئەگەر بیرکردنەوەکانت بەرەو نەرێنی ئاراستە کرد ئەوا ووزەکەت بەرەو کەمبوونەوە و نەمان ئاراستە کردووە، ئەوکاتە هەموو هێزی سەر زەوی بەکەڵکی تۆ نایەن.

ووزە و هێز دوو ڕووی یەك دراون، هەریەکەیان خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەگەر تەنها هێز بەکارهێنرا ئەوا لەبەرەنگاربوونەوەی هیزێکی گەورەتر لەخۆی سەرکەوتوو نابێت، بەڵام ئەگەر لەگەڵ وزەدا بەکارهێنرا ئەوا دەبێتە هێزێکی کارای بونیاتنەر کە یارمەتی هەمووان دەدات، تەنانەت لەوانەیە یارمەتی دوژمنەکانیشت بدات یاخود ئەوانەی وەك دوژمن سەیریان دەکەیت.

خۆ ئەگەر بڕێك ووزەی ئەرێنیت هەبێت، ئەوا دەتوانیت کاری سەرسوڕهێنەری پێ ئەنجام بدەیت ئەگەر ئاشنای یاساکانی ئەو کرداره بوویت، هەرکاتێ ووزەی خۆتت وەبەرهێنا ئەوا زیاتر دەبێت و گەشە دەکات، هەرکاتێ هێزی خۆتت بەکارهێنا ئەوا کەم دەکات و نامێنێت، هەروەك فەیلەسوفی

هندی لاو تسۆ لەکتێبی «هونەری جەنگ»دا دەڵێت: باشترینی جەنگاوەران ئەوەیانەکە ئامادەسازیی دەکات و ناجەنگێت.

هێز، بەباش بەکارهێنانی، وزەی زیاترت پێ دەبەخشێت، وزە یارمەتیت دەدات لەسەر ڕامکردن (تسخیر)ی ئەو هێزانەی کە نەتزانیوون، بەڵام دەچنە پرۆسەی بنیاتنانتەوە: (وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ: هەتا بۆتان دەکرێ چەك و جبەخانەی جەنگ و، ئەسپی چابوکی سواریی ئامادە بکەن، دوژمنی خواو، دوژمنی خۆتانی پێ بترسێنن، بێ لەوانیش ئەو دوژمنانەش بترسێنن کە نایانناسن، خوا ئەیاننناسێ، هەرشتێکیش لەڕێگەی خوادا ببەخشن بەکاملّی خوا دەیبژێرێ بۆتان و بە هیچ شێوەیەکیش ستەمتان لێ ناکرێ)(الأنفال: ٦٠).

بۆ نموونە، سامان ووزەیە، بەخشین لەپێناوی خوای گەورەدا جوڵاندن و وەبەرهێنانی ووزەیە، ووزەش ئەگەر جوڵێنرا، گەشە دەکات و مەزن دەبێت و خزمەتی هەموو ئەوانە دەکات کە ڕێزی دەگرن و قەدری هەیە لایان.

هێز بەتەنها دەتوانێت بەهێزێکی گەورەتر لەناو ببرێت، بەڵام ووزە بەتەنها، یاخود هێز لەگەڵ ووزە (ڕۆشنایی-نور)دا ناتوانرێت لەناو ببرێت: (يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّهُ إِلَّا أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ: ئەیانەوێ بە فووی دەمیان نوورو ڕۆشنایی خوا بکوژێننەوە، خوایش ئەیەوێ ئەم نوورو ڕۆشنایی خۆیە بە پایان بگەیەنێت، ئەگەرچی بێ باوەڕەکانیش پێیان ناخۆش بێت)(التوبة:٣٢). چونکە وزە ئەگەر کاری پێکرا ئەوا گەشە دەکات و مەزن دەبێت و خزمەت دەکات، لەهەرکوێ بێت شوێنەواری ئەرێنی بەجێ دەهێڵێت.

هێز جوڵە، کارلێك و هێرش و گەڕانەوەیە، بەڵام ووزە هێمنی و چوونەوە نێو خودە، کاریگەری پەنهان دروست دەکات کە ناتوانرێت بەئاسانی بەرگری بکرێت، هەرکەس ووزەی خۆی وەبەربهێنێت دەتوانێت کاریگەری لەبەرانبەر زیاتر بکات کە هێز بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوە سووربونی ئایینە ئاسمانیەکان هەموویان لەسەر لێبوردەیی دەبینین.

هەربۆیە دەبینین داد (عـدل) هێزە، بەڵام ئیحسان ووزەیـە، ئەو دووانـە بەیەکداچوون، ئەگەر دادپـەروەریـت جێبەجێ کـرد ئـەوا لەگەڵیدا ئیحسان دەبینیت، بەڵام ئەگەر ئیحسانت جێبەجێ کرد ئەوا چەندقات دادپەروەری زیاد دەکات. ئیحسان تێچووی لەداد کەمترە و زیاتر بەلای نوردا دەڕوات، دادیش تونده، ڕحمەتەکەی لەگێڕانەوەی حەقدایە بۆ خاوەنەکانی.

بەهەمان شێوە ئارامگرتن هێزە، ڕەزامەندی ووزەیـە، ئەگەر ئارامگر بیت ئەوا هێزت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوێکی خراپ بەکار دەهێنیت کە ڕووی تێکردوویت بەهۆی سەرپێچی یاسایەکەوە، بەڵام ئەگەر ڕەزامەند بوویت، ئەوا تۆ تێدەگەیت و خۆت بەدەست ویستی خوای گـەورەوە دەدەیـت، هەربۆیە هەست دەکەیت ئازارەکەت تەنانەت پێش چارەسەری ناڕەحەتیەکە نامێنێت.

نموونەیەکی کرداریی:

ئەگەر ناکۆکی لەنێوان تۆ و کەسێکدا ڕوویدا، لەبارەی هەرشتێکەوە بێت، لە تواناتدا هەیە هێز بەکار بهێنیت، وەك بانگکردنی پۆلیس، یان تۆمارکردنی سکاڵا لای دادوەر، تەنانەت دەتوانیت کەسانی تر بۆ لێدان و شکاندنی ئیرادەی ئەو بانگ بکەیت.

بەڵام هەموو ئەم چارەسەرانە بەجۆرێك كاردانەوەیان هەیە كە لەتوندیدا وەك كارەكە وەهان، بەڵام ئاراستەیان جیاوازە، بەمەش بەبێ ئەوەی مەبەستت بووبێت، دەستت كردووە بە پرۆسەی وێرانكردنی خۆت... چار چییە؟

وزەت بەكار بهێنە نەك هێزت!!!

لە چركەساتێكی پاكی و بێگەردی و ئارامیی جەستەیی و مێشكی و سۆزداریی و ڕۆحییدا، ئەو كەسەی لەگەڵی ناكۆكیت بەخەیاڵ بهێننە بەرانبەرت، دەست بكە بەقسەكردن لەگەڵی بەدەربڕینی ئەرێنی و بیرۆكەی بونیات نەرو یارمەتیدەر بەمەبەستی چارەسەری كێشە هاوبەشەكەی نێوانتان، ئەو هەموو بیرۆكەو سۆزە ئەرێنیانەی بۆ بنێرە وەك ئەوەی لەبەردەمتدا بێت و قسەی لەگەڵدا بكەیت، ڕووبەڕوو قسەت لەگەڵ بكات، ئەم دانیشتنە لانی كەم بۆ ماوەی هەفتەیەك بۆ چەندجارێك دووبارە بكەرەوە، سەیربكە بزانە چی ڕوودەدات؟

یەكەم متمانەت بەوە هەبێت بیرۆكە و ئاواتە باشەكانت كە ناردووتە گەیشتووە بەلایەنی بەرانبەر، متمانەشت بەوە هەبێت لایەنی بەرانبەر بەوجۆرە ڕەفتار دەكات، نەك وەك پێشتر چاوەڕوانت كردووە، هیچ بەلاتەوە سەیر نەبێت ئەگەر شتێكی سەیر لەنێوانتانا ڕوویدا، وەك ئەوەی پەیوەندیت پێوە بكات یاخود كەسێك بنێرێت تا پەیوەندی نێوانتان چاك بكاتەوە، ئەوكاتە هیچ دوودڵ مەبە سوود لەدەرفەتەكە وەربگرە و ناكۆكییەكە كۆتایی پێ بهێنە بەكەمترین تێچوونی كات و هەوڵ و سامان.

پاشان ئەم تەکنیکە بۆ نموونە لەگەڵ زۆر حاڵەتی ناکۆکی نێوان ژن و مێردەکان تاقیکرایەوە، ئەو کێشانەی خەریکبوو بەتەڵاقدان کۆتاییان بێت و خێزانەکان هەڵبوەشێنەوە و منداڵەکان تیا بچن، بەهەمان شێوە لەگەڵ زۆر حاڵەتی ناکۆکی داراییدا لەنێوان ئەو کەسانەی لەبازرگانیدا هاوبەشن جیبەجێمان کرد، لەنێوان ئەو برایانەشدا کەلەسەر دابەشکردنی میرات ناکۆکی کەوتبووە نێوانیان، هەموو ئەم حاڵەتانە کۆتاییەکەیان دڵخۆشکەر بوون، وەك ئەوەی هەمیشە مەرجێکی سەرکەوتنی بریتی بێت لەپاکی بیرکردنەوە و هێزی نیەتی ئەوکەسەی بۆی نێردراوە لەگەڵ حاڵەتی ئەرێنیدا.

یەکێك لەکارە گرنگەکان کەپێویستە لەبەرچاو بگیرێت لەکاتی کارکردن بەڕێسای وزەکەت بەکار بهێنە نەك هێزت، ئەوەیە تۆ بەتەنها سەیرکردنی کەسێك کە نیشانەی نیعمەتێکی پێوە دیار بێت، یەکەم شت کە لەسەرت پێویستە ئەوەیە بیرۆکەی ئەرێنی بۆ بنێریت، پیرۆزبایی ئەو نیعمەتەی لێ بکەیت، ئومێدی بەردەوامی و بەرەکەت و زۆربوونی بۆ بخوازیت، پاشان دوای ئەوە بپارێتەوە و داوای ئەوە و باشتر بۆ خۆت بکەیت.

لەمباریەوە «دەیڤید هاوکینز» لەیەکێك لە گرنگترین دۆزینەوەکانیدا دەڵێت: ئەگەر ویستت ئامانجێك بەدەست بهێنیت، با لەرینەوەکانت (بیرکردنەوەکانت) یەکسان بێت بە لەرینەوەی ئەو ئامانجە، واتە یەکسان بێت بە بیرۆکە و لەرینەوەکانی ئەوانەی کە هەمان ئامانجیان بەرلەتۆ ئەنجامداوە.

ئەگەر ویستت ئامۆژگارییەکی گرنگی کەسێك بکەیت، ترسایت لێت تورە بێت و بەهەڵە لێت حاڵی بێت، ئەوا لەدورەوە ئامۆژگارییەکەی بۆ بنێرە، چەندینجار دووبارەی بکەرەوە، پێویستە هەموو جارێك متمانەت بەوە هەبێت کە

بیرۆکەکەت پێی گەیشتووە، لێرەدا گرنگ نییە بزانێت کێ ناردوویەتی. لەیادت بێت تۆ لێرەدا بیرۆکەکەی بۆ دەنێریت تا ئامۆژگاری بکەیت و ڕێنمایی بکەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست نەك بۆ ئەوەی خۆت بەباشتر یان بەرزتر لەو بزانیت، ووزەکەت بەکار بهێنە نەك هێزەکەت.

لەبەهاری عەرەبی و شۆڕشی وڵاتانی عەرەبیدا چی ڕوویدا؟ ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو هەمووان هێزیان بەکارهێنا نەك ووزەیان، ئەمەش بووە هۆی هاتنە ئارای کاردانەوەی پێچەوانە، بەهەمان ئاراستە و بەهەمان توندی، لەکۆتایشدا بووە هۆی ئەوەی بچنە تونێلێکی تاریکی وێرانکەری خودیی.

ئەوەی دەبینرێت ڕۆژانە بەهۆی ڕەفتاری تاوانبارە بێ مێشکەکانەوە بونیاتی مادی دەڕوخێت، ئەمە کاردانەوەی ئەو بیرۆکە ململانێکار و بکوژانەیە کەلەناخی خەڵکیدا هەیە، سەرەتا خاوەنی بیرۆکەکانی تیا برد، پاشان موڵك و سامانیان.

سوودمەندی کۆتایی تەنها ئەو دوژمنە دڵ پڕکینەیە کەلەپەنهاندا کار دەکات و هەوڵی بەردەوامی پێدانی جەنگەکە دەدات و کۆشش دەکات بۆ ڕێگریکردن لەڕاوەستانی، بۆ ڕاگرتنی ئەم نەهامەتییە چەندین یاسای گەردوونی هەیە کەخوای باڵادەست ڕێکی خستوون، ئەوەی لەسەر مرۆڤە تەنها تێگەیشتن و باش جێبەجێکردنییەتی... « حتى يغيروا ما بأنفسهم».

ئازادی بیروڕا هێزە، ئازادی بیرکردنەوە ووزەیە، یەکەمیان هەمیشە گرەنتیکراو نییە، دووەمیان لەنێو خۆتدایە و لەژێر حوکمی تۆدایە، ئەگەر ئەوەی لەناختدایە (وزە) وەبەرتهێنا و لەسایەی فەرمانڕەوایی خۆتدا، ئەوا ئەوەی لەدەرەوەت دەتەوێت (هێز) بەدەستت هێناوە: ﴿لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ...﴾: کۆمەڵێك

فریشتەی هەیە کەیەك لە دوای یەك دێن، لەپێشیەوەو لەپشتیەوە ئامادەن و پارێزگاریی دەکەن بەفەرمانی خوا. بێگومان خوا ئەوەی لەهەر هۆزو نەتەوەیەك هەیە ناگۆڕێ، تاکو ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن)(الرعد:١١).

یاسای لەرینەوەکان دەڵێت: ئەوەی لێت دەردەچێت ئەوا چەندهێندە بۆت دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە کاتێ لەرینەوەی ئەرێنی بۆ خەڵك دەنێریت ئەوا کۆپییەکی ئەوەی خۆت بەچەندهێندە زیادەوە بۆت دەگەڕێتەوە. ئەمە کرۆکی ئەوەیە تائێستا فێری بووین کە ئەویش (وزەی وشەکانە)، زمان وزەیەکی کاریگەرە، ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، سەربشکیت لەمەدا ئەوەی لێت دەردەچێت و لەوەشی بۆت دەگەڕێتەوە.

کایەی وزەیی (الحقل الطاقي) و بیردۆزەی بونیاتنان و خۆوێران کردن:

«شارەکان لەسەر پایەی ڕۆحی ڕادەوەستن، هەروەک ئاوێنە زەبەلاحەکان، ڕەنگدانەوەی دڵی ئەوانەن کە تێیدا نیشتەجێن، ئەگەر ئەو دڵانە تاریك بن و، ئیمانی خۆیان لەدەست دابێت، ئاوێنەکەش ڕەونەق و جوانی خۆی لەدەست دەدات. ئەمە بەسەر زۆر شار هاتووە، بەردەوامیش ڕووەدات»

ئەلیف شەفەق (ڕۆمانی چل ڕێساکەی عیشق)

هەر مرۆڤێك، لەچرکەساتی پێکهاتنی سەرەتایەوە بواریکی ووزەیی نەبینراوی هەیە، بە هاڵە یاخود کایە ناودەبرێت، ئەم کایەیە لەسەر شێوەی هێلکەیی دەبێت و بەتەواوەتی دەووری جەستەی مرۆڤ دەگرێت، ئەمە لەگەڵ سەرەتای پێکهاتنیەوە دروست دەبێت، هەموو شتێك لەگەردووندا ئەوەی هەیە، تەنانەت ئەو پێکهاتانەشی کە بەمەجازی ناومان لێناون بێگیان(جماد)ەکان, ئەوانیش کایەی ووزەیان هەیە، ئەویش لەچرکەساتی دروستبوونی ئەو شتەدا دروست دەبێت.

کایەی کچێکی بچوك، بەکامێرایی زانای ڕوسی «کیریلیان»

هەر مرۆڤێك کایەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەو مرۆڤە کاتێ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کەسێکی تردا پێکهێنا لە چوارچیوەی دامەزراوەیەکدا گرێبەستیان ئەنجامدا بەنیەتێکی مکوڕ لەسەر بونیاتنانی -بۆ نموونە وەك هاوسەرگیریی- ئەوا ئەو دوو مرۆڤە کایەیەکی دوانەیی نوێ پێکدەهێنن، ئەویش کایەی کۆی خێزانە، تێیدا هەردوو کایەی ژن ومێردەکە دەچنە ناویەکەوە، لەچوارچێوەیەکی هەمووەکی گەورەتردا, کەلە هەردووکیان پێکەوە پێکدێت، کە بریتییە لە کایەی خێزان، بنەماڵەش بەهەمان شێوە.

بۆ ڕاڤەی ئەم پێکداچوونە نموونەیەکی باو دەهێنینەوە کەهەمووان دەیزانن، ئەگەر تۆ پارچەیەك ئیسفەنجت خستە حەوزێکی ئاوەوە، ئەوا ئیسفەنجەکە لەئاوەکەدا، ئاوەکەش لە ئیسفەنجەکەدا، هەردووکیان بەیەکداچوون، ئەم

بەیەکداچوونەی نێوان ئیسفەنج و ئاو واتای نەمانی مادە و سروشتی هەریەکە لە پێکهێنەرە بەیەکداچووەکان نییە. هەروەها بەیەکداچوونی وزەیی یان یەکگرتنی وزەیی کایەیەکی نوێی گشتی دروست دەکات، هەر کایەیەکیان تێیدا سەربەخۆیی خۆیی و بوونی خۆی وێڕای یەکگرتنەکەی پاراستووە، مەگەر گۆڕانکاری لەیەکێك لە کایەکاندا ڕووبدات بەهۆی گۆڕان لەبیرکردنەوە و شێوازی بیرکردنەوە بۆ نموونە:

بەهەمان شێوە هەر دامەزراوەیەکیش کە مرۆڤەکان بەپێی گرێبەستێك بەنیازێك لەمێشکەوە دایدەمەزرێنن و کاری تێدا دەکەن، ئەو نیازانە کایەیەکی وزەیی پێکدەهێنن کە کایەی هەموو ئەو تاکانە لەخۆ دەگرێت کە کاری تێدا دەکەن و هەست بە ئینتما دەکەن بۆی. هەموو دامەزراوەیەکی بازرگانی یاخود پیشەسازیی یان جگە لەوە، کایەی ووزەیی خۆی هەیە کەبەهۆی لەرینەوەی هەموو تاکەکانیەوە کاریگەری لەسەر دروست دەبێت، بەتایبەت تاکە کاریگەرەکانی نێوی.

لەبەر ئەوە هەموو دامەزراوە هۆشیارەکان هەوڵدەدەن، کەسە ئەرێنیەکان (ئەوانەی لەڕووی وزەوە پاکن) بخەنە سەر کار، لەترسی ئەوەی کایەی هەمووەکی دامەزراوەکە پیس نەبێت و کاریگەریی ئەو تاکانەی لەسەر نەبێت کە لەرینەوەی نەرێنی دەردەکەن و لەوانەیە قازانجەکانی دامەزراوەکە بەرەو تیاچوون ببەن، لەوانەیە ژیانیشی لەناو ببەن.

ئایا شارەکان کایەی ووزەیی هاوبەشیان هەیە؟

بەڵێ هەر شارێك کایەی ووزەیی هاوبەشی هەیە، بەشێوەی ئەرێنی و نەرێنی دەکەونە ژێر کاریگەری لەرینەوەکانی ڕۆڵەکانی ئەو شارە و نیشتەجێ کاتییەکان و میوانەکان. هەموو ئەوەی لەو شارەدا ڕووەدات لە باشیەکان (بەرزبوونەوەی ڕۆحی، چالاکی زانستی، دەستکەوتی مەدنی ئاوەدانکاریی و... هتد) بە کاریگەریی گەورەی سەروەریی بیرکردنەوە(لەرینەوە) ئیجابییەکان لەو شارەدا ڕووەدەن.

هەموو ئەو نەرێنییانەی لەو شارەدا ڕووەدەن (تاوانکاریی، نەخۆشیەکان، حاڵەتەکانی تەڵاقدان، ڕوودواوەکانی هاتوچۆ و...هتد) بە کاریگەریی گەورەی بڵاوبوونەوە و سەروەری بیرکردنەوە (لەرینەوە) نەرێنییەکان لەو شارەدا ڕووەدەن.

دەمێنێتەوە ئەوەی پۆلێنکردنی ئەو شارە بە ئەرێنی یان نەرێنی و ژیان تێیدا بەبەختەوەری یان ناڕەحەتی بۆ جۆری ئەو لەرینەوانە دەگەڕێتەوە کە زاڵە تێیدا، ئەرێنی بێت یان نەرێنی.

لەسەر ئەمە پێوانە بکە، کایەیەك هەیە بۆ کۆمەڵگا، بۆ دەوڵەت، بۆ ئوممەت، کایەیەکیش بۆ گۆی زەوی کە هەموو کایەکانی ئادەمیزادەکان بەتاك و کۆمەڵە و شارو کۆمەڵگاکان و نەتەوەکان و دامەزراوە مەعنەوی و مەدەنییەکان لەخۆ دەگرێت، ئەم بواره، وەك هەریەك لەبواره بچوك و گەورەکان، داخراو نییە، بەڵکو بەسەر ناوەوە و دەرەوەدا کراوەیە، بەهەردوو ئاراستەکەدا کاریگەری ئاڵوگۆڕ پێدەکەن. دەمێنێتەوە ئەو جۆری ژیانەی کە دەژین، بەڕادەیەکی زۆر بۆ

جۆری ئەو کایانە دەگەڕێتەوە کە بە بیرکرنەوەکانی خۆمان و ئاستی کوالێتیان دروستمان کردووە.

بەڵام چۆن خۆبونیاتنان و خۆ وێرانکردن ڕووەدات؟

هەموو ئەوە لەمیانی کایە ووزەییەکاندا ڕووەدات، هەموو کایەیەکی ووزەیی ئەرێنی(باش)، پێکهینەرەکانی لەسەر بناغەی بونیاتنانی خود کاردەکەن. هەر کایەیەکی ووزەیی نەرێنی(خراپ)یش، پێکهینەرەکانی لەسەر بناغەی خۆ وێرانکردن کار دەکەن، ئەمە لەسەر هەموو کایەکان جێبەجێ دەبێت، لەسۆنگەی کایەی ووزەیی مرۆڤی تاکەوە، بەتێپەڕبوون بە مرۆڤی خێزان و کۆمەڵگادا، تا دەگاتە مرۆڤی گەردوون. ئەمە لەهەموو کایە مادی و تەندروستی و سۆزداری و ڕۆشنبیری و خێزانی و سیاسی و ئاسایشیدا دەبێت.

هەر کایەیەکی ووزەیی بە بیرۆکەیەك و بیرۆکەیەکی دژی تێر دەبێت، یەکێکیان نەتوانێت بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ ببێت، ئەوا بازنەکانی خۆ وێرانکردن دەست پێدەکەن، چونکە هەر کارێك کاردانەوەیەکی دژی هەیە، لەتوندیدا یەکسانە بەو و لەئاراستەشدا پێچەوانەیەتی.

نموونەیەکی کرداریی:

ئەگەر کەسێك مێزێك بۆ ئاراستەیەکی تر پاڵبنێت، کەسی بەرانبەریش لەهەمان کاتدا هەستێت بە پاڵنانی مێزەکە بەرەو ئاراستەی پێچەوانەو بەهەمان هێز، چی بەسەر مێزەکەدا دێت؟ هیچ ناجوڵێت و لەشوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە ژێر دوو هێزی دژبەیەکی یەکسان.

خۆ ئەگەر کەسی یەکەمیان داوای لەکەسێکی تر کرد هاریکاری بکات لەپاڵنانی مێزەکەدا، کەسی بەرانبەریش کەسێکی هێنا کەهەمان هێزی هەبوو، چی بەسەر مێزەکەدا دێت؟ بەهەمان شێوە لەشوێنی خۆیدا دەمێنێتەوەو ناجوڵێت.

بەڵام ئەگەر ئەم جارە کەسی یەکەم پەنای بۆ هێزێکی زۆر گەورتر برد بۆ پاڵنانی مێزەکە، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەیجوڵێنێت, مەگەر کەسی بەرانبەریش پەنای بۆ هێزێکی هاوتای ئەو ببات، مێزەکە چی بەسەر دێت؟ ئەم جارەش مێزەکە بە هیچ ئاراستەیەکدا ناجوڵێت، بەڵکو لەشوێنی خۆیدا تێکدەشکێت بەهۆی کاریگەری دوو هێزی پێچەوانەی گەورەو یەکسانەوە، ئەمەش پێی دەوترێت داڕوخان لەسایەی بەفیڕۆدانی ووزەدا.

لەکاتی پرۆسەی خۆوێرانکردنیشدا هەمان ئەوە ڕوودەدات، بەڵام پرۆسەیەکی نێوخۆییە نەك دەرەکی، بونیاتی مادی دەرەکی زۆر خۆی ناگرێت بەدەم ووزە ناوەکییەکەوە دەچێت و دەست بەداڕوخان دەکات، ئەو کاتە کەس هۆکاری ئەو وێرانکارییە (نەخۆشی، هەژاری، جەنگەکان، پەرتەوازەیی خێزانی و کۆمەڵایەتی، ڕووداوە سروشتییەکان و... هتد) نازانێت، ناشزانێت چۆن ڕایبگرێت.

ئەمە بەهۆی ئەوەی چونکە خەڵکانێکی کەم دەزانێت کە ڕیشەی هەموو ڕووداوێك دەرەکییە، ئەمە بیرۆکەیەکی ناوخۆییە لەرینەوەی باش یان خراپی دروست کردووە و ئەنجامێکی گونجاوی لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیدا بووە، لەبەر ئەوە پێشتر وتمان هەموو مرۆڤێك (تاك یاخود کۆمەڵ) بەشدارێکی کارایە لە دروستکردنی قەدەریدا.

«ئایا شارانێك نابینن بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر خۆش و جوان دەبن، شارانێکی تریش وردە وردە وێران دەبن، کەسیش ناتوانێت شتێك بکات بۆ

ڕاگرتنی ئەو وێرانکارییە، بەشوێن بیرکردنەوە و شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکی ئەو شارانەدا بگەڕێن»

ڕاڤەی ئەمە بەنموونەی زیاتر:

هەموو ئەو کەسانەی یادگاری (بیرکرنەوە، ووشە)ی نەرێنییان لەیاد ماوە, هەردەم لەهەموو ڕۆژێکدا لەوانەیە لەهەموو کاتژمێرێکدا دووبارەی بکەنەوە، ئەمەش وادەکات سۆزی نەرێنی ئازاربەخش ژیانیان پیس بکات و هەمیشە ئەو هەستەیان پێبدات کە جەستەیان قورسە و پاش کۆششێکی کەم خێرا ماندوو دەبن و دڵەڕاوکێی بەردەوام و ترسیان هەبێت لە ئایندە و نادیار کەسەرچاوەکەی نازانن... ئەنجامی ئەمە لەسەریان چییە؟

لەبواری تەندروستیدا، کاتێکی زۆر تێناپەڕیت بونیاتی مادی (ئەندامەکانی ناوەوە، وەك دڵ و گورچیلە و گەدەو ڕیخۆڵە) دەست بەداڕوخان دەکەن، چونکە کایە ووزەییەکەیان تێر بووە لە ووزەی نەرێنی، کە کار لەسەر بنەمای خۆوێرانکردن دەکات.

چونکە ووزەی نەرێنی ئەگەر شتێکی دەستنەکەوت وێرانی بکات، ئەوا خاوەنەکەی وێران دەکات، نەخۆشیەکە سەرەتا لەسەر ئاستی ووزەیی دەستی پێکردووە، پاشان گواستوویەتیەوە بۆ بونیاتی مادی، سەرەتای هەر نەخۆشییەك لای مرۆڤ بە بیرۆکەیەکی نەرێنی لەناخیدا دەستی پێکردووەو ڕەگی داکوتاوە و ڕۆڵی خۆی لە خۆوێرانکردنیدا بینیووە، لەبەر ئەوەی بونیاتی وزەیی ڕەسەنی ساغ بەرگری دەکات، بەڵام بەدبەختی بەحاڵی ئەو کەسەی بیرۆکەی نەرێنیی دەجوێتەوە، وەك چۆن حوشتر گەنجینە خۆراکیەکەی پشتی دەجوێتەوە.

کاتێکی زۆر نابات ڕەوشی دارایی ئەو مرۆڤە دەست بەداڕمان دەکات، ئەمەش لەئەنجامی ڕەوشی وزەیی کە بووەتە دژی کەینونەی سروشتی، ئەگەر بازرگان بوو لەکارەکەیدا بازاڕی نامێنێت، ڕەفتاری ناڕەحەت و مامەڵەی سەخت لەکڕیارەکانی دەبینێت، کێشەکە لەوەدایە پێی وایە کێشەکە لەواندایە (لەدەرەوە)، نازانێت چارەسەری کێشەکە لەناوەوەی خۆیەتی.

لەسەر ئاستی کۆمەڵ، کۆمەڵە لەچەندین تاك پێکدێت، خۆ ئەگەر لەرینەوە نەرێنییەکان لەناوەوەی هەریەکەیان زیادی کرد و وای لێهات ژمارەی کەسە نەرێنییەکان زۆر زیاتر بوو لەکەسە ئەرێنییەکان، ئەوا دەستبەجێ بنەمای خۆوێرانکردن لەو کۆمەڵگایەدا دەست پێدەکات، سەرەتا لەسەر ئاستی وزەی هەست پێنەکراو، پاشان دوای ماوەیەك کە درێژە ناکێشێت وێرانبوون لە بونیاتی مادیی لە باڵەخانەکان یان دامەزراوەکان دەست پێدەکات، دەبینیت دامەزراوەکە هەیە بەڵام هەرگیز کارێکی باش ناکات.

لەم میانەیەدا خانەی شێرپەنجەییمان بەیاد دێتەوە، کە خانە ساغەکان لەجەستەدا دەخوات و بەردەوام دەبێت لەخواردنیان تا لەناوی دەبات، پاشان هیچی دەستناکەوێت بیخوات و وێرانی بکات، بۆیە دەست دەکات بە خۆوێرانکردن و خاوەنەکەی بەرەو تیاچوون دەبات، سەیر نییە کە نەخۆشی شێرپەنجە بە نەخۆشی ئەو کەسانە دادەنرێت کە تورەبوونێکی تۆندیان خەفە کردووە و لەتوانایاندا نەبووە لەیادی بکەن و نەیانتوانیووە بەڕاگەیاندنی هەناسەیەك بدەن.

چیرۆکێک:

پیاوێك گەیشتبووە تەمەنی سەرو حەفتا ساڵ، لەتەمەنی بیست ساڵییەوە تووشی نەخۆشی ئازاری یەکلای سەر(شەقیقە) بوو، ژیانی کردبووە دۆزەخێك بەرگەی نەگیرێت، سەرئێشەیەکی نیوەی سەر ڕۆژانە لە هەموو خۆشیەکانی ژیانی بەهەموو شێوەکانی بێبەش کردبوو، کاتێ گەیشتە تەمەنی حەفتا ساڵی، لەپڕ ئازاری شەقیقەکەی ڕاوەستا و بۆهەمیشەیی نەخۆشیەکەی نەما.

ئەو پزیشکانەی بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ دەستەوسان بوون لەکەمکردنەوەی ئازارەکەی، بەهەمان شێوە دەستەوسان بوون لە لێکدانەوەی هۆکاری لەپڕ نەمانی، بەڵام، پاش گوێگرتن لە بەشێك لە وردەکارییەکانی ژیانی، زانیمان سەرئێشەکەی نەما دوای ئەوەی بەشێك یان هەندێك جار هەموو یادگە(ذاکرة) ی لەدەستدا... باشە پەیوەندی ئەوە بەمەوە چییە؟

هەروەها زانیمان ئەم پیاوە بەدرێژایی ژیانی گیرۆدە بووە بەدەست ستەمی برا گەورەکەیەوە، کە پاش ئەوەی باوکیان بەجێی هیشتبوون و ئەم منداڵ بووە، برا گەورەکەی دەستی بەسەر میراتیی باوکیاندا گرتووە و بۆخۆی بردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە ڕەوشێکی مادی لاوازدا ژیان بەسەر ببات لەکاتێکدا برا گەورەکەی بەو سامانەی لە میراتیی باوکی دەستی بەسەردا گرتبوو بەخۆشی دەژیا.

ئەم پیاوە بۆ زیاتر لەپەنجا ساڵ بەردەوام بووە لەقسەکردن لەسەر براکەی کە دزیی لێ کردووە، ڕۆژێك لەڕۆژان لێی خۆش نەبووە، بۆیە ڕق و کینەیەکی خەفەکراوی لەدڵدا کپ کردووە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەیوتەوە، هەتا وایلێهات

هەرچی پێی گەیشتووە، تەنانەت ئەگەر گەیشتبێت بەڕێبوارێکیش ئەو چیرۆکەی لەگەڵ براکەی زانیوە.

بەردەوام باسی براکەی بەخراپی دەکرد، ئەمەش لەرینەوە خراپەکانی پێچەوانە کردووەتەوە و لەتەمەنی بیست ساڵیەوە بردوویەتیە حاڵەتی خۆوێرانکردن و شکستی یەك لەدوای یەکی هەموو جۆرەکانی بونیاتە مادی و مەعنەوییەکانی، ئەم خۆخواردنەوەیە بەردەوام بووە تا یادگەی لەدەست داوە.

بەلەدەستدانی یادگەی، براکەی لەیاد نەماوە، بەوەش نەخۆشی شەقیقەکەی نەماوە، ئەگەر پێشتر لە براکەی خۆش بووایە ئەوا دەچووە حاڵەتی بونیاتنانی خودی و مافەکانی بەدەست دەهێنانەیەوە، با لەڕێگای تریشەوە بوایە، هەرکەس باوەڕ بەمە ناکات، با هونەری لێبوردن تاقی بکاتەوە.

لێخۆشبوون یارمەتیت دەدات لەسەر پاککردنەوەی کایە وزەییەکانت، بەوەش ئامادە دەبیت بۆ وەرگرتنی هەموو باشەیەك، وەك جێبەجێکردنێکی کرداریی گەڕانەوە (یاسای لەرینەوەکان) ئەوەی لەتۆ دەردەچێت بەچەندقات بۆت دەگەڕێتەوە، ئەمە بنەمای خۆوێرانکردن و ، خۆبونیاتنانە، هەموو نەهامەتیەکانمان لەخۆمانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە ڕوونتر لەیاسای بەرپرسیارێتیدا دەبینین کە دەڵێت: هەموو ئەوەی بەسەرت دێت و لەخۆتدا ڕوودەدات و دێتەڕێت هەمووی لەخۆتەوەیە.

ئایا بەئاگا هاتن: براکەو- نەخۆشیی شەقیقە.

لەوانەیە هەندێك بڵێن: براکەی ستەمکار بووە، ئەویش هۆکار بووە، بەڵێ ئەو ستەمکارە، ئەویش هۆکارە، منیش ئەوە دەزانم، بەڵام نازانم چەند بازنەی خۆوێرانکردن تووشی ئەو برایە بووە؟ هەموو ئەوەی دەیزانم ئەوەیە بەگوێرەی یاسای گەردوونی، ئەو هەموو ژیانی لە بازنەکانی خۆوێرانکردندا بەسەربردووە.

ئایا شتێکمان وتووە؟ ئایا شتێ فێربووین؟

هاوسەنگیی وزەیی:

ئەگەر دوو پەرداخ ئاو بهێنین، یەکێکیان (کوڵاو) بێت، ئەویتریشیان (بەستوو)، ئاوی هەردوو پەرداخەکە تێکەڵ بەیەکتر بکەین، ئەوا هەردوو تێکەڵ کراوەکە یەك پلەی گەرمییان دەبێت، ئەویش بریتییە لەگەرمی ناوەندی هەردوو گەرمییەکە، ئەمە ناوی هاوسەنگی گەرمییە.

لێکدانەوەی زانستیانەی ئەم ڕووداوە ئەوەیە، ئەو مادەیەیان کە گەرمییەکەی زیاترە لەگەرمییەکەی خۆی دەداتە ئەوەیان کە گەرمییەکەی کەمترە، نەك بەپێچەوانەوە بێت، چونکە ئەو تۆخمەیان کە وزەی بەرزترە ئەو تۆخمی کاریگەرە و وزە دەبەخشێتە ئەو تۆخمەی تریان کە وزەی کەمترە.

کارەکە سەبارەت بە دابەشبوونی وزەش لەهەموو پێکهێنەرێك لەپێکهێنەرەکانی گەردوونیش بەهەمان شێوەیە، هەر تۆخمێك وزەکەی بەرزتر بێت تەنها بەنزیکبوونەوەی لەتۆخمێکی تر (چوونی بۆ نێو بواری) کە وزەی کەمترە، پرۆسەیەك دەست پێدەکات ناوی هاوسەنگیی وزەییە[1]. ئەمەش پرۆسەیەکە هاوشێوەی هاوسەنگی گەرمیی.

بۆ زانین، باپیرانمان لە کۆندا لەبیابانەکان نەخۆشە تووشبووەکانیان بەئێسکە نەرمە (الکساح) یاخود هەندێك لەحاڵەتەکانی ئیفلیجی بەشەکی یان هەمووەکی، بەشێوازی هاوسەنگیی وزەیی چارەسەر دەکرد، بەبێ ئەوەی ئەو

(١) هەروەها لەم حاڵەتەدا ئەوەی بە هەڵمژینی وزە ناودەبرێت ڕووەدات، تەنها ئەوانە وزە دەمژن کەلەدەستیان داوە، لەکەسانی ترەوە وەریدەگرن کەتێر وزەن، بەزۆری هەردوولا هەست بەمە ناکەن، پاش کەمێکی تر لەمە دەدوێین.

ناوەی لێ بنێن، بەڵام چۆن؟

نەخۆشەکەیان دەبردە دەرەوەی شار، بۆ ناوچەیەکی بیابانی چۆڵی پاك، چاڵێکیان هەڵدەکەند هێندەی باڵای نەخۆشەکە فراوان، لەبەیانییەوە هەتا ئێوارە لەو چاڵەدا دایان دەنا دوای ئەوەی زۆربەی لاشەیان بەخۆڵ دادەپۆشی، پاشان تەنها ئاویان پێدەدا، ئێوارە دەریان دەهێنا، زۆرجار بەتەواوەتی چاك دەبوویەوە.

لەم حاڵەتەدا چی ڕوویدا؟ ئەوەی ڕوویدا لاشەی نەخۆشەکە بەدەست زۆر کەمیی وزەوە دەناڵاند، دەروازەکانی وزەشی توانای مژینی وزەی پێویستی لەگەردوونەوە نەبوو، بە خستنە نێو ئەو چاڵە پاکە و دوور لەکاریگەرییەکانی ئادەمیزاد، لاشەکەی دەست بەمژینی وزەی پێویستی خۆی دەکاتەوە، لەڕێی پرۆسەی هاوسەنگیی وزە لەنێوان لاشە و ئەو زەویە پاکە تێر وزەیەدا.

لێرەوە زانیمان لەرینەوەکان لەژینگەیەکی وزە بەرزەوە دەگوازرێتەوە بۆ ژینگەیەکی وزە نزم، بەڵام پەیوەندی هەموو ئەمانە بەسەرکەوتن و ڕزگاربوونەوە چییە؟ پەیوەندییەکە ئەوەیە هەموو مرۆڤێك وزەیەکی بەرزی ئەرێنی هەیە، دەتوانێت کاریگەری هەبێت (بەتەنها هەر ئەو دەتوانێت) لەسەر مرۆڤێك کە وزەیەکی نزمی هەیە، ئەگەر وێستت گۆڕانکاریی لە مرۆڤێکی ئازیزتدا دروست بکەیت، سەرەتا خۆت بەرەو باشتر بگۆڕە، ئەویتر لێ بگەڕێ بۆ یاساکان تا کاری خۆیان بکەن.

هەروەك «دەیڤید هاوکینز» لە کتێبی « power vs force» باسی کردووە وزەی هەرکەسێکی ئەرێنی, یەکسانە بەوزەی چوار هەزار کەسی نەرێنی، لەمەوە ئەم هاوکێشەیەی هەڵێنجاوە: شارێك ژمارەی دانیشتووانەکەی چوار ملیۆن کەس بێت، بەسیەتی هەزار کەسی گەشبینی تێدا بێت, بۆ ئەوەی هەموو

ئەوانەی لەشارەکەدان دڵخۆش و دەروون ئارام بن.

چونکە هەموویان لەیەك کایەی وزەدا دەژین، ئەو کایەیەش بریتییە لەکایەی گەورەی شارەکە، کە کۆبووەوەی کایە وزەییەکانی تێکڕای ڕۆڵەکانی ئەو شارەیە، دەرئەنجامی نیەتی هاوبەشیکردنی ژیان لەو شارەدا پێکدەهێنن (بگەڕێوە بۆ بیرۆکەی کایەکانی وزە).

هەڵمژانی وزە، حەقیقەتە یان خەیاڵ:

لەڕوانگەی بیرۆکەی هاوسەنگی وزەوە، بەیەکگەیشتنی خەڵکی لەگەڵ یەکتر، بەمەبەست یاخود بە ڕێکەوت، پرۆسەیەکی سەیر و بێ مەبەست ڕووەدات، بۆ هەندێك بەسوودە، بۆ هەندێکیش لەناوبەرە، ئەم پرۆسەیە بە مژینی وزە ناودەبرێت!!

کەسە خاوەن وزە نزمەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن لەکەسانێکی خاوەن وزەی بەرز نزیك ببنەوە، ئارەزووکردنێکی خۆنەویستانە، چونکە لەنزیکبوونەوەی ئەوانەدا هەست بە حەوانەوە و دڵنیایی دەکەن، بەڵام ئەوانەی خاوەنی وزەی بەرزن لەو کاتەدا هەست بە ماندوویەتی و بێزاری و دڵتەنگی دەکەن لەو کەسانەی دەوروبەریان, کە زۆر لەگەڵیان دادەنیشن یاخود ڕادەوەستن بە بیانووی سوود وەرگرتن لە زانستەکەیان یان بەهۆی ڕێزگرتنیان و بەرز سەیرکردنیانەوە.

لەوانەیە ئەم کارە کەسانی خاوەن وزەی بەرز بگەیەنێتە بێزاربوون و دەرخستنی نیشانەکانی تووڕەیی و بێزاریی خۆنەویستانە و بەشێوازێك کە هەندێکجار دەسەڵاتی بەسەریدا نامێنێت، ئەگەر وێستت ئەم حاڵەتە بزانیت ئەوا تەنها

ئەوەت لەسەرە پرسیار لەیەکێك لەزانایان یاخود کەسە بەناوبانگەکان بکەیت, باسی هەستی خۆیت بۆ بکات, کاتێ بەبیانووی سوود وەرگرتن لە زانستەکەی یان تەنها حەزکردن بەنزیکی لێی, کەسانێك لەدەوری کۆدەبنەوە، ئەوا بۆت دەسەلمێنن لەو جۆرە گردبوونەوانەی خەڵکدا هەست بە حاڵەتێکی تورەیی بەئازار و ڕەوشێکی جەستەیی ماندووی بێزارکەر دەکەن.

کەس لەم ڕەوشە دەربازی نابێت، مەگەر ڕاهێنەرێکی ڕاهاتوو لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە حاڵەتانە، یان ئەو کەسانەی خاوەنی وزەی زۆر زۆر بەرزن و خۆیان بە دەروازەیەکی نور و وزە بۆ کەسانی تر دادەنێن، ئەوانە دەزانن یەکێك لەئەرکەکانیان لە دونیادا بریتییە لە گواستنەوەی وزەی مەعنەوییان بۆ ئەوانەی نیانە، بۆ ئەوانەی ناتوانن بەخۆڕایی لەگەردوونەوە هەڵیمژن، بەڵام هەرگیز سوودمەند نابێ ئەو کەسەی توانای وەك ئەو بوون و خەزنکردن و پاراستن و ئاڵوگۆڕکردنی نییە.

هەڵمژانی وزە، زۆربەی جار کەسانێکی ماندووی بێزاری بێئومێدن، خاوەن زمانێکی نەرێنین، لەکاتی گەیشتن بەهەندێك لەکەسایەتییە ئایینیەکان یاخود کۆمەڵایەتییەکان هەست بە دڵدانەوەیەك دەکەن، بەڵام پاش دووركەوتنەوە لێیان دەگەڕێنەوە بۆ لاوازی و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان، ئەویش ناسنامەی قوربانییە، کە سکاڵا دەکات و سکاڵا دەکات و سەرزەنشتی هەموو شتێکی گەردوون دەکات، بە تاڵ و شیرینیەوە.

ئەگەر کەسێکی ئەرێنیت و خاوەن وزەی باشیت، ئامۆژگاریت دەکەم دوور بکەوە لەو کەسانەی کە لەدوانەیی جەلاد و قوربانی (الجلاد/الضحية)دا

دەژین[1]، چونکە ئەو کەسانە بەهۆی ئەوەی بەسەر خۆیانیان هێناوە قوربانین، هیچ ڕێگایەکیش نییە بۆ دەربازکردن و ڕزگارکردنیان بەتەواوەتی لەحاڵەتی مژینی وزەی کەسانی تر, بەوە نەبێت گۆڕانکاری لەناخی خۆیاندا بکەن، ئەمەش ڕووندادات ئەو کاتە نەبێت کە خۆیان بڕیار بدەن کە گۆڕانکاری لەناخی خۆیاندا دەکەن.

بەڵام ئەگەر خاوەن وزەیەکی زۆر زۆر بەرزیت، بەتایبەت ئەگەر کەسێکی ڕۆحانی خاوەن توانا و لێهاتوویت، لێرەدا بەرپرسیارێتی ئەوەت لەسەرە کاریگەری لەسەر کەسانی تر دروست بکەیت و یارمەتیان بدەیت تا خۆیان بگۆڕن، لەسەرت پێویستە لەگەڵ کەسانی هاوشێوەت لەژینگەیەکی هاوبەشدا کار بکەیت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مرۆیی پێشکەوتووی ڕۆحانی و ڕۆشنبیریی و ئەخلاقی، چونکە کۆبوونەوەی ئەو خاوەن وزە زۆر زۆرانە گۆڕانکاری لەمێژوودا دروست دەکات.

ئاگاداربە، لەوانەیە نموونەی ئەوانە (خاوەن وزە باڵاکان) هەیانبێت وزە باڵاکەی قۆزیبێتەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر کەسانی تر و دروستکردنی سەرکردایەتی ڕۆحی یان کۆمەڵایەتی یاخود تەنانەت سیاسی, تا خەڵکە ڕەشۆکەکە بۆ بەرژەوەندی پەتیی خۆی بقۆزێتەوە. بەمجۆرە یاسای گەڕانەوە (لەرینەوە)کانت لەیاد بێت کە دەڵێت: ئەوەی لێت دەردەچێت چەند قات بۆت دەگەڕێتەوە.

---

(١) بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە دووانەیی (قوربانی و جەلاد) سەیری یاسای بنەڕەتی سێیەم بکە کەیاسای دووانەیە جەمسەرییەکانە.

ماوەتەوەی ئەوەی ئاگاداری بدەین هەندێك بیرۆکە کە مرۆڤ کاریان پێدەکات وزەی خۆی و وزەی کۆمەڵگاکەشی دەمژێت، بیرکردنەوە وزەی هەڵگرەکەی دەمژێت بەتایبەت ئەگەر بیرکردنەوەی دوژمنایەتی کەسانی تر بوو، لەسەرەتادا لەوانەیە ئەم بیرکردنەوەیە وایکردبێت هەست بە بوژانەوە و چالاکی بکات، هەستکردن بە بردنەوە و سەرکەوتنی پێ بەخشیبێت و، پاساوی ڕکابەریکردن و ململانێ و زاڵبوونی پێدابێت، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا دەکوژێت و دەکوژێت هەتا خاوەنەکەی ماندوو دەکات و ئەو کۆمەڵگایەش وێران دەکات کەتێیدا گەشەی کردووە و گەورە بووە، نموونەی ئەمانەش هەموو ئایدیۆلۆژیە قۆزەرەوە دوژمنکارانەیە کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەکۆن و نوێدا دەرکەوتن.

نموونەی کرداریی کاریگەری

(لەرینەوەکان/وشەکان/ بیرکردنەوەکان):

گەنجێك سەرسامبوو بەکچێك کە لەگەڵیدا کاری دەکرد، بۆ ماوەیەکی درێژ بیری لێ دەکردەوە، دووڵ بوو لەوەی قسەی لەگەڵ بکات یان بنێرێتە خوازیێنی، بەردەوام ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە: هەست بەترس ئەکەم بنێرمە خوازیێنی، من پارەی پێویستم نییە بۆ تێچوونی هاوسەرگیری، بەدڵنیاییەوە ڕازی نابێت و داواکەم ڕەت دەکاتەوە، بێگومانم خۆیشی ڕازی بێت باوکی ڕەتی دەکاتەوە.

دەربڕینی لەم چەشنە دیارە بەرەو دەرئەنجامێکی زۆر نەرێنی دەبات، ترس هێزێکی ترسناکی دژە، ئەو لەدژی خۆی بەکاری دەهێنێت نەك لەگەڵی بێت، بەڵام چارەسەر چییە؟ چارەسەر بەهەموو سادەییەکەوە بریتییە لە بەکارهێنانی

وزەکەت نەك هێزەکەت.

لەم حاڵەتەدا ئەوەی داواکراوە لێی ئەوەیە دابنیشێت و بیهێنێتە خەیاڵی خۆی و باوکیشی بەخەیاڵ بهێنێتە بەرانبەر خۆی، بەوپەڕی متمانە و دامەزراوییەوە قسەی لەگەڵ بکات، گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانەی ڕاشکاو و قسەی جوان ئەنجام بدات، چەندینجار لە ڕۆژێکدا بە لایەنی کەم بۆ ماوەی یەك هەفتە ئەمە دووبارە بکاتەوە، پاش ئەوە بەهەموو ئاسانیەکەوە بچێتە خوازبێنی، ئەوەیتر دەکەوێتە سەر قەدەرەکان کەبەشێکی گرنگی ئێمەن.

ئەگەر لەنێوان تۆ و کەسێکی تردا «هەڵە تێگەیشتن» دروست بوو، یان لەنێوان تۆ و کەسەکانتدا، هاوسەرەکەت، هاوڕێکەت، باوکت، دایکت، یان هەر مرۆڤێك، نەتتوانی پۆزشی بۆ بهێنیتەوە یان چارەسەری کێشەکە بکەیت، ئەوا هیچ پێویست بە پۆزشی ڕاستەوخۆ ناکات ئەگەر لەتواناتدا نەبوو، تەنها ئەوەت لەسەرە لەسەر ئاستی لەرینەوەکان ئاشتبوونەوە ئەنجام بدەیت، وشەی ئەرێنی بۆ بەرانبەرەکەت بنێرە، لەگەڵ پارانەوەی باش (بسم الله، ماشاء الله، لەبەر خوا خۆشم دەوێیت و ... هتد) ئەمانە لەکاتێکدا بڵێ بەخەیاڵ هێناوتەتە بەرانبەرت، بەردەوام بە لەناردنی ئەو لەرینەوانە، ڕۆژانە چەندینجار و بۆ ماوەی هەفتەیەك لایەنی کەم بەردەوامبە، هیوادارم سەرت سوڕ نەمێنێ بەو گۆڕانەی کە لەپەیوەندییەکەتاندا ڕووەدات.

پوختە: ئەگەر لەگەڵ کەسێك ناکۆك بوویت، نیەتی تۆ بەرانبەری باش بوو، تەنها بیرکردنەوەی باشی بۆ بنێرە، وەك: من مەبەستم ئازاردانت نەبوو، من لەبەر خوا خۆشم دەوێیت، ئەوەی لەنێوانماندا ڕووەدات هەڵە لەیەك تێگەشتنە بەویستی خوای گەورە ئێستا نامێنێت. لەم ڕووەوە لەیادتان بێت بۆ خۆتان و،

كەس و كارتان و، شارەكانتان، لەرینەوەی باش بنێرن كە بە لەرینەوەی ئاشتی ناسراوە، كاریگەری سەیری دەبێت، تەنها ئەوە ئەنجام بدەن بەوپەڕی متمانەوە.

گەورەمان عومەری كوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێت: «ئەگەر بروسكەیەك لەئاسمانەوە بێت ئەوا بەر كەسێكی داوای لێخۆشبوونكار (مستغفر) ناكەوێت».

وتیان: ئەوە چۆن دەبێت ئەی میری باوەڕداران؟

وتی: ئایا گوێتان لێ نەبووە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمْ وَأَنْتَ فِيهِمْ وَمَا كَانَ اللَّهُ مُعَذِّبَهُمْ وَهُمْ يَسْتَغْفِرُونَ: هەتا تۆ لە ناویاندابیت خوا سزایان نادا، كاتێكیش داوای لێبوردن دەكەن، خوا سزایان نادا)(الأنفال:٣٣).

یاسای ڕووداون (چۆن شتەکان لەگەردووندا ڕوودەدەن):

«ئەوەی ئێستا نایزانیت،
سبەی بەهۆی کارەساتێکەوە دەیزانیت»
فەیلەسوفێك

ئەمە لەگرنگترین یاسا لاوەکیەکانە کە بەشوێن یاسای لەرینەوەکاندا دەچێت، دروشمەکەی: هەر ڕووداوێك لەسەر ڕووی زەوی بەرجەستە (ملموس) دەربکەوێت، بەزۆری بنەڕەتەکەی بیرۆکە(لەرینەوە)یکی نادیارە، لەکاتی دەرکەوتنی ڕووداوەکەدا نازانرێت. ئەمە واتای ئەوەیە هەموو ڕووداوێکی مادی یان مەعنەوی، بەرجەستە (ملموس) یان نابەرجەستە (غیرملموس) دەرئەنجامێکی ڕوونی بەرچاوە لانی کەم لەسەر شێوەی شوێنەواری جیاواز. بەڵام ئەم دەرئەنجامە (شوێنەوارانە) هەردەم شتێك لەپێشیانەوە دێت کە لەگەڵ ڕۆژگاردا پەنهان دەبێت، ئەویش ئەو ڕەفتارەیە کە بووەتە هۆی ئەو دەرئەنجامە، بەڵام چی ئەو ڕەفتارەی هێنایە ئارا؟ ئەوە بیرۆکەیە، هەر ئەویش وشەیە، هەر ئەویش لەرینەوەکانە.

کەواتە هەمیشە، بەر لە دەرکەوتنی هەر دەرئەنجامێك، ڕەفتارێك هەیە، لەقوڵاییدا (کە تەنها کەسانی بەرچاوڕوون (خاوەن بەصیرەت) دەیبینن) بیرۆکەیەك یان کۆمەڵێك بیرۆکە هەیە بوونەتە هۆی ئەو ڕەفتارە، ئەو بیرۆکەیە هەروەك پێشتریش وتمان لەسەر شێوەی وشە (زمان) پەیدا بووە. ئەم بیرۆکەیە (وشەیە) لەچرکەساتی دەرکەوتنی بیرۆکەکەدا لەرینەوەکەی دروست کردووە، هەر ئەویشە ئێمە ناومان ناوە نیەت، هەر ئەویشە پێی دەڵێین زیندەخەو.

کێشەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەگەر دەرئەنجامێکی نەبینراومان بۆ دەرکەوت، هەندێك کەس دەبینین دەستبەجێ هەوڵی گۆڕینی بەدەرئەنجامێکی تر دەدات، ئەوەش ئەستەمە، کەواتە بۆ ئەوەی ئەنجامێك بگۆڕیت، سەرەتا لەسەرت پێویستە ڕەفتارت بگۆڕیت.

بەڵام سەرکەوتنی ئەوە بەتەواوەتی نییە، چونکە گۆڕانی ڕەفتار مەرج نییە ئەنجامی جیاوازی ئەرێنیت پێ بدات مەگەر بیرۆکەکە (لەرینەوەکە)ی قوڵایی ناخ ئەویش بەهەمان شێوە ئەرێنی بێت.

کەواتە گۆڕانی ڕاستەقینەی سەرکەوتوو بریتییە لەگۆڕینی ئەو بیرۆکە (لەرینەوە)ی لەناخدایە و دەبێتە هۆی ڕەفتارێکی بەتەواوەتی نوێ، ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتە هۆی ئەنجامێکی تەواو نوێ، ئەمە گۆڕانی ڕاستەقینەیە، گۆڕینی ئەوەی لەدەروونداید، کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەوەی لە واقیعدایە.

بەڵام ئایا لەسەرم پێویستە چاوەڕوان بم هەتا ئەنجامەکان دەردەکەوێت تا بزانم بیرۆکە و ڕەفتارەکانم تا چەند ڕاست بوون؟ بەتایبەت کە ئەم ڕەوتە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام دەبێت؟ ئایا لەسەرم پێویستە چەندین ساڵ چاوەڕوان بم تا دڵنیا بم بیرۆکەکانم ڕاستن و لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕۆم؟ یاخود ڕێگایەکی تر هەیە یارمەتیم دەدات لە دڵنیا بوون لەدروستی بیرۆکەکانم بەرلەوەی بکەومە ئەو ڕەفتارانەی لەڕووی کات و هەوڵ و سامانەوە تێچوویان زۆرە.

چارەسەر بەوپەڕی ئاسانییەوە لەو ناوچە ئاشکراکەردایە کە یارمەتیمان دەدا لە هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکانماندا بەرلەوەی بیانگوازینەوە بۆ ڕەفتار. بەڵام ناوچەی ئاشکراکەر کامەیە؟ ناوچەی هەست (شعور)ە، یاخود ئەو حاڵەتە هەستیەیە کە لەبیرۆکە(وشە)یەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ لێکدانەوەی ئەمە، قۆناغەکانی

ڕێزبەندی، قۆناغەکانی ڕووداوی شتەکان سەرلەنوێ دەخەینەوە ڕوو.

سەرەتا بیرۆکە لەدایك دەبێت، هەر ئەویش (وشە/ لەرینەوە)یە، پاشان دوای ئەوە و پێش گۆڕانی بیرۆکە بۆ ڕەفتار هەندێك هەست لای مرۆڤی بیرکەرەوە دەردەکەوێت، ئەو هەستانە یان ئەوەتا ئەرێنییە، یا ئەوەتا نەرێنییە، ئنجا ڕەفتار دێت و لەکۆتایشدا دەرئەنجام، کەواتە ڕێزبەندەکە بەم شێوەیەیە:

٤- دەرئەنجام (کە تەنها ئەو لەسەر ڕووی زەویدایە).

٣- ڕەفتار.

٢- هەستکردن لە ناوچەی دۆزەرەوە (سنگ و دڵ).

١- بیرۆکە/ وشە/ لەرەلەر/ نیەت/ زیندەخەون.

شتەکان بەم ڕێزبەندە ڕوودەدەن، هەر بەوەش یاسای ڕووداون تەواو دەبێت، هەروەك وتمان بۆ ڕووداوی گۆڕانکاری ڕاستەقینە، لەسەرمانە لەقوڵترین ئاستدا گۆڕانکاری بکەین، ئەویش (بیرۆکەکان/ لەرینەوەکانە).

بۆ ئەوەی دوور بین لە تێپەڕێن بە ئەزموونێکی تاڵ، کە چەندین مانگ و ساڵ درێژە بکێشێت، دواتر پاش ئەوە بۆمان دەربکەوێت بیرۆکەکانمان هەڵە بوون، دەتوانین خۆمان لەوە دوور بگرین ئەمەش لەڕێگەی ناوچەی دەرخەرەوە، هەموو بیرۆکەیەك شوێنەوارێك لەهەستدا بەجێ دەهێڵێت، ئەو شوێنەوارە ناتوانرێت بگۆڕدرێت ئەگەر (بیرۆکەکە/ زمانەکە) نەگۆڕین کە بناغەی هەستەکەیە.

«ئەگەر ویستت هەستەکانت بگۆڕیت، وشەکانت بگۆڕە»

هەموو ئەوەی لەسەر تۆیە ئەنجامی بدەیت ئەگەر بیرت لە بیرۆکەیەك کردەوە، چاودێری هەستەکانت بکە، فەرامۆشیان مەکە، مەیخە پەراوێزەوە بەبیانوی ئەوەی تۆ دەبێت شوێن عەقڵ بکەویت نەك سۆز، سروشتی ئاکاری مرۆڤ وایە هەموو ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە سەرەتا لەسەر هەستی ڕەنگ دەداتەوە. جا ئەگەر بەشێوەیەکی ئەرێنی بیر بکاتەوە (زمانێکی ئەرێنی/ لەرینەوەی ئەرێنی)، ئەوا هەستەکانی بەدڵنیاییەوە ئەرێنی دەبن، پێچەوانەکەشی پێچەوانە دەبێت.

کەواتە ناوچەی دەرخەر (هەستەکان) قەڵغانی پارێزەری مرۆڤە تا لەکاتی گونجاودا ڕابوەستێت، بەرلەوەی تێچوویەکی زۆری (کات- هەوڵ- سامان) لەکارێکدا بەفیڕۆ بدات، لە کۆتاییدا بۆی دەربکەوێت ئەو کارە لەسەرەتاوە بۆ ئەو نەبووە، هەموو کەسێك ئەوەی بۆ ئاسانکراوە کە بۆی دروست کراوە.

بەڵام چی دەبێت ئەگەر ناوچەی دەرخەر پیس بوو؟

ئەمە کاتێك ڕووەدات کە هەواو ئارەزوو و چاوچنۆکی و حەزەکان بەسەر مرۆڤدا زاڵ بووبێت، ئەو کاتە ڕەوا بەنارەوا دەبینێت، نارەوا بەڕەوا دەبینێت. ئەم جۆرە خەڵکە ناوچە دەرخەرەکەی هەندێك ئاماژەی هەڵەی پێ دەدات کە بەرەو تیاچوونی دەبات، چونکە هەر بیرۆکەیەك لەگەڵ ئارەزوویدا بگونجێت وەریدەگرێت نەك لەگەڵ حەق و کەینونەیدا.

لەوبارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا * الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا * أُولَئِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَلِقَائِهِ فَحَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَلَا نُقِيمُ

لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَزْنًا * ذَلِكَ جَزَاؤُهُمْ جَهَنَّمُ بِمَا كَفَرُوا وَاتَّخَذُوا آيَاتِي وَرُسُلِي هُزُوًا: بڵێ: ئایا پێتان بڵێم: زیانبارترین کەس لەکاردا کێیە؟ ئەوانەن کە هەوڵ و تێکۆشانەکانیان لە ژیانی دونیادا بەهەوانتەو بێ ناوەرۆك دەرچوو، کە لایان وایە کارێکی شیاوو شایستەیان ئەنجام داوە، ئەوانە کەسانێکن کەبە ئایەتەکانی پەروەردگاریان و بەگەیشتنی دیداری ئەو لەدواڕۆژدا کافرو بێباوەڕبوون, ئینجا لەبەرئەوە کردەوەکانیان نابوودو پووچەڵ بووە, ئیمەش لەڕۆژی قیامەتدا هیچ سەنگێکیان بۆ دانانێین, ئەوە تۆڵەیان ئاگری دۆزەخە لەبەر بێبڕوایی و گاڵتەکردنیان بەئایەت و بەپەیامبەرانی من)(الكهف: ١٠٣-١٠٦).

لەئایەتێکی تریشدا دەفەرموێت: (أَفَمَنْ زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ: ئاخۆ کەسێك کاری خراپی خۆی لا شیرین کرابێ، ئنجا بەچاکی بزانێ، وەکو کەسێك وایە کە بەخراپی بزانێ و، خۆی دووربگرێ لێی؟ دیارە نەخێر, جا بەڕاستی خوا ئەوەی بیەوێ گومڕای ئەکات، ئەوش بیەوێ ڕێنمای دەکات, جا تۆ لەداخی ئەوان خۆت لەناو مەبە, بەڕاستی خوا چاك دەزانێ ئەوان چ کارێ ئەنجام ئەدەن) (فاطر:٨).

هیچ چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەم کێشەیە نییە جگە هۆشیاری بە هەقیقەتی شتەکان، ئەمەش بەئیمانی ڕاستگۆ و، خۆشویستی ڕیشەداری حەقیقەتی بەدەر لە ئارەزووی مادی و دەروونیی مرۆڤ تەواو دەبێت.

«کرداری ڕاست لەسەر ڕێگای هەڵە هیچت پێ نابەخشێت»

چیرۆک:

هاوڕێکەی بینی هەندێك تۆوی لەناو دەستیدا هەڵگرتبوو، لێی پرسی چیت پێیە؟

جوتیارەکە وتی: تۆوی گوڵم پێیە، دەمەوێت بیچێنم.

هاوڕێ: باشە, گوڵەکان زۆر جوانن.

پاش چاندن و هەوڵ و ماندووبوون و ئاودان و چاودێری زۆرباش دەرئەنجامەکە دەرکەوت، دەنکە تووری گەورەی گەش هاتوونەتە بەر.

جوتیارەکە سەرسام بوو: چۆن ئەمە ڕوویدا؟

هاوڕێ: هاوڕێ گیان هەڵەت کردووە، تۆ تۆوی تورت چاندووە نەك گوڵ.

جوتیار: ئەستەمە وابێت، من تۆوی گوڵم چاندووە.

هاوڕێ: نا هاوڕێ، جارێکی تر تاقی بکەرەوە.

جوتیارەکە لەهەمان تۆوەکەی بەدەستەوە گرتەوەو دەیەوێت بیچێنێتەوە.

هاوڕێ: ئەوە تۆوی تورە نەك تۆوی گوڵ.

جوتیار: دەزانم، بەڵام ئەمجارە لەخوا دەپارێمەوە و نوێژی بۆ دەکەم، تا گوڵ بڕوێت.

هاوڕێ: بەستەزمانە، نازانێت پارانەوە کەینونە ناگۆڕێت.

یاسای چنینەوە: ئەوەی بیچێنیت هەر ئەوە دەچنیتەوە

«ئایا ئەو چیرۆکانەتان بەدڵ بوو، سەرتان سوڕنەمێنێت ئەگەر پێم وتن ئێمە هەموومان ئەوەمان ئەنجام داوە«

یاسای بنەڕەتی دووەم
یاسای بەرپرسیارێتی

دروشمی ئەم یاسایە:
ئەوەی بۆت و تێدا و لەسەرت ڕوودەدات، لەخۆتەوەیە.

(وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِنْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ لَمَّا جَاءَ أَمْرُ رَبِّكَ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ: خۆ ستەمیشمان لێنەکردن بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد، ئینجا کە بڕیارو فەرمانی پەروەردگارت هات، ئیتر ئەو بتانە کە لەجیاتی خوا دەیانپەرستن فریایان نەکەوتن و، تیاچوون و ماڵ وێرانی نەبێ، شتێکیان بۆ زیاد نەکردن)(هود: ١٠١).

بەڕاستزانینی یاسای بەرپرسیارێتی لەسەرەتادا سەختە، بەڵام پاش قوڵبوونەوە لەتێگەیشتنی, ئەوەی سەرەتا بۆمان دەردەکەوێت تووشی شۆکمان دەکات، پاشان دووەم جار ئەوەی دەردەکەوێت بۆمان ناچاری بێدەنگبوونمان دەکات، لەکۆتایشدا -تەنها لای عاقڵمەندان- قۆناغی قبوڵکردن و خۆبەدەستەوەدان دێت، ئەمەش بەهۆشیاربوونەوە دێتە ئارا.

تەنها دانایان دەتوانن بەرگەی شۆکی فیکری بگرن کە دیواری هۆشیاریی پێشوومان پارچەپارچە دەکات, تا هۆشیارییەکی نوێ لەجێی بچێنێت کە لەسەری ڕانەهاتووین، ئەگەرچی لەقوڵایی ناخمانەوە خواستبێتمان، شۆک

(صدمة) دەبێتە هۆی ئازار، ئازاریش هۆشیاریی دروست دەکات، هۆشیاریش چارەسەر... کەواتە شۆك چارەسەرە!!!

بۆچی لە شۆك ڕادەکەین؟ چونکە ئاستی هۆشیاریمان پێش شۆکەکە و ئاستەکەی دوای شۆکەکەی پێ وەرناگیرێت، ناشزانێت سوودەکانی هۆشیاریی باش چییە؟ پێویستکارەکانی چییە؟ مرۆڤیش دوژمنی ئەو شتەیە کە نایزانێت، لەبەر ئەوە لەرووی گەردوونییەوە بۆ ئەوەی گەشە بکەیت و بەرز ببیتەوە، پێویستە بەرەوڕووی شۆك ببیتەوە و کەم و کورتیەکانت بۆ دەربکەوێت.

«ئەگەر هەستت بە کەم و کورتیەکانت کرد، ئەوا بۆ سەر کۆشکەکانی بەرز دەبیتەوە»

بەرپرسیارێتیمان چۆن دروست دەبێت:

لەسۆنگەی یاسای یەکەمەوە، یاسای لەرینەوەکان یان یاسای گەڕانەوە، ئەوا هەموو ئەوەی لێت دەردەچێت (بیرۆکەکان/لەرینەوەکان) بەچەند هێندەیی بۆت دەگەڕێتەوە، ئەوەی لەیاسای لاوەکی، یاسای ڕووداوەکان فێری کردین: هەموو ڕووداوێك سەرەتا (بیرۆکەیەك/ وشەیەك/ نیەتێك/ لەرەلەرێك) بووە لەناخماندا، پاشان لەهەستەکانماندا خۆی نوواندووە، دواتر لە ڕەفتارماندا، پاشان بووەتە دەرئەنجامێکی هەستپێکراوی رووداو لەسەر ڕووی زەوی.

لەبەر ئەوەی تۆ لەرینەوەکانت (بەجۆرەکانیەوە) دەرکردووە و گەردوونیش بەسروشتی خۆی وەڵامی داویتەوە، وەك دەرئەنجامی ئەوەی پێشتر دەرچووە، ئەگەر کەوتیتە تەنگانەیەکی ناڕەحەتی ئازاربەخش، ئەوا بزانە خۆت تووشی خۆتت کردووە، بەزۆریش ئەم تووشکردنە بەئەنقەست نەبووە.

خۆ ئەگەر نیعمەتێك لەنیعمەتەکانت بەدەستهێنا، ئەوا بزانە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار پێویست بووە بۆت، گرنگترینیان ئەوەیە تۆ هەست بە شایستەبوونی بکەیت، لەکاتێکدا ئەو هۆکارە ئەرێنییانەت پێشکەش کردووە کە لەگەڵی گونجاوە، پارانەوەش یەکێکە لەگرنگترین ئەو هۆکارانە.

«ڕەشەبا قەدەری خوایە،
ئاراستەکردنی چارۆکە بەدەست خۆتە»

ستیڤن کۆڤی

چیرۆک:

کچێك تەمەنی لە سی و هەشت ساڵی تێپەڕی و شوی نەکردبوو، هەمیشە ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی دەوت و، پێی دەوترایەوە: هێشتا قسمەت نەهاتووە.

لەوانەیە هەرگیزیش نەیەت؟!... ئەمەم بەپرسیارکردنەوە پێ وت.

وەڵامی دامەوە: لەوانەیە، بەڵام ئەوە ویستی خوای گەورەیە.

وتم: بەڵام قەدەری خوا لە ئێمەدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نییە، هەندێك پێشەکی هەیە خۆمان لەژیانماندا چاندوومانە، لەسەر ئەو بنەمایە قەدەرمان پێکدێت، ئێمە هاوبەشین لەدروستکردنی قەدەرماندا، کارەکە هەروا هەڕەمەکی نییە، ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزم بە بیر هێنایەوە: (إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى * فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى * وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى * وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى * وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى: بێگومان کارو تێکۆشانی ئێوەش هەروا جۆراو جۆرە، ئینجا ئەوەی سامانی بەخشی لە نافەرمانی خوا خۆی پاراست و, بڕوای بە پاداشتی چاکتر کرد, ئەوا ئێمەش بۆ کاری ئاسان و چاك ئامادەو ڕێنوینی دەکەین، ئەوەش چرووکی کردو خۆی بێ نیاز گرت, بڕواشی بەپاداشی چاکتر نەکرد, ئەوا ئێمەش کار ئاسانی بۆ دەکەین، بۆ دژوارترین ڕێگە) (الليل: ٤ -١٠).

لەنیشانەکانی سەر ڕوخساری تێگەیشتم یەکەم جارێتی ئەم بیرۆکەیە دەبیستێت.

وتی: بەڵام هیوادارم هاوسەرگیری بکەم، هەردەم لەخوا دەپارێمەوە مێردێکی باش و منداڵی چاکم پێ ببەخشێت، ڕاست نییە من بەرپرس بم لە هاوسەرگیری

نەکردنم.

وەڵامم دایەوە: ئەی باشە بۆ هاوسەرگیریت نەکرد؟ بۆچی پارانەوەکانت گیرا نەبوون؟

قسەکانم بەلایەوە سەیر بوو، بەتایبەت کە ئەو بیرۆکەی نەریتی بوونی مرۆڤ لەقەدەری خۆیدا لە قووڵایی ناخی جێگیر بووبوو، لەبەر ئەوە، هەتا دوور بم لە مشتومڕ لەبارەی بۆچوونێکەوە کەچەسپاوە لای و سەختە لەناوەوەی نەهێڵدرێت، پێم وت باسی بۆچوونی خۆتم بۆ بکە، سەبارەت بە هاوسەرگیری و دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ، بەرنامە عەقڵی (زمانی)یەکەی لەئاست ئەو کاروبارانە ئەریتی بوو.

لێم پرسی: وەك هاوسەر لەبارەی مێردەوە قسەم بۆ بکە؟ وەڵامەکەی ئەریتی و خۆپارێزانە بوو، داوام لێ کرد لەو بوارەدا قوڵ ببێتەوە، باسی ئەوەی کرد ترسی لە مێردێکی زاڵ هەیە، کەبەپێی ویستی خۆی بەڕێوەی ببات و دەست وەربداتە هەموو بچوك و گەورەیەکی ژیانی و پەیوەندی و کارەکانییەوە.

بەزمانێکی متمانە بەخۆبوونەوە (جوڵەی جەستەیی جەختکردنەوەی لەگەڵدا بوو) جەختی کردەوە ناکرێت هەرگیز بەو کارە ڕازی ببێت. پاشان قسەیەکی کرد کە ئەو بەرنامە عەقڵییەی خستە ڕوو کە لەناخیدا ڕواوە، ئەویش کۆسپی بەردەم گیرابوونی پارانەوەکانی بوو، ئەویش: بەداخەوە هەموو پیاوەکان بەوشێوەیەن... ئەمەی بەخەمباری و نارەحەتییەوە وت.

جەختم لەسەر ئەوە کردەوە بۆی کە لەوانەیە ئەوە کۆسپی سەرەکی بێت لەبەردەم خەون و پارانەوەکەیدا.

وتی: باشە چی بکەم، ناکرێت بە پیاوێکی دەسەڵات ویست ڕازی بم، هەمووتان دەسەڵات ویستن، ئاوای وت.

وەڵامم دایەوە: بەڵام ژنیش ئازادی مێردەکەی دیاری دەکات و دەست وەردەداتە ژیانی ئەمەش کارێکی ئاساییە.

وتی: بەڵێ، بەڵام پیاوان دەسەڵاتی ڕەهایان لەوەدا هەیە، ئەوان بەهێزترن لەزاڵکردنی دەسەڵاتیاندا.

وەڵامم دایەوە: ڕات چییە لەپارانەوەکەتدا داوا بکەیت هاوسەرێکی باشت پێ بدات کە دەست وەرنەداتە کار و وردەکاریەکانی ژیانتەوە، هیچ فشارێکی زۆردارانە لەسەر ویستت لەکار و چالاکی ڕۆژانەتدا دروست نەکات؟

لەسەر ئەوە ڕێککەوتین، بەرنامەیەکی (عەقڵی/زمانەوانی)یمان دانا کە بەسوود بوو بۆ ئەوەی لەسەری ڕێککەوتین، ئەو دوودڵیە بەردەوامەی نەهێڵێت تا بەشێوەیەکی بەئاگایانە و بێئاگایی بەشێوەیەکی تەواو ڕەگ دابکوتێت.

پاش چەند مانگێکی کەم، ئەو کچە ئاگاداری کردم کە مارەکراوە، ئەو بیرۆکە و وشانەی وتوویەتیەوە بەکردار ڕوویداوە، تەواو وەك ئەوەی ویستوویەتی.

ئایا ئێمە بەشدارین لە دروستکردنی قەدەرماندا؟

ئەگەر ڕەشەباکان قەدەری خوای گەورە بن، ئەوا ئاراستەکردنی چارۆکەکان کاری خۆمانە، گەیشتنمان بەوەی ویستوومانە، یان نەگەیشتنمان، ئەوەیان ئەو قەدەرەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەین پەیوەندی پێمانەوە نییە...! بەڵام پەیوەندییەکی بەتینی پێمانەوە هەیە، ئێمە بەرپرسین، بەرپرسیارێتییەکی تەواو لەو قەدەرەمان.

بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لەتێگەیشتنی یاسای بەرپرسیارێتی، لەسەرمانە بەهەستێکی وردەوە چاودێری زمانی هەر مرۆڤێك بکەین کە بەئەزموونێکی نەهامەتی ژیاندا تێدەپەڕێت، ئەو کاتە زۆرمان لەبارەی بەرپرسیارێتی ئەو مرۆڤەوە سەبارەت بە واقیعەکەی و ڕۆڵی لە پێکهاتنی ئەو شێوەیەی پێی دەرکەوتووە بۆ دەردەکەوێت.

ڕێسا: ئەوەی دەتەوێت بیڵێ نەك ئەوەی کە ناتەوێت:

ئەگەر چاودێری نەخۆشێکت کرد کە نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەبوو، هیچ دەرمان و چارەیەکی بۆ نەخۆشیەکەی دەست نەدەکەوت، دەبینیت هەردەم باسی نەخۆشیەکەی دەکات نەك چارەسەر، لەوانەیە ئەم کارە بەزمانی بێدەنگ بکات، کاتێ پاش قسەی نەرێنی و دەربڕینی ئازاربەخش پرسیاری لێ دەکەیت: چیت دەوێت؟

بێگومان دەڵێیت: چارەسەرم دەوێت، بەڵام بۆچی باسی چارەسەر ناکەیت؟ بۆچی هەر باسی نەخۆشیەکە دەکەیت؟

دیارە دەڵێت: ئەوە واقیعی منە، ئازارم هەیە، تۆ هەست بەئازاری من ناکەیت، تۆ هاوسۆز نیت، تۆ کەسێکی نەڕێنیت لەگەڵ من و نەهامەتیەکەمدا.

ئەم مرۆڤە بەستەزمانە، نازانێت ئەوەی قسەی لەسەر دەکات تەنانەت ئەگەر نەشیەوێت هەر ڕوودەدات..



ناشزانێت کە خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت: (وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا: بە بەندەکانم بڵێ: هەوڵ بدەن چ قسە باشترە، ئەوە بڵێن، هەر شتێك دەبێتە هۆی بچڕانی خۆشەویستیی، دووڕیی لێبگرن، بێگومان شەیتان بۆ مرۆڤ هەمیشە دوژمنێکی ئاشکرایە)(الإسراء: ٥٣).

هەروەها دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! خۆ لە بێفەرمانی خوا بپارێزن و قسەی ڕاست و ڕێك و پێك بکەن, ئەوسا خوا کارەکانتان بۆ ڕاست دێنێ و، گوناهەکانیشتان

بۆ دەپۆشێ، هەرکەسێك گوێرایەڵی فەرمانی خواو پەیامبەرەکەی بکات، ئەوە بێگومان سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە.)(الأحزاب: ٧٠-٧١).

«هەمیشە ئەوەی دەتەوێت بیڵێ نەک ئەوەی ناتەوێت، چونکە واقیعی ئەمڕۆت دەرئەنجامی ئەوەیە کە دوێنێ وتووتە»

ئەگەر بە مرۆڤێکی هەژار گەیشتیت، قسەی ڕۆژانەی لەبارەی سامانی گشتییەوە چییە؟ بەتایبەت ڕەوشی دارایی خۆی؟ دەبینیت باسی هەژاری و نەداری دەکات نەك هەبوون و بەسبوون!!! ئەگەر پرسیاری لێ بکەیت ئەوا دەڵێت ئەوە واقیعی منە.

چیرۆکێکی واقیعی:

ڕۆژێکیان کەسێك داوای لێکردم بەرنامەی (عەقڵی/ زمانەوانی)ی پەیوەندیدار بە ڕەوشی دارایی فێر بکەم.

لێم پرسی: بەتەواوەتی چیت دەوێت؟

وتی: نامەوێت هەژار بم...

وتم: باشە زانیمان چیت ناوێت، ئێستا بڵێ چیت دەوێت؟

وتی: پێم وتی، نامەوێت هەژار بم.

وتم: باشە، ئەوەی جاری دوومە زانیمان چیت ناوێت، ئێستا بڵێ چیت دەوێت؟

بە جۆرێك لە تورەیی و پەلەپەلییەوە وتی: پێم وتیت، نامەوێت هەژار بم.

ئایا کێشەی ئەم مرۆڤەمان زانی؟ دیارە ئەو نایەوێت هەژار بێت، هەژاریش لە کەینونەی گەردوون نییە، چونکە گەردوون پڕیەتی لەزۆریی نەك کەمیی، لەبەرئەوە پەروەردگاری گەردوون و ئافەریدەکاری دەفەرموێت: ﴿وَآتَاكُمْ مِنْ كُلِّ مَا سَأَلْتُمُوهُ وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا إِنَّ الْإِنْسَانَ لَظَلُومٌ كَفَّارٌ﴾: لەهەرشتێك داواتان کردبێ پێیداون, خۆ ئەگەر ئێوە بتانەوێ نیعمەتەکانی خوا بژمێرن، هەرگیز لە ئەژمار نایەن بۆتان, بەڕاستی مرۆڤ زۆر ستەمکارو کوفرکەرو سپڵەیە!)(إبراهيم: ٣٤).

کەواتە ئێوە داوای ئەوەتان لێ نەکردووە، ئیتر عەیبی نیعمەتەکە چییە، ئایا کەم و دەگمەنە؟ وەڵام: نەخێر. تەنها ئەوەندە هەیە ئێوە بەڕێگایەکی گونجاو داواتان لێ نەکردووە.

هەندێك دەپرسن: باشە چارەسەری ئەو هاوڕێیەمان چییە کە نایەوێت هەژار بێت؟ چارەی کێشەکەی زۆر ئاسانە، دەبێت سەرەتا گۆڕانکاریی لەناخیدا بکات، ئەوەیتر دێتەدی بۆی.

پرسیارم لێ کرد: باشە، لێت تێگەیشتین، تۆ ناتەوێت هەژار بیت، کەواتە تۆ دەتەوێت دەوڵەمەند بیت.

وتی: نەخێر، چونکە دەوڵەمەندەکان کێشەیان زۆرە و ژیانیشیان ئاڵۆزە!... بەستەزمانە بەوجۆرە وەڵامی دایەوە.

وتم: باشە تۆ دەتەوێت هێندەی بەشت دەکات هەتبێت، هەموو پێویستیە مادیەکانت دابین بکات.

وتی: بەڵێ، بەڵێ، ڕێك ئەوەم دەوێت.

وتم: کەواتە لەمڕۆوە باسی ئەوەندەی بەست بێت دەکەین نەك هەژاری، ڕێککەوتین؟

ئێستا تێگەیشتن کێشەی هەژار و هەژاری لەکوێدایە؟ ئایا زانیتان بۆچی زۆرێك لەبەرنامە حکومییەکانی نەهێشتنی هەژاری بەخراپی شکست دەهێنێت و، هەموو هەوڵەکانی بێسوود و بێ هودە دەڕوات؟

بۆ ئاگاداریتان ئەم کێشەیە جێی گرنگی پێدانی ئەو ئابووریناسانە نییە کە بەرنامەی قەڵاچۆکردنی هەژاری دادەنێن، کە داهات و قازانجەکەی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك، بەگوێرەی شێوەی دابەشکردنی سەرمایە لەکۆمەڵگادا، دەڕوات بۆ گیرفانی دەوڵەمەندان.

یاسای بەرپرسیارێتی و پەیوەندییە سۆزداری و خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانمان:

(الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ
وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ
أُولَئِكَ مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ:
ژنانی پیس و ناپاك بۆ پیاوانی پیس و ناپاکن, وە پیاوانی پیس و ناپوختیش بۆ ژنانی پیس و ناپاکن، ژنانی پاکیش بۆ پیاوانی پاك و پیاوانی پاکیش بۆ ژنانی پاکن، ئەمانە دوورو بەرین لەو تۆمەتانەی ئەیڵێن, لەپاداشتدا رۆزییەکی نەبڕاوەیان بۆ هەیە)(النور: ٢٦)

ئایا ئێمە بەرپرسین لەجۆری ئەو کەس و پەیوەندییانەی لەژیانماندا دەردەکەون؟ ئایا ڕاستە هەر مرۆڤێك لەژیانماندا دەردەکەوێت (هەمیشەیی بێت یان کاتی بێت) ئەوە ئاوێنەی ئێمەیە لە چرکەساتی دەرکەوتنیدا؟

لەو باوەڕەدام ئەم رستەیە هەر تەنها ڕاست نییە، بەڵکو لەبواری یاسادا لە زۆر ڕستەی تر ڕاستترە. چونکە هەموو شتێك کە لەژیانماندا ڕووەدات ڕەنگدانەوەی هۆشیاریمانە، ئەمە پەیوەندییەکان و هەڵوێست و ڕەوش و ڕووداوەکـان و کەسایەتییەکان لەژیانماندا دەگرێتەوە، هەموو شتێك نیشاندانەوەی ئەوەیە لەنێو ئاگایماندا ڕووەدات.

ئەگەر ئەوەی لە ژیانتدا ڕووەدات بەدڵت نییە، ئەوا ناتوانیت هەڵوێستەکان بگۆڕیت مەگەر لەناخەوە هەستی بەگۆڕان، پێویستە هەردەم لەخۆت بپرسیت

چی لە ئاگاییمدا بکەم تا ئەوە بگۆڕم؟ ئەگەر ئەو پرسیارەت کرد، دەستبەجێ وەڵامەکە دەزانیت، چونکە ئەوانەی خۆشمان دەوێن و ئەوانەی ڕقمان لێیانە هەردوولایان ئاوێنەی ئەوەن لەناخماندا ڕوودەدەن و ئەمە نموونەیە بۆ هەموو شتێك... هەژاری، هەبوون، هەڵوێستەکان، ڕەوشەکان، ڕووداوەکان، ئەوانە ئاوێنەی ئەوەن لە ئاگاییدا ڕوودەدات.

«هەر مرۆڤێک لەژیانتا دەردەکەوێت ئاوێنەی نیشاندەری جیهانی ناختە لەچرکەساتی دەرکەوتنیدا»

هەروەك پەندە پێشینانەکە دەڵێت: باڵندەکان بەسەر هاوشێوەکانیاندا دەکەون. لەواقیعدا ئەمە ڕوودەدات هەرچەندە زۆرکەس ناڕازین و دەڵێن: ئەو کەسانەی لەژیانمدا دەردەکەون کەسانێکن وەك خۆم نین، نەخۆشەویستن، نە ڕاستگۆن، نە یارمەتیدەرن، من بەوجۆرە نیم.

وەڵام: ئەگەر تۆ لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆ بویتایە، ئەوا تۆ بەتەواوەتی کەسانێکت بۆ لای خۆت کێش دەکرد کە لەچرکەساتی دەرکەوتنیاندا لەخۆت دەچن.

یان بەوپەڕی سادەییەوە کەسانێك تۆ بەتوندی ڕەتیان دەکەیتەوە و زۆر لەبارەیانەوە قسە دەکەیت و زۆر کاریگەر دەبیت پێیان. ئەمە لەیاسای بنەڕەتی سێیەمدا باس دەکەین، یاسای دوانەیە جەمسەرییەکان، دوانەی پەیوەستبوون و ڕەتکردنەوە لێك دەدەینەوە، کە دەڵێت: هەموو ئەوەی بەتوندی پێیەوە پەیوەست دەبیت لێت دوور دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ئازار بۆت، هەموو ئەوەی بەتوندی ڕەتی دەکەیتەوە پێتەوە دەلکێت و دەبێتە هۆی ئازار بۆت.

بەڵام سەبارەت بە هاوسەرگیری، کارەکە زۆر ئاسانە، هەرکەس هاوسەرێکی باشی ویست، با سەرەتا خۆی باش بکات، ڕێساکە دەڵێت: ئێوە لەگەڵ هاوشێوەی خۆتان هاوسەرگیریی دەکەن (مەنجەڵ بەشوێن سەرقاپی خۆیدا دەگەڕێت)، ئایەتە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ: لەنیشانەکانی خوا ئەوەیەکە: لە جنسی خۆتان، هاوسەری بۆ دروستکردن تا لەپاڵیاندا بحەسێنەوە، خۆشویستیی و میهرەبانیشی خستۆتە نێوانتان، بێگومان ئا لەوەدا گەلێ بەڵگە و نیشانە هەیە بۆ کەسانێ بەوردی تێفکرێن)(الروم:٢١).

«ئاگاداربن، ئێوە هاوشێوەی خۆتان دەکەنە هاوسەرتان»

یاسای بەرپرسیارێتی، بەرپرسیارێتیمان لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان:

ئایا ئێمە بەرپرسین لە بەجێگەیاندنی ئامانجەکانمان؟ ئایا ئێمە بەرپرسین لەشکست هێنانمان لەبەجێگەیاندنیدا؟

وەڵام: بەڵێ، بەڵام ئەمە بۆمان دەرناکەوێت مەگەر سەرەتا تا ڕادەیەکی زۆر شەفافیەت و ڕاستگۆییمان لەگەڵ خۆمان هەبێت، دووەمیش تا ڕادەیەکی زۆر ئاگاییمان لەبارەی خۆمانەوە هەبێت.

ڕاستگۆ بوون لەگەڵ خود، ئاگاداربوونی تەواو لە خود، تواناکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە چرکەساتی بەدەستهێنانیدا بۆمان دەردەخات.

ناوچە دەرخەرەکەمان، لەچرکەساتی یەکەمی لەدایکبوونی ئامانج لە هۆشیاریماندا، هەواڵمان دەداتێ ئایا ئێمە ئامادەین بۆ ئەنجامدانی یان نا، هەواڵیشمان دەداتێ ئایا لەسەرمان پێویستە وازی لێ بهێنین، یان لەسەرمانە گۆڕانکاری لەخۆماندا بکەین تا بتوانین ئەنجامی بدەین، هەروەك فەرموودەکە دەفەرموێت: « اعملوا فکلٌ میسرٌ لما خُلقَ لَه « واتە: کاربکەن، چونکە هەریەکێکتان مویەسەرن بۆ ئەوەی کە بۆی دروستکراون.

چیرۆکێکی واقیعی:

یەکێك لە ئەدیبەکان سەبارەت بە کوڕەکەی کە دەیەوێت لە خوێندندا سەرکەوتوو بێت ڕاوێژی پێکردم، تا بچێتە زانکۆ و بچێتە ڕیزی ئەو خەڵکەی سەرکەوتوون، ئەمە ویستێکی ڕەوای پیرۆزی هەر باوکێکە بۆ کوڕەکەی، بەڵام

سەیر ئەوەیە ئەم باوکە دەیەوێت من کوڕەکەی فێربکەم ئەو بیرۆکە یان وشانە دابنێت تا جێبەجێی بکات و لەسەرکەوتووان بێت، واتە چارەسەرێکی خێرای دەرەکی دەوێت کوڕەکەی بگۆڕێت، وەك ئەوەی من میکانیکیم و دەتوانم پارچەی لەکارکەوتوو بگۆڕم بەپارچەیەکی تری نوێ و ئامێرەکە پێی کار بکات... دەرچوونی دەوێت نەك ڕزگاربوون.

کارکردن لە گۆڕاندا بەوجۆرە نییە.

بوونی باوکەکەم فەرامۆش کرد، لەکوڕەکەم پرسی: ڕات چییە لەبارەی قوتابییە سەرکەوتووەکانەوە کە نمرەی تەواوەتی یان نزیك لەتەواوەتی وەردەگرن؟

کوڕ: ئەوانە گەمژەن، بەبێ تێگەیشتن و تەرکیز شت لەبەر دەکەن، ئەوانە تەنها ئامێری وێنەگرتنی کتێبن، هەڵس وکەوتیان لەگەڵ بکە دەبینیت بێ مێشکن و نازانن لەگەڵ خەڵك ڕەفتار بکەن، هیچ لەکاروبارەکانی دونیاو ڕووداوەکانی تێناگەن، ئەوان تەنها وەك کرم تەمەنی خۆیان لەنێو لاپەڕەکانی کتێبدا بەسەر دەبەن بەبێ ئەوەی لەژیانیاندا لەهیچ تێبگەن.

پێم وت: مژدە بێت ڕۆڵە، سەرکەوتوو نابیت لەوەی یەکێك بیت لەوان، چونکە تۆ ڕقت لێیانە.

وتی: بەڵێ ڕقم لێیانە و لەوان باشتر دەبم.

وتم: ئایا نیشانەکانی ڕوخساری خۆتت بینیووە کاتێ بە ڕقەوە باسیان دەکەیت؟ چۆن دەبیتە پێڕێك کە ڕقت لەئەندامەکانیەتی؟ کەواتە ئەندامان و کەسەکانی ئەو پێڕەت خۆش نەویستووە بۆیە سەرکەوتوو نابیت لەوەی وەك ئەوان بیت.

وتی: کێ پێی وتووی من ئەمەوێت وەك ئەوان بم؟ من لەوان باشترم.

بەستەزمانە پێویستی بەگۆڕانە، نەك پێویستی بەپارچەیەکی یەدەك بێت، بەڵکو پێویستی بەبەرنامەیەکی عەقڵی زمانەوانی تەواومەند هەیە، تا بتوانێت کاتژمێرە زۆرەکانی هەوڵدانی لەخوێندن و فێربوونی زانستدا بەسەر ببات.

لەنزیکەوە دەیناسم... پاش چەند ساڵێك، ئا ئەوەتا لەسەر شەقامەکان وێڵە.

چەند ڕێسایەکی گرنگ:

«ئەگەر ویستت بەشێک بیت لەهەر دەستەیەک... ئەوا ڕێز لەوانە بگرە کەئینتیمایان بۆ ئەو دەستەیە هەیە».

«کۆسپە ناوخۆییەکان کە بەربەستن لەبەردەم درەوشانەوەی ئامانجەکەتدا بدۆزەرەوە، لایان ببە یان واز لەئامانجەکە بهێنە».

«ئەگەر خێرت بۆ خۆت خۆشویست، ئەوا لەهەرکوێ دۆزیتەوە پیرۆزبایی بکە»

یاسا گەردوونییەکان و پەیوەندییان بە مەبەست (نیەت)و زانستەوە:

لە جیهانی یاسا گەردوونییەکاندا، مەبەستت دەرئەنجامێك بووبێت یان مەبەستت نەبووبێت، بەهۆی ئەوەی هۆکارە پەیوەندیدارەکانت لە فیکر و زمان و کار پێشکەش کردووە ئەوا ئەو ئامانجەت بۆ دەردەکەوێت، لەجیهانی یاسا گەردوونییەکاندا، ئیتر بیانزانیت یان نەیانزانیت، ئەوا لەژیانتدا بەرکارن، بتەوێت یاخود نەتەوێت، یاسا مۆڵەت لەکەس وەرناگرێت بۆ ئەوەی کاری خۆی بکات.

بەو پێیە. هەرچی بیری لێ دەکەیتەوە و قسەی لەبارەوە دەکەیت و بەبەهێزیی هەستی پێدەکەیت، بۆت ڕووەدات، تەنانەت ئەگەر تۆ لەبیرکردنەوە و قسەکردنتدا ڕەتیشی بکەیتەوە، ئەگەر شتێك ڕەت بکەیتەوە و، زۆر قسەی لەبارەوە بکەیت، قسەکردنەکەشت بەهەست و لەرینەوەی بەهێزەوە بێت، پێشبینی بکە ڕووبدات بۆت هەرچەندە بەشێوەیەکی بەهێز ڕەتی بکەیتەوە، چەند خەڵك هەیە لە شتێك ترساون، بەڵام زۆر باسیان کردووە و لێی ترساون، ڕوویداوە بۆیان! ئەوان وایانزانی بۆچوونیان لەپێشبینیەکەدا ڕاستە، نەیانزانی ئەوان خۆیان بە بیرکردنەوەو قسەکانیان ئەو ڕووداوەیان دروست کردووە.

«هەموو ئەوەی قسەی لەبارەوە دەکەیت، ڕووەدات ئیدی قبوڵت بێت یان قبوڵت نەبێت»

ڕەخنەیەکی بەهێز لە یاسای بەرپرسیارێتی:

ڕەخنەیەکی بەهێز لەم یاسایە هەیە، لەسەرەتاوە وا دەردەکەوێت ڕەخنەیەکی کارایە و لەبەهاو دروستی ئەم یاسایە کەم دەکاتەوە، ئێمە دەزانین بۆچوون ئەگەر لەبەردەم ڕەخنەدا خۆی گرت ئەوا بەڕاستی دەمێنێتەوە، ئەگەر خۆڕاگر نەبوو لەبەردەم هەر ڕەخنەیەکدا ئەوا ڕاستی و دروستی خۆی لەدەستداوە.

ڕەخنەکەی یاسای بەرپرسیارێتی ئەوەیە:

بەوپێیەی کە گەردوون پڕە لە لەرەلەری ئەرێنی و نەرێنی، ئەوا ئەو لەرەلەرانەی لێمەوە دەردەچن لەجیهانی دەرەوە بۆم هاتوون، لەژینگەی دەوروبەرم، لە کۆمەڵگاکەمەوە، لەخزمانمەوە، لەهاوسەرکەمەوە، لەمێردەکەمەوە، لە...هتد. بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان من لێی بەرپرس نیم، ئەو کاردانەوە نەرێنیەشی هەمبووە کەڵەکەبووی نەرێنییە لەدەرەوەی زەمینەی خۆم بۆم هاتووە کە بەردەوام هەوڵمداوە بەپاکی بیهێڵمەوە، ئەمەش بەجێبەجێکردنی شێوازی بیرکردنەوەی ئەرێنی، بەڵام چار چییە، هەموو ئەوەی لەدەوروبەرمە ڕەشبین و نەرێنییە؟

وەڵامی ئەم ڕەخنەیە بەم شێوەیەیە:

یەکەم: ئەگەر ئەم قسەیە ڕاستیش بێت، ئەوا تۆ بەرپرسیار نیت لەو کارە ئەرێنیانەی ڕوویداوە بۆت، چونکە هەموی لەدەرەوەت بووە، ئەمەش لەبنەڕەتدا دژە لەگەڵ کەینونەی مرۆڤی ئەرکبار(ڕاسپێردراو) (مکلف)، کە قەدەری لە چەند فاکتەرێکەوە دروست دەبێت کە خۆی یەکێك لە گرنگترینیانە، ئەگەر نەڵێین فاکتەری هەرە گرنگیانە.

دووەم: لەگەڵ داننان بەوەی گەردوون پڕبەتی لە لەرەلەری ئەرێنی و نەرێنی، ئەوا هاتنی لەرە لەرە نەرێنیەکان بۆ ناو کایەکەت یەك واتای هەیە، ئەویش

ئەوەیە کە تۆ خۆتت بۆ پێشوازیکردنی ئەو جۆرە لەرینەوە ئامادە کردووە، هەروەك ئامێری ڕادیۆ یاخود تەلەفزیۆن، هەردەم بەسەدان کەناڵی پەخشی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بەڵام چ کەناڵێك دەردەکەوێت لە لەڕادیۆکەت یان لە تەلەفزیۆنەکەت؟ ئەو کەناڵەیانە کە ژمارەکەیت لە ئامێرکەتدا پرۆگرام کردووە، ئایا وا نییە؟ کەواتە تۆ بەرپرسیت لە پێشوازی پەخشی ئەو کەناڵە یان ئەوەی تریان، نەك ئەو کەسەی هەڵدەستێت بەپەخشی شەپۆلی تەنها ئەو کەناڵە.

ئەگەر یاسای بەرپرسیارێتی پوچەڵ بووایە ئەوا حەقی هەموو ئەوانە بوو کە لەرێگەی باشێتی و چاکە بەلاڕێدا چوون بانگەشەی ئەوە بکەن شەیتان بێهۆشی کردوون، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بۆمان بەلاڕێدا بردنی شەیتان تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە گوێی لێ گرتووە.

لەمبارەیەشەوە خوای گەورە لەقورئاندا دەفەرموێت: (وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الْأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلَا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: جا کە کار لەکار ترازاو هەموو شتێك بڕایەوە، ئیتر شەیتان دەڵێت: بێگومان خوا بەڵێنێکی ڕاست و دروستی پێدان، منیش بەڵێنی ناڕاستم پێدان بەڵام بەڵێنەکەی خۆمم نەبردە سەر, خۆ لەوکاتەیشدا هیچ دەسەڵاتێکم بەسەرتانەوە نەبوو، تەنها بانگم کردن و خێرا بەگوێتان کردم و بەدەنگمەوە هاتن, جا کەوابوو ئەمڕۆ سەرزەنشتی من مەکەن بەڵکو سەرزەنشتی خۆتان بکەن, من ناتوانم فریاتان کەوم، ئێوەیش ناتوانن فریای من بکەون، دڵنیاش بن کە من بێزارم لەوە کە لە پێشتر منتان کردە شەریك و هاوەڵی خوا, بەڕاستی ستەمکاران

سزای ئێش پێگەیەنەریان بۆ هەیە)(إبراهيم : ٢٢).

هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ: بێگومان تۆ هیچ جۆرە دەسەڵاتێکت بەسەر دڵی بەندە ڕاسادەکانی منداا نییە، مەگەر ئەو گومڕا و لاڕێیانەی پەیڕەویی لەتۆدەکەن)(الحجر: ٤٢).

ئەگەر بەباشی کەمێك ڕابمێنیت ئەوا دەبینیت هەموو ئەوەی لەگەردووندایە لە بوونەوەرەکان و ڕووداوەکان، پێویستی بە دووجۆری جیاوازی وەچە خەرەوان هەیە تا ئەو ڕووداوانە بخەنەوە، ئەو دوو وەچەخەرەوانەش (دایك و باوك) دوو جەمسەری جیاواز (نێر، مێ)، ناکرێت هیچ شتێك لە گەردووندا لەدایك ببێت بەبێ بەشداری ئەو دایك و باوکە پێکەوە.

وەك بەرتیل بۆ نموونە، ڕوونادات بەبێ بوونی بەرتیلدەر و بەرتیلخۆر، بەبێ ئەوانە بواری ڕوودانی نییە، باشە ئیتر بۆ قسە بە بەرتیلخۆر بڵێین و بە هۆکاری سەرەکی گەندەڵی کۆمەڵگای دابنێین؟ هەردووکیان هۆکاری خراپ بوونی کۆمەڵگان، لەبەر ئەوەیە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: « لعنَ اللهُ الراشِي، والمرتشِي، والرائشَ الذي يمشي بينهما«[1]، واتە: خوای گەورە نەفرەتی لە بەرتیلدەرو بەرتیلخۆر و ئەوکەسەی لەنێوانیاندا دێت و دەچێت کردووە».

بۆچی بە بەرتیلدەر دەستی پێکردووە؟ پرسیاریکی گرنگە.

یاسای بەرپرسیاریتی... هیشتا خۆڕاگرە!!!

---

(١) الراوي: ثوبان مولى رسول الله صلى الله عليه وسلم- المحدث: السيوطي- المصدر :الجامع الصغير- الصفحة أو الرقم: ٧٢٥٥- خلاصة حكم المحدث: صحيح.

یاسای کەینونە:

لەگرنگترین یاسا لاوەکییەکانی سەر بە یاسای بەرپرسیارێتییە، بەجۆرێك هەر کەس لەم یاسایە شارەزا بێت و تێی بگات و بەباشی جێبەجێی بکات ئەوا سەرفرازییەکی گەورەی لەژیانیدا و لەهەموو لایەنە هەمەچەشنەکانیەوە بەدەست هێناوە، بیرۆکەی ئەم یاسایە لەسەر ئەوەیە هەموو شتێك لە گەردووندا کەینونەی تایبەت بەخۆی هەیە، گونجان لەگەڵ ئەو کەینونەیە نهێنی سەرکەوتن و ڕزگاربوونە، بۆ جێبەجێکردنی بەسەر خۆماندا سەرەتا دەبێت کەینونەی شتەکان و کەسەکان بدۆزینەوە و بەگوێرەی کەینونەکەیان واتە پێکهێنەرەکانی بوونیان کار بکەین و سەرپێچی ئەوە نەکەین.

دروشمی ئەم یاسایە:

«کەینونەی خۆت بدۆزەرەوە و بەگوێرەی ئەو کار بکە»

بناغەی هاوکێشەی سەرکەوتن لەژیاندا ئاوێتەی سێ توخمی سەرەکییە، ئەوانیش: کار، کەینونە، خاوەن بوون (الامتلاك).

ژیانی بەجێگۆڕکێی ڕۆڵ و لەپێشبوون (اولویات)ی نێوان ئەو سێ پێکهاتەیە دەبێت بەم شێوەیە، بەگوێرەی یەکێك لەم هاوکێشانە:

کار ← خاوەنبوون ← کەینونە

خاوەنبوون ← کار ← کەینونە

کەینونە ← کار ← خاوەنبوون

سێ بژاردە لەبەردەم مرۆڤدایە:

١. یا ئەوەتا کاردەکات و خاوەن بوون ئەبێ و دەبێت، واتە کارێك دەکات دەبێتە خاوەن سامان و دەوڵەمەند ئەبێت، یاخود دەخوێنێت و دەبێتە خاوەن زانست و دەبێتە زانا، ئەمە گریمانەیەکە لەگریمانەکان، ئەم گریمانەیەش لەنێوان خەڵکیدا زیاتر ڕووەدات، هەوڵێکی زۆری دەوێت، هەمیشە سەرکەوتنی مسۆگەر نییە؟

٢. یاخود هەیەتی و کار دەکات و ئەبێت، واتە خاوەن سامانە (بۆ نموونە بەمیراتی بۆی ماوەتەوە)، چالاکانە کار دەکات و ئەو سامانە دەخاتە کار، دەوڵەمەند ئەبێت، لەم حاڵەتەدا لەهەموو کارێکدا بەسوود نابێت، بۆ نموونە وەك هەوڵدان بۆ فێربوون، بۆ هەموانیش ئەمە دەستەبەر نییە، هەمیشە سەرکەوتنی مسۆگەر نییە.

٣. یان هەیە، کار دەکات و دەبێتە خاوەن، ئەمە گریمانەی سێیەمە، لەهەموو گریمانەکانی تر ئەگەری سەرکەوتنی زۆرترە بۆ مرۆڤ، هەرکەس کەینونەی خۆی لەگەڵ زانست بگونجینێت، ئەوا بەسروشتی ئاکاری خۆی یان بە پەروەردە بوونەکەی ناسنامەی زانا هەڵدەگرێت، بەهۆی گونجاندنی ئەو کارە لەگەڵ کەینونەکەیدا ئەوا بەئاسانی کار بۆ فێربوونی دەکات، بەئاسانی و هەوڵی کەمتر دەبێتە زانا. هەروەها هەرکەس ناسنامەکەی لەگەڵ ساماندا بگونجێت و وەبەری بهێنێت، ئەوا بەئاسانی و سانایی کاری بازرگانی یان کاری تری وەبەرهێنانی دەکات و دەبێتە خاوەن سامانی زۆر، ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن زۆرێك لە دەوڵەمەندەکان لەسفرەوە دەستیان پێکرد و بوونە خاوەن موڵك و وەبەرهێنەری زۆر گەورە، هەروەها ئەمە دەیخاتە ڕوو کە کەسانێکی ئاسایی کە هیچ بەشێکیان

لە زانست و تێگەیشتندا نەبووە، کەچی بوونەتە پێشەنگی مرۆڤایەتی لەبواری زانستییاندا.

کەواتە نهێنی سەرکەوتنی و ڕزگاربوونی ڕاستەقینە. گونجان لەگەڵ ئەو کەینونەیە بریتییە لە نهێنی سەرکەوتن و ڕزگاربوون بۆ هەموو کەس، ئەمە یاسایەکی گەردوونییە، سەرپێچیکردنی باش نییە.

دۆزینەوەی کەینونەی ڕاستەقینەمان بەزۆری کارێکی ئاسان نییە، چونکە خێزان و قوتابخانە و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا بەزۆری لەسەر کەینونەیەکی ئامادەکراو کە ئەوان بەگوێرەی لەپێشبوون و ویستی خۆیان هەڵیدەبژێرن بۆمان و بەرنامەڕێژمان دەکەن و ئەو کەینونەیەش هیچ پەیوەندییەکی بەکەینونە ڕەسەنەکەی خۆمانەوە نییە، بەڵام بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەرییانەوە قبوڵی دەکەین.

کەواتە چی بکەین؟

کارکردن بەئاسانی: سەیر بکە تۆ ئێستا لەکوێدایت، لەکارکردن، لەقوتابخانە، لەتەندروستی... هتد، ئەگەر دڵنیا و ڕەزامەند و چالاك بوویت، ئەوا تۆ لەگەڵ کەینونەکەتدا گونجاویت, ئەگەر نا ئاگادارەبە چونکە تۆ لەدژی کەینونەکەتی، لەکۆتایی ڕێگاکەدا تووشی ئازار دەبیت. تۆکەینونەیەکی نەگونجاوت هەڵبژاردووە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری هەڵسەنگاندنەکانی ژینگەی دەوروبەرتەوە بووە، بە ئومێدی سەرکەوتن و ڕزگاربوون، بەڵام بەداخەوە... چونکە سەرکەوتن و ڕزگاربوون لە گونجان لەگەڵ کەینونەدایە.

«دۆزینەوەی کەینونەکەت و کەینونەی کارەکانت و گونجان لەگەڵیاندا، لەگرنگترین بەرپرسیاریتیەکانتە ئەی مرۆڤ»

یاسای هەوڵی کەمتر:

وەك تەواوکاری یاسای کەینونە و درێژە پێدانی، یاسای هەوڵی کەمتر دەڵێت: کاری دروستی یاسایی بەپێی گەردوون، ئەو کارەیە کە کەینونەی کرێکار تێیدا لەگەڵ کەینونەی کار دەگونجێت، لەمەشدا کرێکار بە هەوڵێکی کەمتر دەرئەنجامی زۆرتر و زیاتر بەدەست دەهێنێت، دیارە ئەمە پێچەوانەی ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك تێی گەیشتوون.

هەمووان لەمندالییەوە فێریان کردووین، بۆ ئەوەی بەرهەمی زۆرت دەست بکەوێت پێویستە هەوڵی زیاتر بدەیت، ئەگەر بەرهەمی زیاترت ویست دەبێت زیاتر خۆت ماندوو بکەیت، لەمبارەیەوە شاعیرێك وتوویەتی:

لا تحسبن المجد تمرا أنت آكله لن تبلغ المجد حتى تلعق الصبرا

واتە: وا مەزانە شکۆمەندی خورمایەکەو تۆ دەیخۆیت

ناگەیتە شکۆمەندی هەتا ئارامگرتن نەلێسیتەوە

بەڵام دروشمی یاسای هەوڵی کەمتر بریتییە لە:

«ئەگەر لەگەڵ کەینونەدا گونجایت،

ئەوا هەوڵی کەمتر بەرهەمی زۆرترت پێدەدات»

واتە ئەی مرۆڤ تۆ ئەگەر لەگەل کەینونە ڕەسەنەکەی خۆت لە زانستەکەت و لە کارکردن و هاوبەشیەکانت لەژیاندا گونجاندنت کرد، ئەوا هەوڵێکی کەم بەرهەمێکی زۆرت پێدەدات، گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەم یاسایە بریتییە لەو گەشەسەندنەی کە لەزانستی میکانیکا هاتووەتە ئارا، ئەم زانستە سەرکەوتوو بووە لە گواستنەوەی پارچەی زۆر گەورە بە هەوڵێکی مرۆیی کە وەختە بڵێم هەر

هەوڵ نییە بە بەراورد بەو دەرئەنجامانەی بەدەستهاتوون.

هەروەها ئەو ئەنجامانەی مرۆڤ لەکاتی دۆزینەوەی کەینوونەی ڕووەکەکاندا بەدەستی هێناوە، توانیویەتی لەهەمان ڕووبەری زەویدا، بەهەمان هەوڵ و ماندووبوون و هەمان کات و هەمان پارەی خەرجی دەکرد، چەند هێندە بەرهەم زیاتر بکات، ڕێگا هاوچەرخەکانی فێربوون و فێرکردنیش دەرئەنجامی دۆزینەوەی کەینونەی مێشکە لەلایەن مرۆڤەوە و گرتنەبەری ڕێگای گونجاو لەگەڵ ئەو کەینونەیەدا[1] لەفێربوون و فێرکردندا. بەمەش هەوڵ و ماندووبون زۆر بەکەمی کرایە بەراورد بەو دەرئەنجامانەی بەدەستهات، دیارە لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی ئێمە وتمان هەوڵێکی کەمتر بەراورد بەو دەرئەنجامانەی بەدەستهاتن و نەمانوت بەبێ هەوڵدان.

«کارکردن بەگوێرەی هەوڵی کەمتر، لەگرنگترین بەرپرسیارێتیەکانتە ئەی مرۆڤ»

(١) بۆ زیاتر ئاگاداربوون: بڕوانە کتێبی « ادرس بذکاء ولیس بجهد» لە نووسینی «کیفن بول» لەبڵاوکراوەکانی (مکتبة جریر).

یاسای هۆکار و دەرئەنجام:

دروشمەکەی:

«ئەگەر لەهۆکار ڕازی بووید،
کەواتە لەدەرەنجام ڕازی بووید»

ڕاڤەی ئەم یاسایە: هەموو کارێك پێشەکییە بۆ ئەنجامێك کە لەرووی بونیات (کەینونە)ەوە پەیوەندیدارە پێیەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر تووشی نەخۆشیەك بووید کە دەمارەکان ڕەق دەکات، بۆت نییە بڵێیت بیرت لەو نەخۆشییە نەدەکردەوە، ڕەتیشت نەدەکردەوە، ڕاشت نەدەکێشا، تەنانەت تۆ هەرگیز نەتبیستووە.

قسەکانی تۆ ڕاستن، بەڵێ نەخۆشیەکەت نەویستووە، بەهیچ جۆر و هەستێك قسەت بەئەرێنی یان نەرێنی لەبارەیەوە نەکردووە، بەڵام پێشەکییە لۆژیکییەکانی ئەو نەخۆشیەت قبوڵ کردووە، ڕازیبوویت بەخواردنی چەوری یان شیرینی یاخود مەشروباتە کحولیەکان یاخود جگەرەکێشان و زیادەڕۆییکردن تێیدا بۆ ماوەی چەندین ساڵ و چێژت لەوە بینیووە، باشە هۆکارەکەت قبوڵ بووە ، ئەمە وەك ئەوە وایە دەرئەنجامەکەت قبوڵ بووبێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندی بونیاتیی (پەیوەندی کەینونەیی) نێوانیان بەوجۆرەیە.

یاسای ڕاکێشان:

دروشمەکەی:

«ئەگەر کۆسپێکی ڕەگ داکوتاو لەهۆشتدا نەبێت، ئەوا هەموو ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە و قسەی لەبارەوە دەکەیت، لەژیانتدا ڕوو دەدەن، تەنانەت ئەگەر ئەوەشت نەوێت»

پاش بڵاوبوونەوەی یاسای ڕاکێشان لەڕێی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەندێك کەس واتێگەیشتن کە ڕاکێشان تەنها بۆ شتە ئەرێنیەکانی ژیانمان دەبێت، زۆرێك خۆیان وا دانا زۆرباشن بۆ ڕاکێشانی خێرو بێر و نیعمەت و بەختەوەری، بەڵام نەیاندەزانی بەگوێرەی یاسای ڕاکێشان دەکرێت نەهامەتی و کارەسات بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، تەنانەت ئەگەر مەبەستیشیان ئەوە نەبووبێت.

لەوانەیە گرنگترین ڕێگریەکانی باوەڕبوون بەم یاسایە ئەوە بووبێت بەشێوەیەك گونجاوە بۆ جێبەجێکردن کە باوەڕپێکراو نییە، چونکە مرۆڤ (لەنێو مەرجە دیاریکراوەکاندا) خۆی ئایندەی دروست دەکات، لەڕوانگەی ئەوەی لەئێستای نزیکیدا لە (بیرۆکەکان/ لەرینەوەکان) بونیاتی ناوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر هەستەکانی پاشان ڕەفتاری دواتریش دەرئەنجامەکانی دەبێت.

بەڵام بۆچی خەڵك ناتوانن کاری جوانی نموونەیی بکەن کە پڕ لە ئومێدو بەختەوەری بێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە: لەبەر ئەوەی نازانن کە لەتوانایاندا هەیە ئەوە بکەن، چاوەڕوانی ڕوودانی موعجیزەیەکن، تا خەونە مەزنەکانیان بۆ بهێنێتە دی، خۆیان بۆ ڕاکیشانی هەندێ خەونی بێمانا یەکلا کردووەتەوە، تەنانەت ئەگەر بیشیهێننە دی، ئەوا بەختەوەریان دەست ناکەوێت، ئەمەش بەهۆی پیسبوونی ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقییەکانیان.

ڕاکێشان و کەینونە:

ئەگەر ماسییەك داوای ڕۆزی خۆی لەنێو ئاودا بکات ئەوا بەسانایی و ئاسانی دەیدۆزێتەوە،

بەڵام ئەگەر لەدەرەوەی ئاو بەشوێنیدا بچێت خۆی لەناو دەبات، مرۆڤیش بەهەمان شێوەیە.

تۆش ئەی مرۆڤ بەهەمان شێوەیت، خێرو چاکە لەو بوارەی بۆی دروست بووێت ڕابکێشە، هەموو مویەسەرێك بۆ ئەوشتەیە کە بۆی دروست بووە. ئەگەر شتێکت لەدەرەوەی ئەو بوارەی بۆی دروست بووێت ڕاکێشا ئەوا خۆت لەناو دەبەیت، لەوانەیە هیچیشت دەست نەکەوێت، ئەگەر بەدەستیشی بهێنیت بۆی هەیە زیانت پێ بگەیەنێت، ئایا دەزانیت بۆچی ڕاکێشان و پاڕانەوە شکست دەهێنن؟ بابەتەکە ئەوەیە چۆن ئەو بواره بزانین کە بۆی دروست کراوین و بۆمان دروست کراوە؟

یاسای پێشبینی:

دروشمەکەی:

«ئەوەی پێشبینی دەکەیت،
ئەگەری رووداني زیاتر دەبێت»

بەگەڕانەوە بۆ یاسای لەرەلەرەکان، ئەوەی لە تۆ دەردەچێت، بەچەند هێندە بۆت دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی یاسای بەرپرسیارێتی، ئەوەی لێت و بۆت و لەسەرت ڕوودەدات لەخۆتەوەیە. هەر بۆیە هەموو ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە (لەرینەوەی دەکەیت) بەچەند هێندە بۆت دەگەڕێتەوە، کەواتە لەسەرت پێویستە هەردەم بیر لەباشترین بکەیتەوەو پێشبینی چاکترین بکەیت، تا هەمیشە خێر بێتە ڕێت.

ئەگەر پێشبینیت کرد تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەت ئاسان دەبێت، بەزۆری بەو شێوەیە دەبێت، لێکدانەوەی ئەمەش لەیاسای لەرینەوەکان و یاسای بەرپرسیارێتیدایە، تێبینیت کردووە ئێمە وتمان (ئەگەر پێشبینیت کرد تاقیکردنەوەکەت ئاسان دەبێت)، نەمانووت ئاسان دەبێت، مەبەستمان لەوە ئەوەی نەچێتە نێو گریمانەی هەڵە و ئاسانی لە داهاتوودا، بەڵکو ئێستا (جەختکردنەوە لەسەر پێشبینیەکەت بکەیت)، ئەوەی گرنگە حاڵەتی مێشکی و هەستی تۆیە لەکاتی داوا کردنەکەدا، ئەمەش بەدرێژی لەیاسای پاڕانەوەدا دەیخوێنین.

بەهۆی ئەوەی پێشبینی شتێکە تایبەت بەداهاتوو، ئەوا پێویستە لەسەرت لە حاڵەتێکدا بیت پێش کاتی رووداني پێشبینی بکەیت، ئەمە نهێنی کارایی و مەترسی ئەم یاسایەیە، بەهەمان شێوەی یاسای پاڕانەوە.

ئەگەر پێشبینی ڕۆژییەکت کرد کە زۆر و بەرەکەتدار بێت، تۆش بەڕاستی بیرت لەوە دەکردەوەو هەستت پێ دەکرد، ئەوا متمانەی تەواوت هەبێت ڕۆژییەکەت بەو جۆرەیە، مەڵێ وادەبێت. هێنانی (وا)و (هەروا) بۆ لای پێشبینی زۆر لاوازی دەکات و وزەی جەختکردنەوەی کارایەتییەکەی کەمتر دەکاتەوە.

بەهۆی ئەوەی لەرینەوە بەکۆمەڵەکان زیاتر لە لەرینەوە تاکیەکان چڕترن، پێشبینی بەکۆمەڵیش بەهەمان شێوەیە، وزەی بەکۆمەڵ لەسەر یەك شت، ڕەوتێکی بەهێزی شەپۆلەکان دروست دەکات کە ئاراستەی ڕووداوە پێشبینی کراوەکە کراوە، کاریگەرییەکی زۆر گەورەتری لەسەر جێدەهێڵێت کە ناکرێت نکۆڵی لێ بکرێت. لەبەر ئەوە دەبینین بیرکردنەوە و پێشبینیەکانی کەسە سەرکەوتووەکان زۆر بەکەمی نا ئومێد ئەبن، ئەمە لەکاتێکدا بیرکردنەوەو پێشبینی خەڵکە سکشتخواردووەکە زۆر بەکەمی دێتەدی، کارەکە سەبارەت بە کۆمەڵگای سەرکەوتوو یان ئەوانەی خۆیان بەسەرکەوتوو دادەنێن بەهەمان شێوەیە، بەهەمان شێوە ئەو کۆمەڵگایانەشی کە خۆیان لەگەڵ شکستخواردووە بێئومێدەکاندا دەبینەوە.

«ئەگەر پێشبینی بەکۆمەڵ بوو، ئەنجامی سەرنجڕاکێشی دەبێت، ئاگاداری پێشبینیەکانتان بن»

کەواتە ڕێساکە دەڵێت: هۆکار و ئامرازێکی نوێ بخەرە سەر ئەو ئامراز و هۆکارانەی کە لەبەرچاویان دەگریت، ئەویش پێشبینی باش (حسن التوقع)، چێژ لەم هۆکارە وەربگرە کە جێبەجێکردنی تێچوونی زۆر کەمە، بەجۆرێك خاوەنەکەی زیاتر دڵنیا و ئارام دەبێت لەکەسی خاوەن پێشبینی خراپ، هەروەك لەفەرموودەی قودسیشدا هاتووە:

« أنا عند ظن عبدي بي، فليظن بي ما شاء»[١]، واتە: من لەجێی گومانی بەندەکەمدام، با چۆنی دەوێت وا گومانم پێ ببات.

پاشان تێکەڵکردنی بەگەڕخستنی یاسای پێشبینی لەگەڵ یاسای پاڕانەوە دەرئەنجامی سەرسوڕهێنەر لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ دێنێتە ئارا، لەبەر ئەوە لە ئێستاوە پێشبینی و پاڕانەوەکانمان هەمیشە بۆ خێر و باشە بێت لە هەموو شوێن و گشت کاتێکدا. چونکە ئێمە هاوبەشی کاراین لە دروستکردنی قەدەرماندا.

یاسای گریمانەی گەردوون:

ئەم یاسایە پەیوەندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ یاسای بەرپرسیارێتیدا، بەجۆرێك کە گەردوون و ئەوەی تێیدایە سات لەدوای سات پێکدێت، ئەم پێکهاتنەشی ملکەچە بۆ چەندین فاکتەر و پێودانگ، لەوانە بیری مرۆڤ و لەرینەوە و پێشبینیەکانی.

دروشمی ئەم یاسایە:

«هەموو ئەوەی لە گەردووندایە واقیعێکی گریمانەیی دەژی، ئەوەی ڕووەدات بڕیتییە لەوەی بیرکردنەوەکانت تەرکیزی لەسەر بووە»

(١) گێڕەرەوە : واثلة بن الأسقع- فەرموودەناس: ابن حبان – سەرچاوە : صحيح ابن حبان – لاپەڕە یاخود ژمارە: ٦٢٤- پوختەی حوکمی فەرموودەناسەکە(أخرجه في صحيحه) .

هەموو ئەوەی بە بیرکردنەوەی تاکیت یان بەکۆمەڵت تەرکیزت لەسەری بووە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕووداوانەی کە واقیعەت دەگۆڕێت، بەوەش ئایندەت دەگۆڕێت. هەموو ڕەوشێکی ئێستا ژمارەیەکی بێ کۆتا گریمانەی گۆڕان و پێکهێنانی هەیە، باشە چ گریمانەیەك دەیباتەوە؟ ئەو گریمانەیانە کە بە بیرکردنەوە و زمانی تاکی و کۆمەڵیت تێری دەکەیت.

ئێمە بەوە تەنها لە خۆمان بەرپرس نابین، بەڵکو بەرپرسین لە هەموو ئەوەی لەدەوروبەرمانە لە مرۆڤ و شتەکان، کە کاریگەری دەبێت لەسەرمان، لەبەر ئەوەی کەسانی تر بەرپرس دەبن لەبەختەوەری و بێزاریمان، دیارە ئەگەر کەوتینە ژێر کاریگەرییانەوە.

هەر ئەمەشە لێکدانەوەی ڕووداوی کارەساتەکان بۆ منداڵان و بێتاوانان، ئەم ڕووداوانە بەگوێرەی بەها و بنەما و منداڵێتی بێتاوان نابێت، بەڵکو بەپێی گریمانەی بەرنامەڕێژکراوی (بیرکردنەوەکان/ لەرینەوەکان) دەبێت، واتە ئێمە لێرەدا مەبەستمان بیرکردنەوەو لەرینەوەکانی باوکان و پەروەردەکارانی بەرپرسە لەو منداڵانە.

یاسای پاڕانەوە:

(وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ...: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە)(غافر: ٦٠).

دروشمی ئەم یاسایە:

«ئەگەر لەمپەرێکی ناوخۆیی دروستکراوی خۆت نەبێت، هەموو پاڕانەوەو ئاواتەکانت گیرا ئەبێت»

هەموو مرۆڤێك خواست و ئاوات و خەونی لە دونیادا هەیە، زۆربەی خەڵك لەو باوەڕەدان پلەی بەختەوەری پەیوەندیدارە بەڕادەی خەون و ئومێدە گیرابووەکانەوە لەژیانیاندا. هەموو مرۆڤەکان، بە جیاوازی جۆر و خواست و بیروباوەڕیانەوە، لە توانایاندایە ئومێدەکانیان بهێننە دی: (كُلًّا نُمِدُّ هَؤُلَاءِ وَهَؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاءُ رَبِّكَ مَحْظُورًا: هەریەك لەو دوو تاقمە, لەبەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین، خۆ بەخششی پەروەردگارت قەدەغەکراو نیە) (الإسراء: ٢٠).

بەڵێ هەموو مرۆڤەکان، بەجیاوازی جۆر و خواست و بیروباوەڕیانەوە، تەنانەت بە بێباوەڕیشیانەوە، لە توانایاندایە ئومێدەکانیان بهێننە دی، کەسێك نەبێت ئومێدەکەی بە لەمپەرێکی دەستکردی دەستی بیرکردنەوەی خۆی ڕاگرتبێت. لەمپەرەکە دەکرێت لەسەر شێوەی بیرۆکە (وشە/ لەرینەوە) بێت

و ڕیشەی لە ئاگایی و نائاگایی مرۆڤدا دابکوتێت و لە بەربەستکردنی گەیشتنی ئاسوودەییەکە بۆی کاری خۆی بکات.

«هیچ لەمپەرێکی دەرەکی لەبەردەم پاڕانەوە و ئومێدەکاندا نییە، هەموو لەمپەرەکان نێوخۆیین و خۆت دروستت کردوون»

پاڕانەوەی پێغەمبەری زەکەریا (سەلامی خوای لێ بێت):

پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ و دەیە لەپاڕانەوە:
« يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ...:
ئەی زەکەریا! بەراستی ئێمە مژدەت دەدەینێ «

پێغەمبەری زەکەریا (سەلامی خوای لێ بێت)چەندین ساڵی لە چاوەڕوانی لەدایکبوونی منداڵێك بۆ گەیاندنی پەیامی پەروەردگاری بەسەر برد کە خوای گەورە بەخشیبوویەتیە بنەماڵەی یەعقوب، بەردەوام دەپاڕایەوە، بەدەیان ساڵ، بەبێ ماندووبون، پاڕانەوەی گیرا نەبوو، پەرۆشی پێغەمبەری خواش بۆ منداڵێك نە کەمی کرد نە نەما، نەهامەتییەکە بەردەوام بوو هەتا گەیشتە ئەوەی پێغەمبەرەکە پیر بوو، پێغەمبەرە مرۆڤەکە ترسی لەوە هەبوو کە هەر مرۆڤێك ترسی لێی هەیە، ئەویش پیریی و بێتوانایی و نەمانی توانای منداڵ خستنەوەیە، یاخود نەمانی خودی ژیان.

ئەوەی زیاتر پێغەمبەری خوای سەرسام دەکرد ئەوە بوو هەموو پارانەوەکانی گیرا بوو، تەنها پارانەوەی منداڵبوون نەبێت: (... وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا: تا بۆ مەبەستەکانم لێت پارابێمەوە، هەرگیز دڵشکاوو بێهیوا نەبووم)(مریم: ٤)، باشە هۆکار چییە؟ تەنانەت زەکەریا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) ترسی لەوە هەبوو لایەندارانی پاش خۆی پەیامەکە لەناو ببەن، لەگەڵیدا بیروباوەڕی یەکخواناسیی نەمر لەناو بچێت، هیچی بۆ گیرابوونی پارانەوەکەی نەبینی، هەرچەندە بەڵگەکەی بەهێز و مەترسیەکەش مەزن بوو.

لەپڕ، پاش چەندین دەیەی درێژ لەتەمەنی (سەلامی خوای لێ بێت)، شادیەکە دێت، وەك ئەوەی بێ پێشەکی بێت، بەبێ هۆکارێکی زانراو بێت، ئایەتە پیرۆزەکانی (١-١٠)ی سورەتی مەریەم باسی ئەوە دەکات، ڕوونی دەکاتەوە دەروو کرانەوە و گیرابوونی پارانەوەکە لەناکاو هاتن، بەپێی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: « يا زكريا إنا نبشرك بغلام ...»

(كهيعص * ذِكْرُ رَحْمَتِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (٢) إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا (٣) قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُنْ بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (٤) وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا (٥) يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا (٦) يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَلْ لَهُ مِنْ قَبْلُ سَمِيًّا (٧) قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا (٨) قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا (٩) قَالَ رَبِّ اجْعَلْ لِي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا: ئەم باسە یادی میهرەبانیی پەروەردگاری تۆیە دەربارەی (زەکەریا) بەندەی خۆی, ئەودەمەکەهاواری لەپەروەردگاری خۆی کرد بەدەنگێکی

نزم ونەوی، گوتی: ئەی پەروەردگارم! بەڕاستی من پێشەو ئێسکەکانم لاوازبوون و هەموو سەریشم لەبەر پیری تروسکەی دێ، پەروەردگارم! تا بۆ مەبەستەکانم لێت پاڕابێمەوە، هەرگیز بێهیوا نەبووم، بەڕاستی من لە دوای خۆم لە هۆزو عەشیرەت و خزمانم نیگەرانم، هاوسەرەکەیشم نەزۆکە، دەسا تۆ لەمیهرەبانیی خۆت، جێگەدارێکم پێببەخشە، تا میراتی من و خانەدانی یەعقووب وەرگرێ، ئەی پەروەردگاری من! هیوامە خۆت و بەندەچاکەکانت لەکردارو هەڵسوکەوتی رازیی بن.. ئەی زەکەریا! بەراستی ئێمە مژدەی کوڕێکت دەدەینێ ناوی یەحیایە، کە بەر لەو، هاوناوی نەبووە، زەکەریا گوتی: پەروەردگارم! جا کوا لەم تەمەنەدا من کوڕم دەبێ و ژنەکەشم نەزۆکە و خۆیشم لەبەر پیری جومگەکانی لەشم تەواو لاوازن و ئوفتادە بووم. گوتی؛ بڕیار ئاوایە، پەروەردگاریشت دەفەرموێ: ئەم کارە لای من زۆر ئاسانە، خۆ لەپێشتر خۆتم هەر لەنەبوون دروستکردو هیچ شتێ نەبووێت، گوتی: ئەی پەروەردگارم! نیشانەیەکم بۆ بەدی بێنە، فەرمووی: نیشانەو بەڵگەت ئەوەیە تا سێ شەوان ناتوانی قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەیت)(مریم: ١-١٠).

بەڵام کارەکە بەوشێوەیە نەبوو، هەموو ئەوەی لە گەردوونداید لەسەر یاسا وردە بڕیار لەسەر دراوەکان لەلایەن پەروەردگارەوە بەڕێکی دانراوە، تەنها دروستکاری یاسا و سوننەتەکان بەویستی خۆی دەیانگۆڕێت.

دەروو کرانەوە و گیرابوون (چرکەساتێک لەوێدا):

پێغەمبەری خوا زەکەریا لەوکاتەوەی خاتوو مەریەم (سەلامی خوای لێ بێت) ی گرتە خۆ، دەروو کرانەوە لێی دەستی پێکرد، دەستیکرد بە پەروەردەکردنی مەریەم لەماڵەکەی خۆیدا، خوای گەورە خاتوو مەریەمی کردە قەدەرێکی جیاواز کە هیچ ئافرەتێکی پێش ئەو و دوای ئەو ئەوەی پێنەدراوە، ئەویش بەبێ هاوسەرگیری سکی بە گەورەمان عیسا (سەلامی خوای لێ بێت) پڕ بوو، ئەم کارە لەخۆیدا پاکێتی هەر کچێکی پاکیزە ناهێڵێت، ڕێزی لەدەست دەدات، لەبەر ئەوە خوای گەورە لەکاتی منداڵییەوە ڕایهێنابوو لەسەر پێکهاتنی ڕووداوە موعجیزەکە لەژیانیدا بەبێ بوونی هۆکارەکان و پێشەکی لۆژیکی پەیوەندیدار بەوەی پێی ڕازی بوو.

مەریەم (سەلامی خوای لێ بێت) بۆ پەرستش دەچووە پەرستگا، هەموو ئەو پێویستیانەی ئاواتەخوازی بوو دەیووبست لە ڕۆژی ڕۆژانە و بەکارهێنان لێی بوو، هیچ سەرسوڕمانێکی لەکارەکەدا بەدی نەدەکرد، باوەڕە ڕەگ داکوتاوەکەی بەقەدەری خوای گەورە وایکردبوو ئەو ڕووداوە دووبارە بوەوە ، شتێکی ئاسایی بێ و هیچ سەرسامبوون و سەرسوڕمانێکی نەبێت.

بەڵام پێغەمبەر زەکەریا کاتێ دەچووە میحرابەکەوە بۆ لای، دەیبینی ئەو ڕۆزیەی لێیە و نەیدەزانی لەکوێوە هێناویەتی، یاخود لەکوێوە هاتووە، لەکاتێکدا ماڵی ئەمە، هەر شتێك لەماڵەکەیدا ڕووبدات پێویستە بە ئاگاداری ئەم بێت.

ڕۆژێکیان چووە میحرابەکەوە، لەمەریەمی پرسی: مەریەم ئەمەت لەکوێ بوو؟

بەوپەڕی متمانە و هێمنیەوە وتی: ئەوە لەلای خوای گەورەوە هاتووە، خوای گەورە بێ ئەژمار ڕۆزی هەرکەس دەدات کە بیەوێت.

(هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ: جا هەر لەوێ زەکەریا بانگی لە پەروەردگاری خۆی کرد, وتی: ئەی پەروەردگارم! لە لایەن خۆتەوە زاڕۆڵێکی چاك و پاکم پێ ببەخشە، بەراستیی تۆ خوایەکی ژنەوای پاڕانەوەیت)(آل عمران: ٣٨).

چرکەساتێك لەوێدا، گۆڕانکاریی لە پێغەمبەر زەکریادا کرد، داوای کوڕی لەخوا کرد، نەیوت ژنەکەم نەزۆکە.

ئەم جارە پاڕایەوە لەخوا لەو چرکەساتەدا (لەوێدا) بەبێ ئەوەی لەمپەرێکی بخاتە بەردەم پاڕانەوەکەی ئەویش ئەوە بوو ژنەکەم نەزۆکە، باشە ژن نەزۆك بێت ئیتر چۆن منداڵی ببێت، لەکاتی بینینی ڕۆزیەکەدا لەمیحرابەکەی خاتوو مەریەمدا (سەلامی خوای لێ بێت) و، بیستنی وەڵامەکەی خاتوو مەریەم، یەقینی گەیشتە پلەیەکی بەرز (لەوێدا) و داوای کوڕی کرد، دەستبەجێ پاڕانەوەکەی گیرا بوو.

کارەکە بەوپەڕی سادەییەوە ئەوە بوو پێغەمبەر زەکەریا (سەلامی خوای لێ بێت) بە نا ئەنقەست، لەمپەرێکی نێوخۆیی لەدەروونی خۆیدا دەخستە بەردەم گیرابوونی پاڕانەوەکەی، ئەم لەمپەرەش ئەوە بوو باوەڕی وابوو ژنەکەی نەزۆکە، باشە ئیتر چۆن منداڵی ببێت، بەڵام چرکەساتیك (لەوێدا) پلەی یەقینی لای بەرز کردەوە و بەبێ لەمپەر داوای کرد، بەبێ پێویستبوونی کات گیرا بوو: (وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ .....: پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لە من بکەن و لە من بپارێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە)(غافر: ٦٠).

پاش گیرابوونی پارانەوەکەی هەستێکی مرۆیی سروشتی لای زەکەریا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) سەریهەڵدا، وتی: (أَنَّى يَكُونُ لِي غُلامٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ ...: جا چۆن من کوڕم دەبێت من وا پیر بووم و ژنەکەیشم نەزۆکە؟!). وەڵامەکەش بەدڵنیاییەوە ئەوە بوو: (قَالَ كَذَلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ: هەر بەو جۆرە خوا هەرچی ئارەزوو بکات دەیکا) (آل عمران: ٤٠).

ئایەتەکانی سورەتی (ال عمران) ئەوانەی لەسورەتی (مریم)دا ڕوون نەکراوەنەتەوە، ڕوون دەکاتەوە، قورئانی پیرۆز بەشەکانی یەکتر تەواو دەکەن.

(كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِنْدَهَا رِزْقًا قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَرْزُقُ مَنْ يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ (٣٧) هُنَالِكَ دَعَا زَكَرِيَّا رَبَّهُ قَالَ رَبِّ هَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ ذُرِّيَّةً طَيِّبَةً إِنَّكَ سَمِيعُ الدُّعَاءِ (٣٨) فَنَادَتْهُ الْمَلَائِكَةُ وَهُوَ قَائِمٌ يُصَلِّي فِي الْمِحْرَابِ أَنَّ اللَّهَ يُبَشِّرُكَ بِيَحْيَى مُصَدِّقًا بِكَلِمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَسَيِّدًا وَحَصُورًا وَنَبِيًّا مِنَ الصَّالِحِينَ (٣٩) قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَقَدْ بَلَغَنِيَ الْكِبَرُ وَامْرَأَتِي عَاقِرٌ قَالَ كَذَلِكَ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يَشَاءُ: هەر جارێکی زەکەریا لە حوجرەکەیدا سەری لێدەدا دەیدی خۆراکی لایە، بۆیە دەپرسێ: ئەرێ مەریەم! تۆ ئەمەت لەکوێ بوو؟ ئەویش گووتی: لەلایەن خواوە بۆم هاتووە, بەراستیی خوا بە هەرکەسێك بیەوێت بێ ژمارەو بێ ماندووبوون رۆزیی دەدات.. جا هەر لەوێ زەکەریا بانگی لە پەروەردگاری خۆی کردو گووتی: ئەی پەروەردگارم! لە لایەن خۆتەوە زاڕۆڵێکی چاك و پاکم پێ ببەخشە، بەراستیی تۆ خوایەکی ژنەوای پارانەوەیت. ئینجا فریشتەکە بانگی لێکرد کە ئەوکات لە میحرابەکەیدا وەستابوو و نوێژی ئەکرد, پێی گووت کە بەراستیی خوای گەورە موژدەت پێدەدا, بە یەحیا کە ددان بەگشت بێژەو وشەیەکی خوادا دەنێ، مرۆڤێکی مەزن و ڕێزدارە،

زۆریش خۆڕاگرو دووڕەپەڕێزەر، لە ئایندەدا دەبێتە پەیامبەرو لەریزی چاکاندایە. زەکەریا وتی: ئەی پەروەردگارم! جا چۆن من کوڕم دەبێت من وا پیر بووم و ژنەکەیشم نەزۆکە؟! گوتی: هەر بەو جۆرە خوا هەرچی ئارەزوو بکات دەیکا)(آل عمران: ٣٧ - ٤٠).

لەمپەرە نێوخۆییەکە لای زەکەریا پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت)، ئەوە بوو: ژنەکەم نەزۆکە، بەدرێژایی چەندین ساڵی تەمەنی ئەمەی دووبارە دەکردەوە، بۆ تەنها یەکجار نەیووت ژنە نەزۆکەکەم بۆ چاک بکە.

ئاگاداری مەترسی وشەکان و کاریگەریان لەسەر قەناعەت و پێشبینییەکانمان بین، لە دوایشدا لەسەر پاڕانەوە و گیرابوونی.

گیرابوون و وادەی جێبەجێکران:

(قَالَ قَدْ أُجِيبَتْ دَعْوَتُكُمَا فَاسْتَقِيمَا وَلَا تَتَّبِعَانِّ سَبِيلَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ: فەرمووی: وا داواکەتان وەرگیرا، دەسا ئێوەیش لەو مەیدانەدا دامەزراو بن و، لە رێی ئەوانەوە مەچن کە نازانن)(یونس:٨٩).

ئایا دەکرێت پاڕانەوە گیرا بێت، بەڵام وادەی جێبەجێکردنەکەی دوا بکەوێت؟

لەڕاستیدا ئەمە سروشتی زۆربەی شتەکانە، چونکە وادەی جێبەجێکرانی پاڕانەوە وابەستەیە بەکەینونەی ئەو شتەی پەیوەندیدارە پێیەوە، گیرابوونی پاڕانەوەی منداڵبوون، پێویستی بە ڕوودانی تۆوکردن هەیە، دواتریش چەند مانگێك دووگیانیی، پاش ئەوە منداڵبوون، هەموو لەدایکبوونێکیش کەینونەیەکی گەردوونی هەیە ناتوانرێت بگۆڕدرێت.

لەوانەیە گیرابوونی ڕاستەوخۆی پاڕانەوە و دواکەوتنی وادەی جێبەجێکردنی حیکمەت و ڕەحمەتێك بێت لەلای خوای گەورەوە.

ئەگەر گیرابوونی پاڕانەوە ڕەحمەت بێت لە خوای گەورەوە، ئەوا وادەی جێبەجێکردنەکەشی بەهەمان شێوە ڕەحمەتە.

ئایا لەمپەر و ڕێگری تر لەبەردەم گیرابوونی پاڕانەوەکان و خواستەکاندا هەیە:

هەر پاڕانەوە و ئاواتێکی گیرا نەبوو، هۆکار و پاساوێك بۆ گیرا نەبوونەکەی هەیە، زۆرێك لەزانایان باسیان لەمە کردووە و زۆریان وتوە. بەڵام ئێمە وایدەبینین هۆکاری سەرەکی گیرا نەبوون بریتییە لە بوونی لەمپەرێکی ناوخۆیی لەدەروونی ئەو کەسەی پاڕانەوە و خواستەکەی هەیە، یاسا وەك باسمان کرد دەڵێت: هیچ لەمپەرێکی دەرەکی لەبەردەم پاڕانەوە و خواستەکانتدا نییە، هەمو ئەوەی لەوێدا هەیە لەمپەری نێوخۆییە، تۆ پێی ڕازی بوویت و لەدەروونتدا چەسپاندووتە.

بۆ لێکدانەوە لەمپەری سەرەکی لەسەرمان پێویستە هەندێك لە هۆکارەکان یان لەمپەرەکانی تری گیرا نەبوونی پاڕانەوە و بەدینەهاتنی ئاواتەکان شرۆڤە بکەین، ئەو هۆکار و لەمپەرانە لەوە بەدەر نین کە هۆکار و لەمپەری ناوخۆیی بن و لەبنەڕەتیانەوە بگەڕێنەوە بۆ هۆکارە سەرەکییە بنچینەییەکە، بۆ زیاتر شرۆڤە و درێژەپێدانی باسی دەکەین، بەهۆی ئەو گرنگییە زۆرەی لەژیانی مرۆڤی تاك و کۆمەڵگادا هەیەتی.

ئەو لەپەر و هۆکارانەش ئەمانەن:

یەکەم: سەرپێچیکردنی پارانەوەکە، ئەویش بەئاواتخواستنی کەینونەیەک:

کەینونەی هەر شتێك، بریتییە لەدروستبوون و پێکهێنانەکەی، هەر شتێکیش لە گەردوونـدا پێکهاتەو پەیوەندییە شوێنی و کاتیەکانی خۆیی و مەرجی بۆ درەوشـانـەوەو گەشەکردن و گـۆڕان و لەناوچوونی هەیە، بۆ لێکدانەوەی بیرۆکەیەکی پێچەوانەی پارانەوە یاخود ئاواتی کەینونەیەك، ئەم نموونە کردارییە وەردەگرین:

ئەگەر جوتیارێك لە کێڵگەکەیدا تۆوی جۆی چاند، پاشان گرنگیدا بە ئاودان و سەماتکردن و بژارکردنی، پارانەوەو ئاواتی بەدرێژایی وەرز ئەوە بوو خوای گەورە بەرهەمێکی زۆری گەنمی پێ ببەخشێت، ئایا ئەو پارانەوەیە گیرا ئەبێت؟ وەڵام: نەخێر. چونکە هەموو ئەو پارانەوەیە پێچەوانەی کەینونەکەیە، کەینونەی ئەو تۆوەی چاندوویەتی و، کەینونەی یاسای دروێنەوە کە دەڵێت: ئەوەی بیچێنیت، هەر ئەوە ئەدوریتەوە، ئیتر بتەوێت یان نەتەوێت ئاوایە.

کەسانیکی زۆری خـاوەن کـاری گرنگ تووشی هـەندێك نەخۆشی دەبن کە دەرئەنجامی زیادەڕۆییانە لە شڵەژان و دڵەڕاوکێی دەماریی، لەو بڕوایەدان هۆکاری ئەوە سروشتی کارەکەیانە، لەڕاستیدا ئەوە بەهۆی نا هۆشیاریانەوەیە لەپێویستی ڕێکخستنی لەپێشبونەکانیان و، فێربوونی یاسای باش بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانیان، پاشان ئەوان پەنا بۆ چارەسەر لای لێهاتووترین پزیشك دەبەن، لە ناسراوترین مەڵبەندەکانی چارەسەری سروشتی، بەبێ ئەوەی قەناعەتیان بە گۆڕانکاری لەناخی خۆیاندا، لە شێوازی ژیانیاندا هەبێت، ئایا چاك دەبنەوە؟

وەڵام: نەخێر.

لەبەر ئەوەی ئەوان سەرپێچی کەینونەی خۆیان و کەینونەی سروشتی کارەکانیانن، کەسانیك هەن زۆرتر گرنگ و مەترسیدارترن لەبەرپرسیارێتیەکانیاندا، کەچی تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیانە نابن.

زۆر خوێندکاری زانکۆ چوونەتە ئەو پسپۆڕی و لقانەی کە لەگەڵ سروشتی ویستی عەقڵی و سۆزداریاندا (پێچەوانەی کەینونەیانە) ناگونجێت، پاشان لەزانکۆ دەرچوون بەبێ ئەوەی بەیەك ڕۆژ هەست بە چێژ یان بەختەوەری یان ڕازیبوون لە خۆیان یاخود لەو زانستەی دەیخوێنن بکەن، ئایا ئەمانە داهێنان دەکەن؟

دووەم: پەلەکردن:

لەوانەیە پەلەکردنی بەدیهاتنی ئاوات و گیرابوونی پارانەوە مەترسیدارترین نەهامەتی ئادەمیزادیمان بێت، ئەمەش بەهۆی بێئاگایمانەوە بێت لە کەینونەی گەردوون و بونیاتنانی ئاڵۆزی پێکەوە بەستران بەشێوەیەکی بونیاتنەرانەی یەکتر تەواوکەر، بۆئەوەی پارانەوە و ئاواتت گیرا بێت، پێویستە ڕێککردنێکی نوێ لەشانۆی گەردوونی دەوروبەرتدا ڕووبدات، ئەم ڕێککردنە دەبێت لەبەرژەوەندی تۆ و بەرژەوەندی خەڵکانی تریش بێت.

ئەگەر وا ڕویدا پارانەوەکەت بەبێ ڕێککردنی پێویست گیرابوو، ئەوا کارەکە سەرەتا دەبێتە خراپە بۆ خودی خۆت یان بۆ کەسێک جگە لەخۆت، پاشان دووبارە لەسەر خۆت. لەبەر ئەوە حیکمەتی خوای گەورەیە کە پارانەوە و ئاواتەکان بەگوێرەی یاساکان و ڕێککردنی دونیای قبوڵکراو و تێگەیشتووی عاقڵانە دێنە

دی، بەهۆکاری دونیایی کە هەریەکەیان پەیوەندیدارە بەویتریانەوە، ئەمەش رێگە دەدات بەگەردوون بەشێوەیەکی رێك و پێك بەڕێوە بچێت کە هیچ سەیریەکی تێدا نەبێت، هەر ئەو توانای ڕامکردن و بەرهەمهێنانی بە مرۆڤ دەدات، کەواتە ئەوە تێگەیشتنی یاساکانی و کەینونەکەیەتی.

لەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆز کە بەڵگەن لەسەر ئەمە:

(أَثُمَّ إِذَا مَا وَقَعَ آمَنْتُمْ بِهِ آلْآنَ وَقَدْ كُنْتُمْ بِهِ تَسْتَعْجِلُونَ: ئاخۆ پاش ئەوە کە سزاکە هات بۆتان باوەڕتان پێهێنا، لە کاتێکا بەر لە هاتنەکەی، ئێوە پەلەتان بۆ دەکرد!)(یونس :٥١).

(وَيَسْتَعْجِلُونَكَ بِالسَّيِّئَةِ قَبْلَ الْحَسَنَةِ وَقَد خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِمُ الْمَثُلَاتُ وَإِنَّ رَبَّكَ لَذُو مَغْفِرَةٍ لِلنَّاسِ عَلَى ظُلْمِهِمْ وَإِنَّ رَبَّكَ لَشَدِيدُ الْعِقَابِ: پەلەت لێ دەکەن بەدابەزینی سزا پێش چاکە، خۆ بەر لەوانیش خەڵکێکی زۆر تووشی سزا بوون، لەڕاستییدا پەروەردگارت خاوەن لێبوردنە بۆخەڵکی، ئەگەرچی ئەوان ستەمکاریش بن، بێگومان پەروەردگاری تۆ تۆڵەی توندو سەختە)(الرعد: ٦).

(لَا يَسْأَمُ الْإِنْسَانُ مِنْ دُعَاءِ الْخَيْرِ وَإِنْ مَسَّهُ الشَّرُّ فَيَئُوسٌ قَنُوطٌ: مرۆڤ هەرگیز لەداخوازیی خێروچاکە بێزارو ماندوو نابێ، ئەگەر بەڵاو ناخۆشیی تووش بوو، ئەوە نائومێدێکی تەمابڕە)(فصلت: ٤٩).

بەڵام پەلەکردن لەجێبەجێکران ئەگەر ڕوویدا، لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی کارەساتێکی ڕاستەقینە بەهۆی دژبوونی ئەوەی هاتووەتە دی لەگەڵ پێکهێنەرە مادی و مەعنەویەکانی دێکەت. ئەگەر پێش وادەی ئاسایی لەدایکبوون منداڵێکت پێ بەخشرا لەوانەیە بەناکامی یاخود شێواوی یان جگە لەوە لەدایك ببێت، ئەگەر هێزێکی مادی یان مەعنەویت پێبەخشرا بەر لەوەی ئامادە بیت بۆ

پێشوازیکردنی، بۆی هەیە ئەو هێزە ببێتە ناڕەحەتی بۆت (داڕوخان لەژێر زۆری ووزەکەدا)، ئەگەر سامانت پێبەخشرا و یاساکانی وەبەرهێنان و باش بەڕێوەبردن شارەزا نەبوویت، لەوانەیە جیاواز لە شوێنی خۆی پەرتی بکەیت و بەفیڕۆی بدەیت و لەناوی ببەیت.

بەمجۆرە، پەلەکردن هەڵەیە.

سێیەم: گومان و هەستکردن بەشایستە نەبوون:

ئەمە لەمەترسیدارترین لەمپەرە نێوخۆییەکانە کە مرۆڤ قبوڵی دەکات، زۆرجار بە نائەنقەست، دەربازبوونیش لێی ئاسان نییە بۆی. ئەم لەمپەرە بەزۆری مرۆڤ لەگەڵ پەروەردەکردنیدا لەمندااڵیەوە بەهۆی ئەو قسانەی باوکان یان مامۆستایان یان هاوشێوەکانیان لەبەردەم مندااڵاندا دەیڵێنەوە گەشە دەکات، بەوەش بیرۆکەیەکی ڕیشەدار لە مێشکیاندا دەچەسپێت، ئەوەش بەدرێژایی ژیانیان بەبێ ئەوەی بزانن ئەوە لەقوڵاییاندایە کاری خۆی دەکات، بەبێ ئەوەی بزانن چۆن لێی دەرباز دەبن.

چۆن لەبیرۆکەیەك دەربازت دەبێت و نازانیت لەقوڵاییە تاریکەکانی ئاگایی کۆنتدا چێنراوە، ئەمەش لەگەڵ تێپەربوونی ڕۆژگاردا گۆڕاوە بۆ شاردراوەکانی کە کاروبارەکانی ژیانت بەڕێوە دەبەن بێ ئەوەی بزانیت؟

چۆن لەچەسپاوێکی نادیاری نەبینراو کە وەك دوژمنێکی مەترسیدار لەژیانتدا وایە دەربازت دەبێت؟ چۆن مامەڵەی بە ئەرێنی لەگەڵ دەکەیت لەکاتێکدا تۆ هیشتا کیانی لەبوونی خۆتدا نازانیت؟

ئەم چەسپاوە نادیارە نەبینراوە بریتییە لە: بیرۆکەی «من شایستە نیم»، ئەمەش چەند شێوەیەکی لەدەروونی خەڵکدا هەیە:

لەوانەیە لەشێوەی نەویستنی شتێکدا بێت کە بەرهەمی ڕۆشنبیریەکی نەرێنییە کە مرۆڤ لەکاتی منداڵییەوە دەیخواتەوە ، وا گومان دەبات باشێتی دونیا نەویستی بەتوانای بەرزبوونەوە و گەشەی مادی و ڕۆحی دەبێت.

لەوانەشە لەسەر شێوەی: ئەوەم دەوێت بەڵام، من کێم تا ئەوە بەدەست بهێنم؟ دەربکەوێت. ئەم بیرۆکەیە دەرئەنجامی نائامادەیی ئاگایی مرۆڤە لەو توانایانەی خوای گەورە پێی بەخشیووە و نائامادەیی ئاگایی لەو بەرپرسیارێتیانەی کە خوای گەورە خستوویەتییە سەرشانی.

لەوانەیە لەسەر شێوەی من ئەو شتەم دەوێت دەربکەوێت، بەڵام بەبێ دەستبەرداربوون لە هەندێك چەسپاوی گرنگ لەژیانمدا ناتوانم بەدەستی بهێنم، بەبێ ئەوەی بزانێت کە ڕێگە و ئەگەری دیکەی هەمەجۆری زۆر هەیە بۆ بەدیهێنانی ئەوەی خەونی پێوە دەبینێت بەبێ وازهێنان لەو چەسپاوە گرنگانە.

پرسیارێك دەمێنێتەوە: چۆن بزانم ئەم لەمپەرە لەناخمدا هەیە؟

ڕاهێنان:

کاتێك خەون و ئارەزووەکانت لەخاڵێکی دیاریکراوی چەسپاودا ڕادەوەستێت، نە پێش دەکەوێت و نە دوا دەکەوێت، کاتێ هەست دەکەیت هەڵەیەك لەئارادایە، بەڵام نازانیت چییە، کاتێ نەخشە دەکێشیت و کاردەکەیت و زۆرێك لە هۆکارەکان وەردەگریت و لەپر هەموو شانۆی ژیانت بەرەو خراپتر دەگۆڕێت، لەوکاتەدا لەسەرت پێویستە ئەمانە ئەنجام بدەیت:

لەشوێنێکی هێمنی ئاسوودەدا دابنیشە، دوور لەخەڵك و ژاوەژاو، بەهێمنی هەناسەی قوڵ بۆ چەند جارێك هەڵبمژە، تەرکیزی مێشکت لەسەر ئەو هەوایەی ناخت بێت کە بە نەرمی و ئاسانی هەڵیدەمژیت و دەیدەیتەوە، تا دەگەیتە قۆناغی ئارامیی و دڵنیایی.

پاشان ئەو پرسیارە بکە: ئەو کارەم دەوێت (ناوی کارەکە ببە) بەڵام لەمپەرێك وەك بەجێهێنان لە ناخمدا هەیە، لەدووتوێی ناخی قوڵمدا، لەبیرۆکەکان و بیروباوەڕەکانمدا دەمەوێت بزانم چییە؟

بەئارامییەوە چاوەڕان بە، چاودێری بکە، چی دێت بەخەیاڵتدا.

هیچ، هەناسەدان و پرسیارکردنەکە دووبارە بکەرەوە.

ئەگەر گەشتیتە بیرکردنەوەیەك، مێشکت لای بێت هەوڵ بدە بەهێمنی تاوتوێی بکەیت.

ئەگەر هەڵچوویت لەکاتی تاوتوێی ئەو بیرۆکەیەدا، ئەگەر هەوڵتدا لەمێشکت دەری بکەیت، ئاگادار بە ئەوە خۆیەتی، بەهێمنی و نەرمی ڕایبگرە، لێی ڕامەکە.

دەست بکە بەتاوتوێکردنی بە قوڵی، پرسیار لەبارەیەوە بخە ڕوو، وەك: بۆچی، چی، چۆن، کەی، لەکوێ، کێ، تاکەی، کێیە، ئایا... هتد.

چاوت لەو وەڵامانە بێت کە بۆت دێت.

ئەگەر دڵنیا بووییت گەیشتوویتە (بیرۆکە/ لەمپەر)ێك لای بوەستە.

پاساوەکانی لەژیانا بزانە، بزانە مافی ژیانی هەیە، تۆ یاخود پەروەردەکەت خۆراکی داوە.

هەستە بەهەڵوەشاندنەوە و شیکارکردنی بۆ هۆکارە سەرەتاییەکانی.

هەندێ بیرۆکە بۆ دەرکردنی لەخۆتدا پێشنیار بکە، ئەگەر هەستت بە ئاسوودەیی هەر بیرۆکەیەکی دەرکردن کرد، دەستبەجێ کاری پێ بکە، ئەگەرنا ئەوا هەستە بەگفتوگۆکردنی یان هەڵوەشاندنەوەی.

لەکۆتاییدا ئەگەر سەرکەوتوو بوویت لەدۆزینەوەو هەڵوەشاندنەوەی، ڕێگایەك بۆ دەرکردنی ئاشنا بوویت، لەوکاتەدا بیرۆکە جێگرەوەکە بچەسپێنە یاخود ئەوەی باوەڕت وایە ئەرێنیەو پێویستە جێگای بگرێتەوە، دەست بکە بەداکوتانی لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی قسەکردن لەبارەیەوە بەبێدەنگی لەگەڵ خۆت یاخود بەدەنگێکی هێمنی متمانەدار لەگەڵ کەسێکی تر.

ئەمە ڕاهێنانێکی سادەیە، تەنها پێویستی بەئارامگرتن و وردیی لەجێبەجێکردنیدا هەیە.

ئەگەر بیرۆکەی من شایستەم لە ئاگایی قوڵی مرۆڤدا ڕەگی داکوتا، ئەوا کاری سەرسوڕهێنەر لەژیانی ئەو مرۆڤەو ویستیدا دەکات.

چوارەم: دژیەکی دوو پارانەوە یان زیاتر:

ئەگەر تۆ نوێژ دەکەیت، ئەوا تۆ ڕۆژانە لانی کەم حەڤدە جار سورەتی فاتیحا دەخوێنیت، لەم سورەتەدا پارانەوەیەك هەیە زۆر دووبارەی دەکەیتەوە، ئەویش (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ: ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست)، پارانەوەیەکی ڕۆژانەیە، تێیدا داوا لەخوای گەورە دەکەیت ڕێگای دروستی ڕزگاربوونت لە ژیانی دونیاو قیامەتدا پێ ببەخشێت، ئەگەر هەر پارانەوەیەکی ترت کرد، شتێکی تێدا بوو دژ بێت لەگەڵ پارانەوەی یەکەم کە ڕۆژانە بۆ چەندین ساڵ زۆر دووبارەی دەکەیتەوە، ئەوا پارانەوەی دووەمت ئەگەر بەرەو ڕێگای دروستی ڕزگاربوونت نەبات گیرا نابێت، ئەمەش لەڕەحمەتی خوای گەورەوەیە، هاوشێوەی دواکەوتنی وادەی جێبەجێکردنی پارانەوە.

ئەگەر تۆ لەخوا دەپارێتەوە دەروازەی زانست و تێگەیشتنت لێ بکاتەوە و، چێژی گەڕان و دۆزینەوەت پێ ببەخشێت، لەهەمان کاتدا تۆ زۆربوونی سامان و کاری بازرگانی قازانج مەندت بوێت، ئەم دوو ویستە دژیەکی لەنێوانیاندا هەیە.

کاری بازرگانی سەرکەوتووی قازانج هێنەری زۆر پێویستی بەوەیە هەموو تواناکانت تێیدا بخەیتەگەڕ، هەموو کات و هەستەکانت بەو ببەخشیت، تۆڕینەوەی زانستیش بەهەمان شێوە پێویستی بەخۆیەکلاکردنەوەو سەرقاڵبوونی مێشك بە تۆڕینەوەی زانستی و داواکردنی زانست و، وردبوونەوەی قوڵ هەیە لە هەر بیرۆکەیەك بچوك بێت یاخود گەورە.

ئەو دوو ویستە ئەگەر دژیەکی نێوانیان لەکاتدا نەهێڵدرێت، بۆ نموونە (یەکێکیان بخەیتە پاش سەرکەوتن لەوی تریان) چونکە داواکردنیان پێکەوە

دژیەکە، ئەوەیان گیرا دەبێت کە لە ڕشتەبەندی عەقڵی چەسپاوتدا گرنگی زیاتری پێ دەدەیت، مەترسیدارتر ئەوەیە یەکێکیان ببێتە هۆی لەناوبردنی ئەوی تریان، چونکە تۆ هەمان بەهاو ئارەزووت بەهەردووکیان بەخشیووە، هەرچەندە لە کەینونەدا دژیەکن.

ئاگاداربوون:

لەوانەیە گیرا نەبوونی پاڕانەوە ڕەحمەت بێت:

(دَعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ * فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحًا جَعَلَا لَهُ شُرَكَاءَ فِيمَا آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللَّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ: هەردوو لە خوای پەروەردگاریان پاڕانەوە: ئەگەر منداڵێکی چاکمان پێ ببەخشێ لە خەڵکانی شوکرانە بژێر دەبین، جا هەر کە منداڵێکی چاکی دانێ، ئەوی خوا پێیدابوون کردیانە شەریك و هاوبەش بۆی، جا خوا بەرزو بڵندە لەوە ئەوانە دەیکەنە هاوبەشی)(الأعراف: ١٨٩-١٩٠)

یاسای ئاستە ڕاستەقینەکان:

یەکێك لە گرنگترین بەرپرسیارێتیەکانت ئەی مرۆڤ ئەوەیە بزانیت تۆ لە چ ئاستێکی ڕاستەقینەدایت، هەروەها بزانیت ئەو کەسەی دژی تۆیە لەکام ئاست لەئاستەکانی ڕاستەقینەدا دەبێت.

بەچڕی بڕوانە بۆ هەر شتێك، دڵنیابەرەوە لەکرۆکەکەی، پاشان بچۆ بەرزاییەکی کەم، سەیری ئەوە بکە کە دەبینیت و ماهیەتەکەی دیاری بکە، داوا بکە لە یەکێکیان (کەسی دووەم) بچێتە شوێنی پێشووی تۆ، داوای لێ بکە ماهیەتی ئەوەی دەیبینێت دیاری بکات، پاشان بچۆ بەرزاییەکی زیاتر، سەیری دوو شوێنەکەی پێشوو بکە، سەیری ئەوە بکە کە ئێستا دەبینیت و ماهیەت و ڕەهەندەکانی دیاری بکە، داوا لەکەسی دووەم بکە بێتە شوێنی دووەمی تۆ و هەواڵت بداتێ چی دەبینێت، کەسی سێیەمیش بهێنە، بیخەرە شوێنی کەسی دووەم (شوێنی یەکەمی خۆت)، داوای لێ بکە ماهیەتی ئەوەی دەیبینێت دیاری بکات، ئەو دووانە لەوانەیە ئەوەی تۆ دەیبینیت بەڕاستی نەزانن، بەڵام تۆ ئەوەی ئەوان دەیبینن بەڕاستی دەزانیت، چونکە پێش ئەوان تاقیتکردەوە، ئەمەیە ئاستە ڕاستەقینەکان.

هەتا بەمەعریفە بەرزتر ببیتەوە، لەگەڵ کەسانی تردا لێبوردە دەبیت، چونکە ئەوان ئەوەی دەیزانن دەیڵێن و ڕاستگۆن، تۆش دەزانیت ئەوان ڕاستگۆن، بەڵام بینینی ئەوان بەس نییە بۆ بینینی حەقیقەتی تەواو، پێچەوانەی تۆن چونکە نازانن، ئەوەی تۆ بینیووتە ئەوان نایبینن، ئایا لەیادتان نییە بۆچی هەموو پێغەمبەرێك بەپەروەردگاری وتووە: پەروەرداگارا لە گەلەکەم ببووڕە چونکە ئەوان نازانن.

یاسای بنەڕەتی سێیەم
یاسای دووانەیی جەمسەرییەکان

دروشمی ئەم یاسایە:
هەموو ئەوەی لە گەردووندایە دووانەییە جگە لەخوای گەورە، ئازاریش بریتییە لەتوندڕەوی یەکێك لەدووانەییەکە.

ئەم یاسایە پێنج بنەمای سەرەکی هەیە:

١- هەموو ئەوەی لە گەردووندایە دووانەییە(ثنائیات) جگە لەخوای گەورە.

٢- ئەگەر جەمسەرێك لەو دوو جەمسەرە تونڕەوی کرد، ئەوا ئازار سەرهەڵدەدات.

٣- ئەگەر جەمسەرێك لەو دوو جەمسەرە تونڕەوی کرد، ئەوا دەگۆڕێت بۆ جەمسەرێکی دژ.

٤- حەوانەوە لە ماماوەندیی و میانڕەویدایە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتییە.

٥- بەرزبوونەوە لە ناوەڕاستدایە، ئەویش ژیانە لەجەمسەری یەکیدایە.

دریژەی پێنج بنەماکە:

گەردوون لەسەر بنەمای دووانەیی دروست کراوە، لەم دووانەییانە دواتر هەموو بوونەوەرەکان لەدایك دەبن. هەر بوونەوەرێك لەگەردووندا تاکە تەواوکەرەکەی تری خۆی هەیە، کە ناتوانێت بێ ئەو بژی، ئەگەر جەمسەرێك لەجەمسەرەکانی هەر دووانەییەك لەناوچوو، لەناوچوونی جەمسەرەکەی تر

مسۆگەرە و تەنها هەندێك كاتی دەوێت.

لەبەر ئەوە هەموو هەوڵەكانی مرۆڤ بۆ لەناوبردنە جەمسەرێك لەجەمسەرەكان شكستی هێناوە، چونكە بە لەناوبردنی ئەو جەمسەرە، بەبێ ئەوەی بزانیت جەمسەرەكەی تریشی لەناو بردووە. چەندین هەوڵی هەندێك لەسەركردە سیاسیە ئارەزو وویستەكان بۆ لەناوبردنی جەمسەرێك شكست بەشی بووە ، هەمیشە جەمسەرەكەی تر لەشوێنێكەوە بۆیان دەردەكەوێت كە هیچ چاوەڕوان نەبوون.

نە خراپە توانیوویەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان چاكە لەناو ببات، نە چاكە توانیوویەتی خراپە لەناو ببات، ململانێیەكە لەسەر شانۆی ژیان بۆ هەردوو جەمسەر ماوەتەوە، ئەمەیە كەینونەی دروستبوون. هەركەس سەربێچی دروستبوون بكات شكست دەهێنێت، هەر بیردۆزەیەك سەربێچی كەینونەی دروستبوونی گەردوونی كردبێت تەنها بڵاوكردنەوەی نارە حەتی و نەهامەتی زیاتر كردووە.

بەڵام ئایا ئەمە ئەو واتایە دەدات پێویست بە ململانێ لەنێوان دووجەمسەر لەهەر دووانەییەك لەدووانەییەكاندا نەبێت؟ وەڵام: بەڵێ، واباشە ململانێ لەنێوان هیچ دوو جەمسەرێك لەهیچ دووانەییەك لەدووانەییەكاندا نەبێت، ئەگەر ئاوا بوو ئەوا ڕەوشی ئاشتی و ئاسایش لەجیهاندا بااڵدەست دەبێت، بەڵام ئەوە پێچەوانەی خودی كەینونەیە، كەینونەی خودی دروستبوونی گەردوون.

هەندێك لە دووانەییەكان جەمسەرەكانیان بۆ هاریكاری و لێبوردەیی و زۆربوونی خۆشەویستی و سۆز دروست كراون، وەك دوو جەمسەرەكەی مرۆڤ (نێر و مێ)، هەندێكیشیان سروشتی دروستبوونیان لە سەر ململانێ و ڕكابەرێتی هەمیشەیی بەندە، وەك هەردوو جەمسەری (جەلادو قوربانی). لەڕووی

جەمسەرییەوە ئەگەر ئەم دووانەیە بەیەك بگەن –سروشتیان وایە بەگەڕانی هەر جەمسەرێکیان بەشوێن ئەوی تریاندا بەیەك بگەن- بجەنگن و ڕۆڵیان ئاڵوگۆڕ پێ بکەن هەتا هەر جەمسەرەیان بەختەوەری و خۆشیی جەمسەرەکەی تر لەناو ببات، بەم سروشتە گەشە دەکەن و شوێنی خۆیان لەنێوان بێزارو خراپەکاراندا بچەسپێنن.

ئایا چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ کۆتایهێنانی ململانێی دوو جە مسەرەکە لەدووانەییدا هەیە؟ بەڵێ چارەسەرێکی ئاسان هەیە، بەڵام سروشتی ئەم چارەسەرە وایە کاتییە. چارەسەری ڕیشەیی ململانێی هەر دووجەمسەرێکی دووانەیی بریتییە لە ناوەندییون و میانڕەوی. لەناوەندگیری و میانڕەویدا هەر جەمسەرێك پارێزگاری لە شتێك لەکیانەکەی دەکات و، شوێنێک بۆ شتێك لە کیانی ئەویتر چۆڵ دەکات، بەمەش هەر جەمسەرێکیان توندی خۆی لەدەست دەدات و بەئاشتی و ئاسایش دەژین.

بەڵام بۆچی ئەم چارەسەرە کاتییە؟ چونکە مانەوە لەناوەند و میانڕەویدا بێزارکەرە، شتێکی تێدا نییە جوڵە بەژیان بدات، یاخود ئارەزوو و پەرۆشی بوروژێنێت، زۆربەی مرۆڤەکانیش لەسەر ئەوە ڕاهاتوون بەتوندی و لەرزینی تونـدەوە بژین، وەك ئـەوەی تـوندو تیژی – تەنانەت لەخۆشەویستیشدا- سروشتی گەردوون بێت.

ئایا نابینیت زۆرینەی خەڵك بێزارن لە مرۆڤی هێمنی کەم هەڵچووی زۆر بێدەنگ، لەسەر ئاوازی بەرز لەژیاندا ڕاهاتوون، چیدی هێمنی سروشت و بێدەنگی گەردوون و هێوری ڕووناکی نایان هەژێنێت، بەڵام کاتێک لەوە تێدەگەن، با بەڕێکەوتیش بێت، عاشقی دەبن و خوازیارینی، بەداخەوە هەندێکجار

بەتوندوتیژی و ڕەقییەوە داوای دەکەن، هەرگیزیش ئەو دوو جەمسەرە جیاوازە بەیەك ناگەن، ئەمە سروشتی دروستکراوانی خوایە.

بەڵام ئایا ناکرێت ئەو چارەسەرە بەردەوام بێت(ژیان لەناوچەی ئارام و مامناوەند) یان کاتەکەی درێژە بکێشێت ئەوەندەی لەتواناداید؟ ئەوەی بەردەوام بێت ... لەوانەیە بۆنا... بەڵام هەتا ئێستا تاقیم نەکردووەتەوە، دەکرێت تەمەنی ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە، ئەویش بە بەرزبوونەوەی ڕۆحیی لەجەمسەری تاکیدا، جەمسەری تاکیی بریتییە لە پەیوەندی بەخوای تاکی بێهاوتا کەتەنها ئەو خودایە و دووەمی نییە، ئەو دروستکاری هەموو دووانەییەکانەو خۆی دوانەی نییە.

ژیان لەم حاڵەتەدا وادەکات گونجاو بێت لەگەڵ کەینونەی ڕەسەنی گەردووندا (گونجان لەگەڵ لەرینەوە ئەرێنییە زۆر بەرزەکاندا). بەڵام ئایا هیچ مرۆڤێك هەیە لە جەمسەری تاکیدا بەردەوام لەسەر زەویدا ژیابێت؟ وەڵامەکەی بۆ ئێوە بەجێ هێڵدراوە.

بەڵام بۆچی لەکاتی توندڕەوی جەمسەرێك لە دووانەیەك لەدووانەییەکاندا ئازار دەست پێدەکات؟

بۆچی دروستکراو (هەر دروستکراوێك بێت) لەکاتی توندڕەوی زۆریدا لەهەر جەمسەرێك لەجەمسەرە دووانەییەکاندا دەگۆڕێت بۆ جەمسەرێکی دژ؟

هەموو ئەمە و نموونەی زیاتریش لەم جێبەجێکردنە کردارییەی یاسای دووانەییەکاندا دەبینین:

دووانەیی پەیوەستبوون (التعلق) و ڕەتکردنەوە:

(قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ: بڵێ: ئەگەر باوك و كوڕو براو، ژن و كۆمەڵ و خزمانتان و ماڵ و سامانێك پەیداتان كردووە و بازرگانییەك دەترسن ڕەواجی نەمێنێ و مەسكەن و خانوو بەرەیەك خۆشتان دەوێن, هەریەك لەمانەتان لەخواو لەپەیامبەرەكەی ولە جیهادو تێكوشان لە ڕێی خوادا لا خۆشەویست تر بێ, جا چاوەڕوان بن هەتا فەرمان لە خواوە دێ, خوایش ڕێنمایی لە شەرع دەرچوان ناكات)(التوبة:٢٤)

لە بەناوبانگترین دوانەیی لەژیانماندا، دوانەیی پەیوەستبوون و ڕەتکردنەوەیە. پوختەی ڕێسای ئەم دوانەییە ئەوەیە تۆ:

- ئەگەر بە بەهێزی بەشتێكەوە پەیوەست بوویت، ئەوا لێت دوور دەكەوێتەوە و دەبێتە هۆی ئازاردانت.
- ئەگەر بەبەهێزی شتێكت ڕەتكردەوە، پێتەوە دەنووسێت، لەهەموو شوێنێك لە بەردەمتدا دەردەكەوێت و، دەبێتە هۆی ئازار بۆت.

ئەگەر كەسێك یاخود شتێك بووە هۆی ئازار و ناڕەحەتی زۆر بۆت، بزانە تۆ

زیادەڕەوی دەکەیت لە پەیوەستبوون پێیەوە ، یان لە ڕەتکردنەوەیدا بە تووندی. هەرکاتێ دەگەیتە پلەی تووندی و ڕەقی بێلایەنی لەگەڵبوون یان دژ بوون، یەکسەر ئازارەکەت لەوەی پەیوەستبوویت پێیەوە یان ڕەتتکردووەتەوە بەتووندی بۆ دێت، دیارە ڕادەی ئازارەکەت بەپێی ڕادەی تووندی پەیوەستبوون یان ڕەتکردنەوەکەیە.

چیرۆکێک لە واقیعەوە:

یەکێك لە هاوڕێکانم تووشی نەخۆشی سەرەتان بوو، چووم بۆ سەردانی، بەدرێژایی ڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە ئەم نەخۆشییە بەزۆری تووشی ئەو کەسانە دەبێت کە تورەیی و ڕقێکی زۆریان خەفە کردبێت، باشە پاساوی توشبوونی ئەم هاوڕێیەم چییە، من دەیناسم، شارەزای ڕەوشت و لێبوردەیی و باشی ئەوم، بەردەوام بیرم دەکردەوە و دەرچەیەکی متمانەپێکراوم بۆ پرسیارەکانم دەست نەکەوت.

پاش گفتوگۆیەکی درێژ و باش، لەپێناوی هاریکاریکردن و پشتیوانی دەروونی و فیکریبدا، لێم پرسی:

ماوەیەکی زۆرە تۆ دەناسم، خەسڵەتە باشەکان و ڕەوشتی چاکت ئاشنام، دەزانم لەگەڵ خەڵك چەند باشیت، ئایا هیچ تورە بوونێکت لەناختا خەفە کردووە و نەتوانیت دەری ببڕیت؟

وەڵامی دامەوە: ئایا ئەو دووڕوویەی ناو خەڵکی نابینیت؟ نابینیت ئەو دووروییە تەنانەت گەیشتووەتە مامۆستایانی ئایینی و پیاوە گەورە بەتەمەن و قەدەر گرانەکانی ناو خەڵکیش؟ ئایا ئەوە نابینیت؟ لەکۆمەڵگادا هەستی پێناکەیت؟

پێم وت: وەك چی؟

چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە کەبەسەر خۆیدا هاتبوو، باسی پیاوێکی ناسراوی نێو خەڵکی کرد، حاڵەتی دووڕوویی و فرت و فێڵی تێیدا بوو.

پێم وت: بەرانبەر ئەو ڕووداوە چیت کرد؟

وتی: هیچم نەکرد، قووتمدا!!! ... بەوجۆرە وتی، قووتمدا!!!

پاشان چیرۆکێکی تری بۆ گێڕامەوە... بوو بەسێ چیرۆك و.. چوارو... تێگەیشتم زۆر تونده بەرانبەر کەسانی دووڕو، ئەوانەی وا پێویستبوو پێشەنگ بن لە کۆمەڵگادا.

لەهەموو جارێکدا لێم دەپرسی بەرانبەر ئەو ڕووداوە چیت کرد؟

هەمان وەڵام دەداتەوە: قوتمدا!!!

لێرەدا -بۆ یەکەمجار- پرسیارێکی بەپەلە هات بەمێشکمدا: ببورە دەکرێت پێم بڵێیت تووشی چ جۆرە سەرەتانێك بوویت؟

وتی: سەرەتانی گەدە...!!!

هەموو هەوڵەکانی بڕواپێکردنی کە لێبوردە بێت شکستخواردوو دەبێت، نەهامەتییەکانی خواردنەوە و قوتدانی کەسە دووڕووەکان بەردەوام دەبێت، نەیتوانیووە لێبوردە بێت بەرانبەریان... چەند هەفتەیەکی دیاریکراو ژیاو بۆ هەتا هەتایە لەدەستماندا.

ئایا ڕێگایەکمان هەیە بۆ چارەسەری ڕیشەیی کێشەکانمان و کەمکردنەوەی ئازارەکەمان؟ بەڵێ. هەموو ئەوەی تووشی مرۆڤ دەبێت لەئەنجامی پەیوەستبوون یان ڕەتکردنەوەیە، ناوەندگیری و میانگیری بریتییە لە چارەسەری ڕیشەیی کێشەکە.

بەڵام چۆن ناوەندگیر و میانڕەو بم و بەتوندی پەیوەست نەبم و ڕەتنەکەمەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەوە ڕوویدا؟

وەڵام: ئیتر ئەوە ڕوویدابێت یان ڕووی نەدابێت دوو ڕێگا هەیە بۆ چارەسەر و دەربازبوون لەپەیوەستبوون و ڕەتکردنەوەی توند، ئەوانیش: هۆشیاریی و، هەبوونی پەیوەندی بەخوای گەورەوە.

هەروەك پێشتر وتمان هۆشیاریی چارەسەرە، هۆشیاربوونت لەمەترسی پەیوەستبوون و ڕەتکردنەوەی توند سەرچاوەی بنەڕەتی کەمکردنەوەیانە، تەنها بەوەندەی چاوگەی ئازار و سەرچاوەکەیی و هۆکارەکەیت زانی، ئەوا لەتواناتدایە کۆنترۆڵی بکەیت، بەڵام هەندێك دەڵێن زانیم و تێگەیشتم و بەهۆی توندی پەیوەستبوون و توندی ڕەتکردنەوەمەوە نەمتوانی دەربازم ببێت لێی. پێی دەڵێم: زانیوتە بەڵام هۆشیار نەبوویت. گرنگ نییە بزانیت، گرنگ ئەوەیە هۆشیاریت هەبێت، هەموو مەعریفەیەك نا گۆڕێت بۆ کردار(هەبوو) ئەگەر مەعریفەیەکی قوڵ نەبێت، واتە هۆشیاریی نەبێت... کەواتە تۆ هێشتا لە کەنارەکانی مەعریفەتدا مەلە دەکەیت، کەنارەکانیش فێری مەلەکردنت ناکەن، هەروەك ئیقبالی فەیلەسوف (بەڕەحمەت بێت) وتوویەتی:

دع الشطآن لا تركن إليها ضعيف عندها جرس الحياة

واز لەکەنارەکان بهێنە، مەڕۆ بۆ لایان زەنگی ژیان لاوازە لایان

لە بابەتێکی تریشدا دەڵێت:

إذا وجدت القلب ثم أضعته فالحق أنك ما وجدته

ئەگەر دڵت دۆزیەوەو پاشان ونت کرد لەڕاستیدا تۆ نەتدۆزیووەتەوە

دەرئەنجامی هۆشیاریی بەرەو قۆناغی دووەمت دەبات، ئەویش پەیوەندییە بەخوای گەورەوە، ئەگەر تۆ پارێزبەند بیت بەم پەیوەندییە ئەوا بەتوندی پەیوەست نەدەبوویت، چونکە ئەوەی پەیوەست بوویت پێیەوە تۆ دروستت نەکردووە و ئەویش بۆ تۆ نییە، ئەوەی بەتوندی رەتکردووەتەوە لەگەردوونی خوای گەورە و ئیرادەی ئەودا دەژی، نەك لە گەردوونی تۆ و ئیرادەی تۆدا. ئەمەیە پەیوەندی، یان ئەگەر ویستت بڵێ: پەیوەستبوون بەخوای گەورەوە سۆزداریت تێر دەکات، بەوەش هیچ بواری چوونە ناو پەیوەستبوونی تر نییە، بواری توند ڕەتکردنەوەی شتێك یان کەسێك نییە، لەبەر ئەوەی تۆ بەدڵنیاییەوە دەزانیت ئەو لەگەردوونی خودا و ویستی خوادایە، با سەربێچی فەرمانەکانیشی بکات، ئەمە خیکمەتی خوایە، پێویست ناکات پێت بڵێت بۆچی وایە.

چیرۆکی یەعقوب پێغەمبەر و کوڕەکانی:

(وَكَأَيِّنْ مِنْ آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ: زۆر ئایەت و نیشانە هەیە لەئاسمانەکان و زەویيدا، کەچی ئەوان بەسەریاندا تێدەپەڕن و رووياں لێ وەردەچەرخێنن!) (یوسف: ١٠٥)

چەندجار لەسورەتی یوسفدا چیرۆکی پێغەمبەر یەعقوب (سەلامی خوای لێ بێت) مان خوێندووەتەوە؟ چەند کەس بەدڵ لەبەریان کردووە؟ بەڵام کەسانێکی زۆر کەم لەوە تێگەیشتووە نهێنیەکی تێدایە لە زۆر ئازار ڕزگارمان دەکات، لانیکەم ئازارەکەمان سوك دەکات.

ئاگادارکردنەوەی یەکەم بۆ پێغەمبەر یەعقوب (سەلامی خوای لێ بێت) لەسەر شێوەی خەون هات کە یوسفی کوڕی (سەلامی خوای لێ بێت) بینیبووی، بەڵام پەیوەستبوونەکەی بەیوسفەوە کەم نەکرد، هەستە بەجۆشەکانی بەرانبەر ئەو کەسەی خوای گەورە بەهەموو سیفەتە جوانە بوونی و ڕەوشتییەکان خۆشەویستی کردبوو کەم نەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر تێگەیشت لەمەترسی خەونەکە، بەڵام لەبری ئەوەی بەئاگا بێتەوە و گرنگیپێدانی بەیەکێك لەمنداڵەکانی بەراورد بەوانی تریان کەم بکاتەوە، وتی: (قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلْإِنْسَانِ عَدُوٌّ مُبِينٌ: وتی: کوڕەکەم ئەم خەوەت بۆ براکانت مەگێڕەوە, نەوەکو داوێکت بۆ بنێنەوە، چونکە شەیتان بۆ بنیادەم دوژمنێکی ئاشکرایە)(یوسف:٥).

تەنانەت كاتێ منداڵەكانیش داوایان لێكرد ڕێگەیان پێ بدات یوسف لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ گەمە و یاریكردن، ئەو قسانەی كردی گوزارشت بوو لە ترس و دڵەڕاوكێكەی بەرانبەری: ((قَالُوا يَا أَبَانَا مَا لَكَ لَا تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ * أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ * قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَنْ تَذْهَبُوا بِهِ وَأَخَافُ أَنْ يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنْتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ: وتیان: بابە! بۆچی بەدەستپاك و ئەمینمان دانانێت سەبارەت بەیوسف؟! بێگومان ئێمە دڵسۆزو خێرخوازین بۆی, سبەینێ لەگەڵمان بینێرە بۆ دەشت با بۆخۆی چی پێخۆشە بیخوات و، گەمەو یاریش بكات, دڵنیابە ئێمە پارێزگاری ئەوین، وتی: خەفەتبار دەبم بەبردنەكەی، دەشترسم گورگ بیخوا و ئێوەیش ئاگاتان لێ نەبێ) (یوسف:١١-١٣).

ئەم ترسانە بەردەوام بەسەر مێشكی پێغەمبەردا باڵادەست بوو، بەبێ ئەوەی بزانێت كە ئەو ترسانەی (بیرۆكانەی/ لەرینەوانەی) ئەگەر نەیانگۆڕێت ئەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان گۆڕانێك دێنێتە ئارا، بەڵام لەبری ئەوەی بیانگۆڕێت، مكوڕ بوو لەسەر ترسی زیاتر و چاودێری وردتری یوسفی كوڕی، بەڕادەیەك ئەو منالّەی بێبەشكردبوو لە بچوكترین گەشەكردنی كەسیی و كرانەوەی مێشك و یاریكردن و تیكەڵبوون لەگەڵ خزمان.

كارەساتەكە ڕوویدا، فێڵە گەورەكە كە پێشبینی كردبوو یەعقوب پێغەمبەر (یاوك/مرۆڤ) ڕوێدا، جگە لەخۆ بەدەستەوەدان بۆ فەرمانی خوای گەورە چارەیەكی تر نەبوو، سەرەڕای قورسی كارەساتەكە ئارامگریی جوان هەڵبژارد: (وَجَاءُوا أَبَاهُمْ عِشَاءً يَبْكُونَ* قَالُوا يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِنْدَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنْتَ بِمُؤْمِنٍ لَنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ* وَجَاءُوا عَلَى قَمِيصِهِ

بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ: شەو بەکوڵی گریانەوە بۆ لای باوکیان هاتنەوە، وتیان: بابە! بەڕاستی ئێمە ڕۆشتین پێشبڕکێ بکەین و یوسفیشمان لای کەل و پەلەکانمان بەجێ هێشت, ئەوجا گورگ پەلاماری دایەو خواردی!! تۆ قەت بڕوامان پێناکەیت هەرچەندە ڕاستگۆیش بین، کراسەکەشیان بەخوێنێکی درۆینەوە بۆ هێنا، گوتی: بەڵکو نەفستان شتێکی تری بۆ شیرین کردوون ئەنجامی بدەن، چارەی من هەر ئارامێکی جوانە، هەر خواش داوای یارمەتی لێدەکرێ بۆ هەڵگرتنی ئەو بەڵایەی ئێوە وەسفی دەکەن)(یوسف: ١٦- ١٨).

چیرۆکەکەی یوسف بەردەوام دەبێت، لە بیرەوە بۆ کۆشك، تا گەیشتە ڕووداني ئاشوبەکەی کۆشك کە گەیاندیە زیندان، دواتریش ڕووداني خەوبینینی دوو هاوڕێکەی لەبەندیخانەدا کە دووبارە گێڕایەوە بۆ کۆشك، بەڵام ئەمجارە وەك دەسەڵاتداری گەنجینەکانی سەر زەوی بەهەموو ئەوەی عەقڵ و لێهاتوویی ئەمانەتپارێزی کەپێویستی ئەو قۆناغە بێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلامانەوە پێغەمبەری خوا یەعقوبە (سەلامی خوای لێ بێت)، پاش ئەوەی برسێتیەکە ڕوویداو سالانی وشکەسالی هەروەك یوسف (سەلامی خوای لێ بێت) پێشبینی کردبوو دەستی پێکرد، کە لێکدانەوەی خەونەکەی پادشا بوو، پێغەمبەر یەعقوب (سەلامی خوای لێ بێت) کۆرەکانی نارد تا بەشی خۆیان لەخواردن بێنن کەدەسەڵاتداری گەنجینەکانی سەر زەوی بەدادپەروەرانە و وێژدانەوە دابەشی دەکات وەربگرن. لێرەدا تەواوکاریی حیکمەتی چیرۆکەکەمان بۆ دێت.

براکانی چوونە لای یوسف، دەستبەجێ ناسینیەوە، بەڵام بنیامینی برای لەناویاندا نەبینی: (وَجَاءَ إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُوا عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنْكِرُونَ * وَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَكُمْ مِنْ أَبِيكُمْ أَلَا تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ وَأَنَا خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ * فَإِنْ لَمْ تَأْتُونِي بِهِ فَلَا كَيْلَ لَكُمْ عِنْدِي وَلَا تَقْرَبُونِ * قَالُوا سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ * وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ اجْعَلُوا بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انْقَلَبُوا إِلَى أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ * فَلَمَّا رَجَعُوا إِلَى أَبِيهِمْ قَالُوا يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ: ئەوسا براکانی (یوسف) هاتن و چوونە ژوور بۆ لای، ئەم ئەوانی ناسییەوە, بەڵام ئەوان ئەمیان نەناسیەوە, کاتێ کە بارە خۆراکەکەی بۆ ڕێکخستن, وتی: برایەکی باوکیتان هەیە دەبێ بیهێنن بۆم، ئایا نابینن کە من بە تێروتەسەلی پێوانەو بارتان ئەدەمێ و، چاکترین خانەخوێ بووم، جا ئەگەر ئەوتان بۆ نەهێنام, جیرەو پێوانەتان لای من نیەو نزیکیشم مەکەونەوە, وتیان: هەموو هەوڵێك لەگەڵ باوکیا دەدەین و بێگومانبە کەئێمە هەڵئەسین بەوکارە. بەو کوڕە لاوانەی گوت لەبەر دەستیا بوون: ئەو دراوەی هێنابوویان، بیخەنەوە ناو بارەکانیان, بەشکو کاتێ گەڕانەوە لای ماڵ و منداڵێ خۆیان بیناسنەوەو، پێی بزانن, بەڵکو بگەڕێنەوە. جا کاتێ کە گەڕانەوە لای باوکیان وتیان: بابە! پێوانەی رزق و ڕۆزیمان لێگیراوە, دەسا تۆش براکەمان لەگەڵ بنێریت، تاپێکەوە ئازووقەو ڕۆزیی وەرگرین, بێگومانیشبە ئێمە پارێزگاری لێدەکەین)(یوسف: ٥٨-٦٣).

یوسف کاتێ بنیامینی لەنێویاندا نەبینی زانی کە باوکی لەپاش ئەم پەیوەست بووە بەوەوە. کەواتە ئەو لەنهێنی تاقیکردنەوەکە تێنەگەیشتووە[1]، بەهۆی ئەوەی نهێنی تاقیکردنەوەکە تێنەگەیشتووە ئەوا کێشەکە چارەسەر نابێت و ئازارەکەش لا ناچێت.

هەرچەندە یوسف پەرۆشی باوکییەتی، بەڵام فەرمانی خوای گەورە بۆ گەڕانەوە یان هەواڵدان بە باوکی لەبارەی شوێنە تازەکەیەوە نییە، هەر خوای گەورە توانای بەسەر ئەوەدا هەیە پاش ئەوەی بووەتە فەرمانکاری ڕەها بە چاکە و ڕێگریکار لەخراپە لەلایەن پادشاوە: (وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مَكِينٌ أَمِينٌ * قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَائِنِ الْأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ * وَكَذَلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي الْأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَنْ نَشَاءُ وَلَا نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ: پاشا وتی: (یوسف)م بۆ بهێنن با بیکەمە یارو هاوڕیی تایبەتی خۆم، جا کاتێ کە دواندیی پاشا وتی: بەڕاستی تۆ ئەمڕۆ لای ئێمە پیاوێکی بەڕێزو جێگای باوەڕیت. یوسف وتی: بمکە بە سەرکاری خەزێنەو واریداتی میسر, چونکە من چاودێرێکی باش و، پارێزەرێکی بەئاگام. ئاوا لەخاکی میسردا پلەو پایەو دەسەڵاتمان بە یوسف دا لە هەر جێگایەك خۆی بیەوێ دادەنیشێ, کێمان بوێ دەیخەینە بەر بەزەیی و میهرەبانی خۆمان, هەرگیزیش پاداشی چاکە خوازان نافەوتێنین و گوم ناکەین) (یوسف: ٥٤-٥٦).

---

(١) لەسەرمان پێویستە هەمیشە بزانین تافیکردنەوە موسیبەت نییە، تاقیکردنەوە هەڵسەنگاندنە و بۆ هەموو ئادەمیزادەکانە.

یوسف پێغەمبەر (سەلامی خوای لێ بێت) کاریکرد بۆ هێنانی براکەی تا پەیامێکی پێویست بگەیەنێتە باوکی کە هەر دەبێت پێی بگات، بە ڕێککردنێکی ژیرانە لەگەڵ هاوکارەکانیدا، تۆمەتی دزیی دایە پاڵ براکەی تا بتوانێت لای خۆی گلی بداتەوە و ڕێگری گەڕانەوەی لێ بکات، هەموو ئەمە بۆ ئەوەیە یەعقوبی باوکی نهێنی ئەو موسیبەتەی ڕووبداوە بزانێت، نهێنی تاقیکردنەوەکە کە پێغەمبەر یوسف (سەلامی خوای لێ بێت) بەڕوونی و باشی لێی تێگەیشت و، هێشتا باوکی لێی تێنەگەیشتبوو.

(وَلَمَّا دَخَلُوا عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ إِنِّي أَنَا أَخُوكَ فَلَا تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ * فَلَمَّا جَهَّزَهُمْ بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ * قَالُوا وَأَقْبَلُوا عَلَيْهِمْ مَاذَا تَفْقِدُونَ * قَالُوا نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَنْ جَاءَ بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَا بِهِ زَعِيمٌ * قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ عَلِمْتُمْ مَا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الْأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ * قَالُوا فَمَا جَزَاؤُهُ إِنْ كُنْتُمْ كَاذِبِينَ * قَالُوا جَزَاؤُهُ مَنْ وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ * فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاءِ أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِنْ وِعَاءِ أَخِيهِ كَذَلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ: کاتێ کوڕەکانی یەعقووب لەماڵی یوسف چوونە ژوورەوە, براکەی بردە لای خۆی و گوتی: بێگومانبە من برایەکەی تۆم, جا لەوەی ئەوان لەرابردوو دەیانکرد غەمگین مەبە، ئینجا کاتێ باری بۆ ڕێکخستن, ئەو مەنەی کە (عەیارەی) دانەوێڵەیان پێدەگرت، خستیە ناو باری براکەیەوە, لەپاشا جارچێشێك جاڕی ڕاهێشت و گوتی: ئەی کاروانچییەکان! بێگومان ئێوە دزن و دزیتانکردووە! ئەوانیش ڕوویانکردە جارچییەکان و گوتیان: چیتان لێگوم

بووە؟ وتیان: مەنی پێوانەی پاشامان ونکردووە, هەرکەسیش بیهێنێتەوە، باری وشترێکی دەدرێتێ, منیش بۆخۆم دەسەبەری ئەو خەڵاتەم. ئەوانیش وتیان: سوێند بەخوا ئێوە چاك دەزانن کە ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین لەم زەوییەدا خراپەو گێرە شێوێنی بکەین و هەرگیز ئێمە دز نەبووینە. وتیان: جا ئەگەر ئێوە درۆزن بوون، تۆڵەی چییە؟ وتیان: ئەو پێوانە لەباری هەر کەسێکا دەرکەوت، هەر ئەوکەسە بۆخۆی تۆڵەی بێت، بەم شێوەیە تۆڵە لە ستەمکاران وەردەگرین. ئینجا پێش پشکنینی بارەکەی برای، دەستی دایە پشکنینی باری براکانی تری، پاشان لەناو کەل و پەلی براکەیدا هێنایانە دەر, ئاوا ئێمە نەخشەو پلانمان ئەنجامدا بۆ یوسف، هەتا براکەی لای خۆی بهێڵێتەوە، لە بەرنامەی پاشای میسردا نەدەبوو یوسف براکەی گل بداتەوە لای خۆی, مەگەر خوا واحەز بکا. دیارە بمانەوێ هەرکەسێك سەرخەین، پلە بەپلە بەرزی دەکەینەوە, لە بان هەموو زانایەکەوە زاناتر هەیە)(یوسف: ٦٩-٧٦).

ئاخ بۆ یوسف:

کەواتە یوسف لەبەر حیکمەتێك براکەی لای خۆی هێشتەوە، ئەو حیکمەتە بریتییە لە گەیاندنی پەیامێك بەباوکی کە لەپاش ئەمڕۆوە پەیوەست نەبێت بەکەسەوە، بەڕاستیش پەیامەکە گەیشت، بەڵام ئایا پێغەمبەر یعقوب تێگەیشت؟! (قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنْفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (٨٣) وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ (٨٤) قَالُوا تَاللَّهِ تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ (٨٥) قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى

اللَّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ: گوتی: بەڵکو نەفستان ئەم قسەیەی لاشیرین کردوون، منیش تەنها ئارام گرتنێکی جوانم هەڵبژاردووە, هیوادارم، ئەوخوایە هەموویانم بۆ بهێنێتەوە, چونکە بە ڕاستی تەنها ئەو زانا و لەکارزانە. ڕووی وەرچەرخان و وتی: ئەی داخم بۆ یوسف! جا لەبەر خەفەت ئاوی سپی پەڕیيە سەر هەردوو چاوی و ئیتر بێدەنگ بۆخۆی دانیشت. وتیان: سوێند بەخوا تۆ قەت یوسف لەبیر ناکەیت تا نەخۆش دەکەویت، یان ئەتکوژێت, وتی: من خەم و پەژارەی خۆم تەنها بۆ لای خوا دەبەم و ئەوەی من لەخواوە دەیزانم ئێوە نایزانن،)(یوسف:٨٣-٨٦).

بەڵێ یەعقوب پێغەمبەر لەپەیامەکە تێگەیشت و بەخزمانی ڕاگەیاند کە ئەو لای خوای گەورەوە شتانێك دەزانێت کە ئەوان نایزانن، بەڵام بۆچی وتی ئاخ بۆ یوسف (يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ: ئەی داخم بۆ یوسف)؟ ئایا زانی یوسف لەپشت ئەو ڕووداوەوەیە؟ وەڵامەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە.. بۆمان هەیە بیهێنینە خەیاڵمان پێغەمبەری خوا سەرزەنشتی یوسفی کوڕی دەکات لەسەر ئەو کارەی، یان وەك ئەوەی هەندێك لە موفەسیرەکان دەیڵێن، موسیبەتە نوێیەکە، موسیبەتە کۆنەکەی بەیاد هێنایەوە، ئەم پرسیارانە بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

یەعقوب پێغەمبەر لەپەیامەکە تێگەیشت، تێگەیشتنیش چارەسەرە: (يَا بَنِيَّ اذْهَبُوا فَتَحَسَّسُوا مِنْ يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلَا تَيْأَسُوا مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِنَّهُ لَا يَيْأَسُ مِنْ رَوْحِ اللَّهِ إِلَّا الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ * فَلَمَّا دَخَلُوا عَلَيْهِ قَالُوا يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَا إِنَّ اللَّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ * قَالَ هَلْ عَلِمْتُمْ مَا فَعَلْتُمْ بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنْتُمْ جَاهِلُونَ * قَالُوا أَإِنَّكَ لَأَنْتَ يُوسُفُ قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهَذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ

وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ * قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ * قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ * اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ * وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَا أَنْ تُفَنِّدُونِ * قَالُوا تَاللَّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلَالِكَ الْقَدِيمِ * فَلَمَّا أَنْ جَاءَ الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ: وتی: کوڕەکانم! بڕۆن، سۆراخی (یوسف) و براکەی بکەن، هەرگیز نائومێدیش مەبن لە ڕەحم و بەزەیی خوا، مەگەر هەر خوانەناس و بێباوەڕان لەڕەحم و میهرەبانی خوا بێ هیواو نائومێد بن. جا کە چوونە لای یوسف وتیان: ئەی عەزیز! هەم خۆمان و، هەم بنەماڵەکەمان تووشی گرانیی و برسێتی بووین، دراوێکی کەمیشمان هێناوە، جا تۆیش مەن و پێوانەکەمان بۆ پڕبکەو، لەخێری خۆت زیادەشمان بۆ بکە سەر، بەڕاستی خوا پاداشی خێرۆمەندان ئەداتەوە. یوسف وتی: زانیتان کاتی خۆی چیتان بەسەر یوسف و براکەی هێنا؟ ئەودەمەی ئێوە بەراستییەکان نەزانبوون؟ گوتیان: مەگەر تۆ (یوسف)یت ؟! وتی: من (یوسف)م و، ئەمەیش برامە، خوا منەتی نایە سەرمان، چونکە هەرکەس لەخوا بترسێ و خۆ ڕاگرێ، بەراستی خوایش پاداشی چاککاران نافەوتینێ، وتیان: سوێند بەخوا، خوا فەزڵ و ڕێزیدایت بەسەر ئێمەدا، ئێمە هەڵەکارو تاوانبار بووین. وتی: ئەمرۆ ئێوە هیچ جۆرە گلەییەکتان لەسەرنیە، خوا لەخەتاتان خۆش بێت، ئەو بۆخۆی لەهەموو میهرەبانان بەبەزەیی ترو میهرەبانترە. جا ئەم کراسەی منە بەرنەوە بۆ باوکم و بیخەنە سەر دەم و چاوی، بینایی چاوەکانی دێتەوە، پاشانیش هەموو خزم و خێزان و بنەماڵەکەتانم بۆ بێننە میسر. جا کە کاروانەکە لە میسر دەرچوو، باوکیان

وتی: بەڕاستی من بۆنی (یوسف) هەست پێدەکەم, ئەگەر بە نەزان و کەم عەقڵم دەرنەکەن؟! وتیان سوێند بەخوا! ئێستاش هەر لەسەر هەڵە کۆنەکەی خۆتی. کاتێ کاروان نزیك بوویەوەو موژدە دەرەکە هات, کراسەکەی خستە سەر روومەتی یەعقووب, روونا‌کی چاوەکانی بۆ هاتەوە، بەکوڕەکانی گوت: ئەی من پێم نەوتن کەمن لەلایەن خواوە هەندێ شتی وا ئەزانم ئێوە نایزانن)(یوسف:٨٧-٩٦).

بەتێگەیشتن ڕۆشنایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە و ووتی ئایا پێم نەووتن من شتانێ لەلای خواوە دەزانم کە ئێوە نایزانن.

«هەموو ئەوەی پەیوەست دەبیت پێیەوە
لەدەستت دەچێت و تووشی ئازارت دەکات»
ئەی ئەوەی بەتوندی ڕەتی دەکەیتەوە چی؟
بۆچی پێتەوە دەنووسێت و دەبێتە هۆی ئازاردانت؟

لوتکەی ڕەتکردنەوە و پەیوەندی بەئازارەوە:

یاساکە دەڵێت: هەموو ئەوەی ڕەتی دەکەیتەوە بە تووندی پێتەوە دەنووسێت و دەبێتە هۆی ئازاردانت، ئەوە چۆن ڕوودەدات؟ ئایا بۆیە ڕوودەدات چونکە ئەوەی ڕەتی دەکەیتەوە بەتوندی، بەشێوەیەکی نەرێنی پوخت بیری لێ دەکەیتەوە، لەبەر ئەوە ئاستی لەرینەوەی لەوانەیە بەتەواوی لەگەڵیدا بگونجێت، بەمەش تۆ و ئەو لەیەك زەمینەی وزەییدا دەبن.

لەبەر ئەوە بەلاتەوە سەیر نەبێت ئەگەر پێتەوە بنووسێت و لەهەموو شوێنێك دەربکەوێت بۆت، کەسێك بەتوندی بێزاری لێی، ئەو بێزاربوونە حاڵەتێکی

نەرێنییە هەستێکی بەرز لەدەروواندا دەوروژێنێت، ئەم هەستە زۆر ناخایەنێت دەستبەجێ هاوشێوەکەیت بۆ دێنێت. حاڵەکە سەبارەت بە توندڕەویش لە ڕەتکردنەوەی کۆمهڵێك یان بیرۆکەیەك یان مەزهەبێك تەنانەت شوێنێك لە شوێنەکانیش بەهەمان شێوەیە، لەهەموو حاڵەتەکانی توندڕەویدا پێچەوانەی ئەوەی دەتەوێت ڕوودەدات، چونکە تۆ بەتوندی ڕەتی دەکەیتەوە، بۆ تێگەیشتن لەمە بەدرێژی، لەم جێبەجێکردنانەدا لێی دەدوێین:

دووانەیی جەلاد و قوربانی:

سەرەتا با بنەماکانی دووانەیی بەشێوەیەکی گشتی بهێنینەوە یاد:

١- هەموو ئەوەی لە گەردووندایە دووانەییە(ثنائیات) جگە لەخوای گەورە.

٢- ئەگەر جەمسەرێك لەو دوو جەمسەرە توندڕەوی کرد، ئەوا ئازار سەرهەڵدەدات.

٣- ئەگەر جەمسەرێك لەو دوو جەمسەرە توندڕەوی کرد، ئەوا دەگۆڕێت بۆ جەمسەرێکی دژ.

٤- حەوانەوە لە مامناوەندیی و میانڕەویدایە، بەڵام بۆ ماوەیەکی کاتییە.

٥- بەرزبوونەوە لە ناوەڕستدایە، ئەویش ژیانە لەجەمسەری یەکیدایە.

ئەم بنەما سەرەکییە ڕێکخەرانەی کاری هەموو دوانەییەکان، ڕێنمایمان دەکات بۆ ڕێگای تێگەشتن لە دوانەیی مەترسیداری دواتر کە بە بەناوبانگترین دوانەیی ڕێکخەری ژیانمان دادەنرێت، زۆرینەی مرۆڤەکان بەتاك و کۆمەڵ لەو دوانەییانەدا دەژین و ناشزانن، ئەوەش نازانن تێکڕای ناڕەحەتیەکانیان بەهۆی نەزانینی ئەوەوەیە.

هـەروەك لەپێشەکی یاسای دوانەیی جەمسەریدا وتمان، ناکرێت هیچ جەمسەرێك لە هیچ دوانەییەکدا هەڵبوەشێتەوە، ئەگەر ئەوە ڕوویدا، ئەوا تۆ جەمسەرەکەی تریشت هەڵوەشاندوەتەوە، کار لەسەر ئەم دوانەییەی هۆکاری ئازارەکانن دەکەین، پوختەی ئەوەش دەڵێت: ئەگەر دەرباز بوویت لەهەستکردن بەقوربانیبوون ئەوا جەلاد دیار نامێنێت، قسەکە تایبەتە بە تاکەکان و گەلەکان.

بەدڵنیاییەوە شۆکێکی توند دەبێت بۆ هەموو قوربانییەکان کە پێیان بڵێیت خۆتان هۆکاری ئازارەکەتانن، بۆ ئەوەی سوکتر بێت لەسەریان پێیان دەڵێین هۆکارێکن لە هۆکارەکانی ڕوودانی ئازار تێیاندا و لێیان و لەسەریان، بەڵام لە ڕاستیدا قوربانی هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ڕوویداوە بۆی، دەرکەوتنی جەلادیش لەژیانی قوربانیدا دەرئەنجامی ڕاکێشانی لوتکەیەکە بۆ تەواوکەرەکەی لە دوانەییەکی زۆر ئازاربەخشدا.

ڕۆڵی قوربانی لە دەستدرێژی کرانە سەریدا چییە؟ بەوپەڕی ئاسانییەوە دەپرسم: جۆری ئەو لەرینەوەکانی قوربانی چییە لەکاتی ڕوودانی ئەو ڕوودواوەدا بۆی؟ بەگوێرەی یاسای لەرینەوەکان: ئەوەی لێت دەردەچێت، بەچەند هێندە بۆت دەگەڕێتەوە. کەواتە جۆری لەرینەوەکان (بیرۆکەکان/ وشەکان) ی قوربانییەکە لەچرکەساتی ڕوودانی ڕوودواوەکەدا بەدڵنیاییەوە نەڕێنی بووەو بەڵگەش خودی ڕوودواوەکەیە، هەموو ڕوودواوێکیش لەرینەوە (بیرۆکەکان/ وشەکان/ نیەت)ی هاوشێوەی لەپێشەوە هاتووە.

بەڵام ئایا ئەمە بەو واتایەیە کە جەلاد بێتاوانە؟

نەخێر، جەلادیش توخمێکی تاوانەکەیە، ئەو جەمسەرێکە بەتینویەتی و پەرۆشییەوە تەنها بۆ قوربانی دەگەڕێت، ئەوەی قوربانی نەبێت لێی نزیك

نابێتەوە. چونکە جەلاد بەبێ ئەوەی تەواوی دەکات هەست بەژیانی ناکات، هەر ئەمەش لەدوانەیی ناوخۆ و دەرەوەدا دەبینین، بەجۆرێك ئەم دوانەییە دەڵێت ناوخۆ یەکسانە بە دەرەوە، لەبەر ئەوە جەلاد بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێت کە هاوتایەتی و لە لەرینەوەکانیدا وەك ئەمە، بۆیە جامی تۆڕەییەکەی و تاوانەکەی بەسەر قوربانییەکەدا دەڕێژێت، کە هەمووان وایدەبینن بێگوناهو ستەم لێکراوە، ئەویش هەروەها یاسا دانراوەکانی تاوانکاریی دەزانێت، بەڵام بەزانینی یاسا گەردوونییەکان ئەویش هاوبەشێکی کارایە.

کەواتە چارەسەر بۆ دەربازبوون لەستەمی جەلاد و توندی و خوێنڕێژیەکەی چییە؟

چارەسەر دەربازبوونە لەجەمسەرێتی قوربانیی(پاککردنەوەی جیهانی ناوخۆی تاك و کۆمەڵگا)، ئیتر جەلاد دیار نامێنێت، بەوجۆرە بەبێ بەکارهێنانی هێز، بەبێ ئەوەی قوربانی پێشکەشی خواوەندی نەفامی بکەین کە لە زەمانی ئادەمیزادە کۆنەکانەوە لەمێشکماندا دەژین، ئەمەش باشترین جێبەجێکردنە بۆ یاسای ووزەکەت بەکار بێنە نەك هێزت.

ئەگەر بیرکردنەوەی قوربانیبوونت بگۆڕی بۆ بیرکردنەوەی ئەرێنی (گۆڕینی ئەوەی لەدەروونداید) ئەوا ووزەی ئەو قوربانییە پاك دەبێتەوەو چارەسەری دەبێت، ئیدی هەرگیز قوربانی نابێت، بەمەش جەمسەرێك لە جەمسەرەکان نەدەما و جەمسەرەکەی تریش لەگەڵ خۆی بەرەو نەمان دەبات، نەخێر بەڵکو دەکرێت قوربانی توانای خۆگۆڕینی هەبێت، تەنانەت بەکاریگەری کردنە سەر ووزەی جەلادیش ئەویش دەگۆڕێت.

پێویستە قوربانی خۆی هەستێت بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری ڕاستەقینەی قوڵی ئاسان (بە بەکارهێنانی وزەی نەك هێزی)، کرۆکی ئەم گۆڕانە تەنها جۆری ئەو وشانەیە کە پێشتر بەکار دەهات، چونکە ووشەی خراپ دەگۆڕێت بۆ قسەی چاك، ئەوەی هەردەم باشی لێ دەکەوێتەوە.

(أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ * تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا وَيَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ * وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ اجْتُثَّتْ مِنْ فَوْقِ الْأَرْضِ مَا لَهَا مِنْ قَرَارٍ * يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ وَيُضِلُّ اللَّهُ الظَّالِمِينَ وَيَفْعَلُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ * أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ بَدَّلُوا نِعْمَتَ اللَّهِ كُفْرًا وَأَحَلُّوا قَوْمَهُمْ دَارَ الْبَوَارِ * جَهَنَّمَ يَصْلَوْنَهَا وَبِئْسَ الْقَرَارُ: ئەرێ تۆ نازانی کەخوا چۆن نموونە دێنێتەوە بۆ وشەیەکی پاك کەڕیشەو ڕەگیی لەنێو زەوییدا جێگیر بووبێ و لق و پۆپەکەشی چووبێ بەئاسماندا, هەموو کاتێ بەرەکەی بەفەرمانی پەروەردگاری خۆی دەدا, خوا نموونە دێنێتەوە بۆ خەڵکیی بەشکو بیربکەنەوە. ئەوجا نموونەی وشەی پیس و ناپاك وەکو درەختێکی پیس و ناپاك بە ڕیشکەوە هەڵکێشرابێ و لەسەر زەویی فڕێ درابێ مانەوەو قەراریی نەبێ، جا ئەوانە کە باوەڕیان هێناوە، بەهۆی ئەم وشە جێگرەوە خوا پێگەیان قایم دەکا لەژیانی ئەم دونیاو، لەژیانی ئەودونیا و, ستەمکارانیش گومڕاو سەرلێشێواو دەکات, خوا بیەوێ هەرشتێ بکات، زۆر بەئاسانی دەیکات، ئاخۆ ئەوانەت نەبینی نیعمەت و بەخششەکانی خوایان گۆڕی بە کوفرو بێ باوەڕیی؟ هۆزەکەی خۆیانیان بردە ناو خانووی تیاچوون, ئەویش دۆزەخە دەچنە نێوی, چ جێگایەکی خراپە)(إبراهيم: ٢٤-٢٩).

بەڵام چی دەبێت ئەگەر قوربانی هەوڵیدا هێزی بەکار بهێنێت؟ لەم حاڵەتەدا جەلاد هێزی بەخشش بەتوندی و ئاڕاستەی پێچەوانە بەکار دەهێنێت، دەچێتە ڕشتەبەندی گەردوونی گشتگیری هەریەك لە جەلاد و قوربانی، پرۆسەی خۆوێرانکردن، ئەوەش ماوەیەکی کاتی سادەیە هەتا وێرانکردن لە بونیاتە وزەییە شاراوەکەی بگۆڕێت بۆ بونیاتی مادی بینراو... وێرانکردنی شارستانیەت و مەدەنیەت.

بەکارهێنانی هێز لەلایەن قوربانیەوە بۆ گۆڕانکاری، گەڕانەوەیەتی لە جەمسەری قوربانیەوە بۆ جەمسەرەکەی تر.

هەروەك پێشتر وتمان: تووندڕەوی لە جەمسەرێك لەجەمسەرەکان بەرەو گەڕانەوەی بۆ جەمسەرەکەی ترت دەبات، جەلاد دەبێتە قوربانی و بودەڵەیی هێزەکەی دەردەکەوێت، بەڵام قوربانی دەبێتە جەلاد و ناشیرینی ڕەفتاری شاراوەی ڕەسەنی ناواخنی دەردەکەوێت.

لە چارەسەری مامناوەندبوون و میانگیریدا، نە تۆ جەلادیت، نە تۆ قوربانیت، تۆ مرۆڤێکی هاوسەنگیت، سەرەتا ئەرکەکانت دەزانیت، بەجێی دەگەیەنیت، دووەم مافەکانت دەزانیت و دەستیان پێوە دەگریت، ڕێزبەندی مەبەستدارە، مەبەستدارە، مەبەستدار، لەبەر ئەوە دانایان وتوویانە: بەجێگەیاندنی ئەرکەکان کورتترین ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی مافەکان. ئەو کەسەی ئەرکی پێش داواکردنی مافی بەجێ دەگەیەنێت، مرۆڤێکە کاری ئەرێنییە، خاوەن ناخێکی پاکە، جەلادبوون و قوربانیبوون لەناسنامەی ئەو دوورە، بەهێمنی و ئارامی دەژی.

(وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلَا تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُمْ بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَانًا فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالْأَمْنِ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ * الَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يَلْبِسُوا

إِيمَانَهُمْ بِظُلْمٍ أُولَئِكَ لَهُمُ الْأَمْنُ وَهُمْ مُهْتَدُونَ * وَتِلْكَ حُجَّتُنَا آتَيْنَاهَا إِبْرَاهِيمَ عَلَى قَوْمِهِ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مَنْ نَشَاءُ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٌ: من چۆن لەوانە دەترسم ئێوە کردووتانن بە هاوبەشی خوا, بەڵام ئێوە ناترسن لەوەی هاوبەشتان بۆخوا داناوە؟! بەمەرجێ خوا هیچ بەڵگەو نیشانەیەکی بۆ پشتگیری ئەوانە نەناردۆتە خوارەوە، ئاخۆ کام دەستە هەقدارترین بە ئاسایش؟ ئەگەر ئێوە خاوەن زانست و زانیاریی بن. ئەو کەسانەی بڕوایان هێناو، ناحەقییان تێکەڵ بە ئیمانەکەیان نەکرد, ئاسایش و نەبوونی ترس هەربۆ ئەوانە، هەر ئەوانیش ڕێنمایی کراون. ئەمە چەند بەڵگەیەك بوون نیشانی ئیراهیممان دا بۆ سەر گەلەکەی, کێمان ئارەزووبێ پلەوپایەی بەرز دەکەینەوە, بێگومان پەروەردگارت زۆر کارجوان و زانایە)(الأنعام:٨١-٨٣).

جەلاد هاوبەش بۆ خوا دادەنێت، چونکە خۆی بەگەورە دەگرێت وستەم لەدروستکراوانی خوا دەکات، قوربانیش هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەدات، چونکە جگە لەخوا دەترسێت، هەردووکیان ڕۆڵیان دەگۆڕنەوە ئەگەر تۆندڕەو بوون لە جەمسەرە دوانەییەکەیاندا، هەردووکیان شکستخواردوون، جەلاد پلنگێکە لە کاغەز، قوربانیش سەرشۆڕە، ستەم و ئەوەی بەسەریدا سەپاوە قبوڵی کردووە، چاودێری زمانتان بکەن تا بزانن پێگەتان لەم دووانەییەتدا چییە.

چیرۆک:

دەگێڕنەوە لەیەکێك لە شارە دوورەکاندا، بۆ ماوەی چەند ساڵێك باران نەباری، هەژاری و برسێتی و نائومێدی لەنێو خەڵکدا بڵاو بوویەوە، ئاشوب و سکاڵا و ئازاوە و شەڕ لەسەر پاروویی ژیان تەشەنەی کرد، پادشای ئەو شارە

ڕاوێژی بەیەکێك لە دانا گۆشەگیرەکان کرد کە لە گوندێکی بچوکی نزیکدا دەژیا، داناکە وتی هەموو خەڵکی شارەکەت ببەرە چۆڵەوانی تا بپارێنەوە و نوێژ بکەن و داوا لەخوای گەورە بکەن باران ببارێت، ئەگەر هەموو خەڵکی شارەکەت چوونە دەرەوە و لەخوا پاڕانەوە ئەوا خوای گەورە بەزەیی دێتەوە پێتاندا و بارانتان بۆ دەبارێنێت.

پادشا فەرمانی بە سەرکردەی پاسەوانان کرد بانگەواز لەناو خەڵکدا بکات لەشار بچنە دەرەوە تا بپارێنەوە و نوێژە بارانە بکەن، ئەوە بوو خەڵکی چوونە چۆڵەوانی و دەستیان کرد بەپاڕانەوە و نوێژ، بەڵام بێ سوود بوو، باران نەباری.

پادشا لەسەرکردەی پاسەوانەکانی پرسی: ئایا هەموو خەڵك هاتن بۆ نوێژەبارانە؟

سەرکردەی پاسەوانەکان وتی: بەڵێ گەورەم هەموویانمان هێنا، جگەلە هەندێ ئافرەت و منداڵ و پەککەوتە.

پادشا هاواری کرد: با سبەینێ هەموویان بێن و نوێژەبارانە بکەن و بپارێنەوە.

ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دواتر سەرکردەی پاسەوانەکان هەموو خەڵکەکەی هێنا، تەنانەت ئافرەتان و منداڵان و پیر و بەساڵاچووان و پەککەوتووانیش، هەموویان نوێژەبارانەیان کرد و پاڕانەوە تا خوای گەورە هەوری ڕەحمەت بهێنێت و لەو نەهامەتییەی لەسەریانە ڕزگاریان بکات و باران ببارێت، بەڵام بێ سوود بوو، باران نەباری.

پادشا بە سەرکردەی پاسەوانەکانی وت: تۆ دڵنیایت هەموویانت هێناوە؟

سەرکردەی پاسەوانان وتی: بەدڵنیاییەوە گەورەم، هیچ کەس لەشاردا نەماوە نەمانهێنابێت، ئەوەی ماوەتەوە تەنها تاوانبار و دز و جەردە و بەندکراوانن،

ئەوانەش وەك دەزانیت بۆ ئەم ئیشە هیچ سوودێکیان نییە.

پادشا هاواری کرد بەسەر سەرکردەی پاسەوانەکاندا: با سبەی هەمووان بێن، تەنانەت ئەوانەی بەندیخانەش، دەمەوێت هەمووان بهێنیت.

بۆ ڕۆژی دواتر، بەفەرمانی سەرکردەی پاسەوانەکان، هەموو خەڵکەکەیان هێنایەوە، تەنانەت بەندکراوانیش بەکۆت و زنجیرەکانیانەوە، هەمووان نوێژەبارانەیان کردو پاڕانەوە، بەڵام سوودی نەبوو، باران نەباری.

پادشا هاواری کردەوە بەسەر سەرکردەی سوپادا: تۆ دڵنیایت هەمووان هاتوون؟ چونکە داناکە پێی وتم ئەگەر هەموو دانیشتوانی شارەکە بێن نوێژ بکەن و بپاڕێنەوە ئەوا خوای گەورە بەزەیی پێتاندا دێتەوە و باران دەبارێنێت.

فەرماندەی پاسەوانان دڵنیایی کردەوە کە هەموو خەڵکی شارەکە هاتوون، تەنها کرێکاری گەرماوێك نەهاتووە، ئەویش خەڵکی ئەم شارە نییە، چەند ساڵێکە لێرە دەژی، کەس خۆشی ناوێت، کەسیش مامەڵەی لەگەڵ ناکات، هەمووان دەزانن مەشروبخۆر و بەدڕەوشتە.

پادشا وتی: پێم وتیت هەموو خەڵك بێنە، ئیتر هەرکەس هەیە، ئەمە دوا دەرفەتی تۆیە.

ئەوە بوو فەرماندەی پاسەوانەکان هەمووانی هێنا، هەرچەند پێیان خۆش نەبوو کرێکاری گەرماوەکەشیان هێنا بوو، جل و بەرگێکی ناشیرین و بۆنیکی ناخۆشی لێ دەهات، هەمووان نوێژیان کرد و پاڕانەوە، چەند خولەکێکی نەبرد باران باری و دەروازەی خێری ئاسمان کرایەوە بۆیان، هەمووان خۆشحاڵبوون و دڵیان بەڕۆزی و بەزەیی خوای گەورە ئاسوودە بوو.

بەتەنها پادشا سەرسام بوو دەپرسی، باشە بۆ پاش هێنانی ئەو کرێکارەی گەرماوەکە، هەرچەندە قسەی خراپی زۆری لەبارەوە دەکەن، بارانەکە باری؟

فەرمانی بە فەرماندەی پاسەوانان کرد: ئەو کرێکاری گەرماوە بانگ بکەن بۆلام.

کاتێ هێنایان، پادشا لێی پرسی: چۆن ئەوەم بۆ لێك دەدەیتەوە، تا تۆ لەگەڵمان نەهاتی باران نەباری، لەکاتێکدا پێشتر تەنانەت ئافرەتان و منداڵ و پیرو پەککەوتووانیشمان هێنا؟

کرێکاری گەرماوەکە بەهێمنی و ڕێزەوە وەڵامی ذایەوە: پادشای بەڕێز، من کێم تا ئەوەت بۆ لێك بدەمەوە؟!

پادشا بەتورەییەوە هاوری کرد: لەپشت تۆوە نهێنیەك هەیە پێویستە بیزانم، بۆچی بەهاتنی تۆ لەگەڵمان باران باری، لەکاتێکدا لەپشتتەوە ئەو هەموو قسەیەت لەسەر دەکرێت؟ نهێنی تۆ چییە؟ ئەگەر هەواڵم پێ نەدەیت ئەوا بەندت دەکەم، تا ئەو کاتەی ڕاستگۆیانە وەڵامم دەدەیتەوە.

کرێکاری گەرماوەکە ووتی: چ نهێنییەك پادشای پایەبەرز؟! من کێم تا نهێنیم هەبێت؟ لەبارەی منەوە پرسیار لەهەمووان بکە، هیچ شتێکی ژیانم نییە شایستەی باسکردن بێت.

پادشا بە سوورەوون و تورەییەوە نەڕاندی: وەك پێم وتی، ئەگەر هەواڵم پێ نەدەیت، نهێنیەکت چییە دەتخەمە بەندیخانە.

کرێکاری گەرماوەکە وتی: باشە ئەگەر نهێنیەکەم پێ وتیت ئازارم نادەیت؟

پادشا: بەدڵنیاییەوە پارێزراو دەبیت، بڵێ چیت لایە.

کرێکاری گەرماوەکە وتی: ئەی پادشای پایەبەرز، چەند ساڵێکە هاتوومەتە شارەکەت، هیچ کارێکم دەست نەکەوت، کاری گەرماو نەبێت، کاری من تەنها کۆکردەوەی خاشاك و پاشەڕۆی ئاژەڵەکانە دەیانخەمە خوارەوەی بینای گەرماوەکە و ئاگریان تێبەردەدەم هەتا گەرماوەکە گەرم بێت، لەبەر ئەوە دەبینی جلەکانم پیسە و بۆنم ناخۆشەو ئەوە حاڵمە، هەموو خەڵکی شارەکەشت خۆشیان ناوێم و لێم نزیك نابنەوە، بەزۆری تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستن.

بینیم مەشروب خواردنەوەو شەروالپیسی لەشارەکەتدا بڵاو بووەتەوە، هەرچەند هەوڵمدا ئامۆژگاری خەڵك بکەم تا خۆیان لەو تاوانانە دوور بگرن، قسەکانیان ڕەت کردمەوە و، ڕقیان لێم هەڵگرت، ڕقیان لەوەش گرت ئامۆژگاریان بکەم، ئەوەی دەیبینی ڕەوش و بارودۆخی منە.

چەندین و چەندین جار هەوڵمدا، بۆم دەرکەوت هیچ ئومێدێك لەوەدا نییە، هەمووان بەهۆی ئەو دیمەن و بارودۆخەی دەیبینی منی تێدام ئەوەیان ڕەت دەکردەوە گوێ لە ئامۆژگاریەکانی من بگرن، لەدڵی خۆمدا ووتم، ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێهێنا و سوودی نەبوو، ئەمە هەموو ئەوەیە کە توانیم بیکەم، لەوە زیاتر ناتوانم، کەسانی وەك من هیچیان بەدەستەوە نییە، کەسانی وەك ئێوە لە پادشایەتیەکەیدا نغرۆ بووە و گوێ بەوە نادەیت بارودۆخی شارەکەتی لە گەندەڵی و داڕوخان پێ گەیشتووە.

ڕۆژان و مانگەکان تێپەڕبوون و دەستەوسان بووم، نەمتوانی هیچ بکەم، هەمیشە ئەو قسەیەم دووبارە دەکردەوە «هیچم بەدەست نییە».

بەلام دڵم ڕازی نەدەبوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان وتم: هەر دەبێت شتێك هەبێت بتوانم ئەنجامی بدەم، بچوکترینیان ئەوەیە کە بەخوای گەورە دەگەمەوە

پاساوێکی ڕاستگۆیانەم هەبێت کە لە بێدەنگبوون ڕزگارم بکات، هەر دەبێت شتێك هەبێت؟ بەمجۆرە دەم وت.. هەتا خوای گەورە ڕێنمایی کردم بۆ چارەسەرێك لەلای خۆیەوە. ئەوەی من کردوومە ئەوە بوو لەکۆتایی هەموو ڕۆژێکدا کرێی ڕۆژانەکەمم وەردەگرت، لەگەرماوەکە دەردەچووم و دەڕۆشتمەوە بۆ ماڵە سادەکەم، پاشان کەمێك خۆراکم دەکڕی لەگەڵ شوشەیەك مەشروب، یەکێك لە کچە خراپەکارەکانم بەکرێ دەگرت، کاتێ دەهاتمەوە ماڵ، کچەکەم لە ژوورێکدا تابەیانی بەند دەکرد و، مەشروبەکەشم بەسەر خاکدا دەڕشت.

ئەمە هەموو ئەوەیە کە بتوانم ئەنجامی بدەم، من هەموو شەوێك شارەکەت لە خواردنەوەی شوشەیەك مەشروب، خراپەکارییەکی ڕووبەڕووبوونەوە، ئەمە هەموو ئەوەیە بتوانم ئەنجامی بدەم، جگە لەوە توانای هیچی ترم نییە.

«چیرۆکەکە کۆتایی هات»

«هاوڕێکەمان نە جەلادە نە قوربانی،
شوێنەواریکیشی بەجێ هێشتووە ناکرێت نکوڵی لێ بکریت»

یاسای ئارەزوو و پەیوەندی بەدووانەیی چێژ و ئازارەوە:

«حەقیقەت چاوەڕوانی ئەو چاوانەیە
کە ئارەزوو کوێری نەکردوون»

دروشمی ئەم یاسایە:

«هەموو ئارەزوویەک ئازارێکی لەگەڵدایە،
مەگەر ویستی خوای بااڵدەست،
ڕادەی ئازارەکەش لەسەر هێزی ئارەزووەکە ڕاوەستاوە»

واتای ئەم یاسایە: نە ژیان، نە بەختەوەری بەبێ ئارەزوو نابن، لەگەڵ هەموو ئارەزوویەکدا ئازارێك هەیە.

ڕاڤەی ئەم یاسایە ئەوەیە سروشتی (فیتری) مرۆڤ وایە حەزی بەخۆ دەرخستن و سەلماندنی خۆیی و دەروشانەوە لەبووندا و دەرکەوتن لەبەرانبەر خزمان هەیە، دروونی مرۆیی فیترەتی بەوجۆرەیە، ئەمە کرۆکی هەوڵەکان و بونیاتنان و هۆکاری شکست و ئازارەکانیەتی. چونکە هەر ویستێك دووانەیی چێژ و ئازاری لەگەڵدایە، بەاڵم ئەگەر ئارەزوت کرد کەبتەوێت خۆت دەربخەیت و بەرز ببیتەوە بەبێ ئازار ئەوا لەسەرت پێویستە هەرگیز ئارەزووت نەبێت، یاخود دەستبەردار ببیت و هەمووی بۆ خوای گەورە بگێڕیتەوە، هەر ئەو ویستەکانی خۆیت تێدا بەدی دە هێنێت، لێرەدا لە جەمسەری یەکیدا ڕۆچوویت کە دووانەیی تێدا نییە.

یاسای بنەڕەتی چواردەم
یاسای گۆڕان

دروشمی ئەم یاسایە:

«..... إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ .....:

بێگومان خوا ئەوەی لەهەر هۆزو نەتەوەیەك هەیە ناگۆڕێ،

تاکو ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن»(الرعد :١١)

لەناوەوە چۆن بیت لەدەرەوەش بەوجۆرەیت

یەکێك لە گرنگترین دۆزینەوەکانی زانستی ڕەفتاری مرۆڤ ئەوەیە، واقعی مرۆڤ دەرئەنجامی ئەوەیە پێشتر بیری لێ کردووەتەوە. زانایانی فیزیا پشتگیری ئەم ئەنجامەیان کرد، بەجۆرێك سەلماندیان کە هیچ گومان هەڵنەگرێت بیرکردنەوەی ئەرێنی مرۆڤ لەرینەوەکانی دڵی و عەقڵی بەرز دەکاتەوە، بە بەرزبوونەوەی لەرینەوەکانیشی هەستەکانی باشتر دەبن، بەوەش توانای بەرگریَ لەشی بەرز دەبێتەوە، ئەمەش یارمەتی دەدات لە چاکبوونەوە. کارەکە سەبارەت بەڕەوشی مادی و زانستی و ئاسایش و... هتد، بەهەمان شێوەیە.

لە ڕوانگەی یاسای یەکەمەوە (یاسای لەرینەوەکان/ گەڕانەوە) ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە بتەوێت یان نەتەوێت ڕوودەدات بۆت. بەپشت بەستن بەیاسای دووەم (یاسای بەرپرسیارێتی) کە دەڵێت: ئەوەی ڕوودەدا تێتدا و بۆت و لەسەرت لەخۆتەوەیە. بەتێپەڕبوونی بەیاسای سێیەمدا (یاسای دووانەیی جەمسەرییەکان) کە دەریخست تونددڕەوی لەهەر جەمسەرێك لە جەمسەرەکان

ئازار لەژیاندا دروست دەبێت. هەموو ئەو یاسایانە، لەبەرژەوەندی یاسای چوارەمن کە بە مەبەستی باڵای تێکڕای زانستی یاسا گەردوونییەکانی سەرکەوتن و ڕزگاربوونە (گۆڕانی ئەوەی لە دەروونداید).

ئەگەر واقیعێکی نوێت دەوێت، بە شێوەیەکی ئەرێنی بیر بکەرەوە، ڕەنگدانەوەی نوێی ئەرێنی لەسەرت دەبێت، چونکە واقیعە نەرێنییەکەی پێشووت دەرئەنجامی بیرۆکە خراپەکانی پێشترت بووە. بەدەستهێنانی واقیعێکی نوێ شتێکە لەخۆتەوە سەرچاوەی گرتووە، کەواتە خۆت بەرپرسیت لێی، هەروەك پێشتریش وتمان: تۆ ئەی مرۆڤ هاوبەشێکی کارایت لەدروستکردنی قەدەرتدا.

بەر لە دەرکەوتنی ئەم زانستانە، پێش ئەوەی مرۆڤایەتی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی لە قەدەرەکانی و بارودۆخەکانی تێبگات، کتێبە ئاسمانییەکان ئەوەیان فەرموووە، لەئینجیلدا هاتووە: (تۆ بزانە، چۆن دەچێنیت هەمان شت دەدوریتەوە)، لەقورئانی پیرۆزیشدا ئایەتێکی بەرزی ڕوون هاتووە: (لَهُ مُعَقِّبَاتٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ يَحْفَظُونَهُ مِنْ أَمْرِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ: کۆمەڵێك فریشتەی هەیە کەیەك لە دوای یەك دێن، لەپێشیەوەو لەپشتیەوە ئامادەن و پارێزگاریی دەکەن بەفەرمانی خوا. بێگومان خوا ئەوەی لەهەر هۆزو نەتەوەیەك هەیە ناگۆڕێ، تاکو ئەوان دڵ و دەروونی خۆیان نەگۆڕن, هەرکات خوا ویستی زیان بەسەر هۆزێکدا بهێنێ، هەرگیز گەڕانەوەی بۆنیە, بێجگە لەخۆیشی هیچ پشتیوانێکیان بۆنیە)(الرعد:١١).

لێرەدا دەمێنێتەوە پرسیارێك: ئەگەر خوای گەورە خراپەی بۆ گەلێك بووێت ئەوا گێڕانەوەی نییە (وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُ: هەرکات خوا ویستی

زیان بەسەر هۆزێکدا بهێنێ، هەرگیز گەڕانەوەی بۆنیە)، ئایا ویستی خوای گەورە بۆ ئەو گەلە هەڕەمەکییە؟ یاخود پەیوەندی بەوەوە هەیە کەپێش ئەمە لە ئایەتەکەدا هاتووە؟ ئایا قەدەری خوای گەورە لە ئێمەدا هەڕەمەکییە، بەوجۆرە خراپەی بۆ هەرکەس بوێت، بەهەمان شێوە چاکەشی بۆ هەرکەس بووێت دەبێت؟

خوای گەورە ئەم گەردوونەی لەسەر یاسای هۆکار و ئەنجام دروست کردووە، قەدەری ئێمەش هەڕەمەکی نییە، حاشا هەرگیز خوای گەورە هەڕەمەکیبوون ناهێنێتە ناو کارەکانی، لەبەر ئەوە خوای گەورە دڵنییایمان پێدەدات و بەرپرسیارێتیمان دەخاتە ئەستۆ: (فَأَمَّا مَنْ أَعْطَى وَاتَّقَى * وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى * وَأَمَّا مَنْ بَخِلَ وَاسْتَغْنَى * وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى * فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى: ئینجا ئەوەی بەخشی و لە نافەرمانی خوا خۆی پاراست, و بڕوای بە پاداشتی چاکتر کرد, ئەوا بۆ کاری ئاسان و چاك رێنوینی دەکەین، بەڵام ئەوەی چرووکی کردو خۆی بێ نیاز گرت, بڕواشی بەپاداشی چاکتر نەکرد, ئەوا کار ئاسانی بۆ دەکەین، بۆ دژوارترین رێگە)(اللیل: ٥-١٠).

کەواتە جیهانی دەرەوەی مرۆڤ بەرهەمی جیهانی ناوەوەیەتی، ئەمە هەندێك کەس ناویان لێناوە یاسای ڕنگدانەوە، یاخود یاسای دەنگدانەوە، لەوانەیە ئەمە بەبەهاترین مەعریفە بێت کە مرۆڤ لەوەتەی لەسەر ڕووی زەویدایە بەدەستی هێنابێت.

ماوەتەوە پرسیارێکی گرنگ: ئەو شتە چییە لە دەروەندا و پێویستە بگۆڕدرێت؟ ئایا بیرکردنەوەکانە، یاخود ئیمان، یان هەستەکان، یا ڕەفتار؟ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوتوێی کتێبەکان ئەوا دەبینین هەموو ئەمانە لەبیرۆکەکان و شێوازی بیرکردنەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەبەر ئەوە: گۆڕانی ئەوەی لە دەروونداید بریتییە لەگۆڕانی شێوازی بیرکردنەوە، کە بەرەو بونیاتنانی بیرۆکەی نوێت دەبات، جیاواز لەو بیرۆکانەی بەرەو ماندووبوون و نارەحەتیان بردیت، گۆڕانی ئەوەی لە دەروونداید دوو ئاراستەی هەیە: گۆڕان بەرەو باشتر، واتە بیرکردنەوە و بیرۆکەی باشتر، هەروەها گۆڕان بەرەو خراپتر، واتە بیرکردنەوە و بیرۆکەی خراپتر، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئازادی ڕەهات هەیە، بگرە بەرپرسیارێتی تەواویشت لەئەستۆدایە.

«ئەگەر بەهەمان شێواز بیرت کردەوە، ئەوا هەمان ئەنجام بەدەست دەهێنیتەوە»

ئازار و گۆڕان:

ئەگەر تۆ ئازار بەسروشتی و پاساودار و پاداشت وەگرتن لەسەری دەزانی، باوەڕت وایە بەردەوامبوونی بەڵگەیە لەسەر دروستی بیرکردنەوەو کارکردنت، ئەوا تۆ هێشتا گۆڕان لەدەروونتدا ڕووی نەداوە، بوونی ئازار بەڵگەی بوونی هەڵەیە، بەردەوامبوونی ئازاریش بەڵگەی بەردەوامبوونی ناهۆشیاریتە، تێگەیشتنیش چارەسەرە.

بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی زیاتر لە یاسای گۆڕان (گۆڕانی ئەوەی لە ناخدایە) پێویستە لەسەرمان یەکێك لە دوانەیە گرنگ و ڕێکخەرەکانی زۆرێك لە لایەنەکانی ژیانمان بخوێنینەوە، ئەگەر نەڵێین بێ زیادەڕۆیی هەموو لایەنەکانی ژیانمان ڕێکدەخات، ئەویش دوانەیی ناوەوە و دەرەوەیە، کە هەموو ئەوەی بەسەر دوانەییەکانی تردا جێبەجێ بوو لە پێنج بنەماکەی ڕێکخستنی دوانەییەکان بەشێوەیەکی گشتگیر بەسەر ئەمیشدا جیبەجێ دەبێت.

دوانەیی دەرەوە و ناوەوە:

ئەم دوانەییە چوار بنەمای سەرەکی هەیە:

١. ناوەوە یەکسانە بەدەرەوە.

٢. هیچ دەسەڵاتێکت بەسەر دەرەوەدا نییە.

٣. هەموو دەسەڵاتت بەسەر ناوەوەتدایە.

٤. ئەو شوێنەی دەسەڵاتت بەسەریدا هەیە بیگۆڕە و، ژمارە یەکت لەیاد بێت.

بۆ لێکدانەوەی ئەم دوانەییە و خستنەڕووی مەترسیەکەی و سوودەکانی تێگەیشتن لێی و ڕێکخستنی دەڵێین:

ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە ڕوودەدا بۆت، بتەوێت یان نەتەوێت. بیرکردنەوە جیهانی ناوەوەی تۆیە، ڕووداوەکە جیهانی دەرەوەتە. ئەوەی دەرەوە ڕەنگدانەوەی ناوەوەیە لەچرکەساتی ڕووداوەکەدا. ئەگەر لەجیهانی دەرەوەتدا، کەسێکی خۆویستی خراپ لەهەر کاتێکدا دەرکەوت، بزانە تۆ لەبەردەم دوو حاڵەتی جیهانی ناوەوەتدایت، یان ئەوەتا وێنەیەکی کت و متی وەك ئەو کەسەت هەیە، واتە تۆش خۆویست و خراپیت وەك ئەو، یاخود تۆ لەو چرکەساتەدا تووندڕەویت بەرانبەر ئەو جۆرە مرۆڤە خراپەکارانە. ئەمە لە دوانەییە بەناوبانگەکەی پەیوەستبوون و ڕەتکردنەوەوە فێری بووین.

ئەگەر ئەم قسەیەت ڕەت کردەوە، ئەوا لەسەرت پێویستە چاودێری خۆت بکەیت (بیرۆکەکانت/ زمانت/ هەستەکانت) لەکاتی ڕووداوێکی ئەرێنی یان نەرێنیدا، یان لەکاتی ڕووداوەکانی ڕابردوودا خۆت بهێنیتەوە

یاد، لێرەدا جگە لە داننان بەوەی تۆ ئەو ڕووداوانەت لەژیانتدا دروست کردووە هیچی ترت لەبەردەمدا بۆ نامێنێتەوە.

من ئەم قسە سەیرە دەچوێنم بە هەردوو ڕووەکەی مانگ، ڕوویەکی تاریك، ئەویتر ڕۆشن. واتە لەسەرت پێویستە کە دڵتەنگ نەبیت و خۆت بەگەورە نەگریت و ئەوە ڕەت بکەیتەوە، بەهۆی ئەوەی من تۆمەتبارم کردوویت بەدەرخستنی ڕووداوە نەرێنیەکان، چونکە ڕووداوە ئەرێنیەکانیش هەر تۆ لەژیانتدا هێناوتنتە ئارا، بەمەش دەسەڵاتی فەرمانڕەوایت هەیە بەسەر ئەوەی لەپاش ئەمڕۆ لەکاری باش بێتە ڕێت.

لەبەر ئەوە تۆ بەرپرسیت بەهۆی ئەوەی لەرینەوەت کردووە لە ناوەوەتدا (ئەوەی بیرت لێ کردووەتەوە) ئەوا هەموو دەسەڵاتەکەت تەنها لەجیهانی ناوەوەتدایە، هیچ دەسەڵاتێك و توانایەکت نییە بەسەر جیهانی دەرەوەت. بەڵام تۆ بەدەسەڵاتداربوونت بەسەر جیهانی ناوەوەتدا ڕەنگڕێژی جیهانی دەرەوەت دەکەیت، ئەوە تەنها گۆشەیەکی مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕووداوەکەدا.

ئەگەر بەباشی و ئەرێنی جیهانی ناوەوەت بجوڵێنیت، تەنها ئەوەت لەسەرە بنەمای یەکەمت لەبنەماکانی دوانەیی لەیاد بێت کە دەڵێت: ناوەوە یەکسانە بە دەرەوە.

«کار لەو شوێنەدا بکە دەسەڵاتداریت بەسەریدا و لەیادت بێت ناوەوە یەکسانە بەدەرەوە«

ئاستەکانی گۆڕان:

هەرچەندە هەندێك کەس لەو باوەڕەدان پێویستە گۆڕان لەناوەوە بێت، بەڵام زۆربەیان شکستیان لەجێبەجێکردنیدا هێناوە، وێڕای باوەڕبوون و تێگەیشتنی لە بیرۆکەی گۆڕان لە ناوەوە، سەرەڕای کارکردنی لەسەر ئەو گۆڕانە، باشە کێشەکە لەکوێدایە؟

نەخێر، بگرە هەندێك کەس چەندین ساڵ کاری لەسەر گۆڕان لەناوەوە کردووە، بەڵام هیچ باش بوونێك لەجیهانی دەرەوەیدا ڕووینەداوە، پاشان بۆی دەرکەوتووە هیچ نەگۆڕاوە، باشە ناتەواویەکە لەکوێدایە؟

ناتەواویەکە هەردەم لە ئاستی گۆڕانەکەدا خۆی پەنا داوە کە پێویستە کاری پێ بکرێت و کاری لەسەر بکرێت، گۆڕان سێ ئاستی هەیە لەقوڵی و کاریگەریی و ئامراز و دەرئەنجامدا جیاوازن، کێشەکە لەوەدایە زۆربەی ئەوانەی کاری گۆڕانیان ئەنجامداوە تەنها لەسەر ئاستی ڕووکەش کاریان کردووە، ئەویش ئاستی نیشانەکانە و هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە تەنها شتێکی کاتی و کەم نەبێت، وا گومانیان بردووە کە ئەوە گۆڕانە.

بەڵام زۆر دووبارە بەرهەمت دەست بکەوێت ئەگەر تۆوەکانت لە ناخی زەویدا نەچاندبێت.

باشە ئەو ئاستانەی گۆڕان چییە ؟ کام ئاستیان بەسوودتر و باشترە؟

ئاستی یەکەم- گۆڕان لەسەر ئاستی نیشانەکان:

نیشانەکانی هەر شتێك بریتییە لە تویکڵی دەرەوەی، کارکردن لەسەری گۆڕانێکی ڕووکەشییە هیچ لە ڕاستییەکانی ناگۆڕیت، بەڵکو ئەو گۆڕانە سەرەچاوە بەردەستەکانی هەوڵ و سەرمایە و کات لەناو دەبات، بەداخەوە زۆرێك لە خەڵکی بێئاگان و کار لەسەر ئەمە دەکەن.

لەگرنگترین شێوەکانی: قوتابیەك تەنها بۆ ئەوە ئەخوێنێت لە تاقیکردنەوەدا دەربچێت نەك بۆ فێربوون و وەرگرتنی زانست، ئەم قوتابیە ساڵەکانی خوێندنی بەسەر دەبات، بڕوانامەش بەدەست دەهێنێت، بەڵام فێر نەبووە، ئا ئەمەیە دامەزارەکانی فێرکردن.

لە نموونەی ئەمەش ئەو کەسەیە چارەسەری نیشانەیەك لە نیشانەکانی نەخۆشیەك دەکات، بەبێ وردبوونەوە لە هۆکاری نەخۆشیەکە یان ژینگەکەی، نموونەی ئەو نەخۆشە تەنها ئارامکەرەوەکان وەردەگرێت و ئازارەکەی لا دەبات نەك نەخۆشیەکەی نەهێڵێت، لەوانەیە کێشەکەی گەورەتر ببێت و لەدەست دەربچێت و بەتێپەربوونی کات هیچ چارەیەکی نەبێت.

هەر هەنگاوێك لە هەنگاوەکانمان لە ژیاندا گۆڕانە لەجۆرێك، هەندێ هەنگاو هەیە سوکە، هیچ شوێنەوارێك لەسەر ڕۆشتن بەجێ ناهێڵێت، هەنگاویش هەیە شوێنەواری قوڵ تەنانەت لەسەر زەوی ڕەقیش بەجێ دەهێڵێت. هەر کەسێك لەژیانیدا تەنها لەسەر ئاستی نیشانەکان بڕوات ئەوە بێئاگایە لە ناواخنی کاروبارەکان.

ئەو نەفامە باوەڕی وایە ئەگەر جلەکانی گۆڕی یاخود ڕەنگی جلەکانی گۆڕی، ئەوا ڕۆشنبیریەکەی یان ئایینەکەی یاخود عەقڵی گۆڕیووە.

ئەوکەسانە قورئانی پیرۆز بەوردی باسی کردوون: (يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ * أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ مَا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ وَأَجَلٍ مُسَمًّى وَإِنَّ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ بِلِقَاءِ رَبِّهِمْ لَكَافِرُونَ * أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ كَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَأَثَارُوا الْأَرْضَ وَعَمَرُوهَا أَكْثَرَ مِمَّا عَمَرُوهَا وَجَاءَتْهُمْ رُسُلُهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا كَانَ اللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَكِنْ كَانُوا أَنْفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ * ثُمَّ كَانَ عَاقِبَةَ الَّذِينَ أَسَاءُوا السُّوأَى أَنْ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَكَانُوا بِهَا يَسْتَهْزِئُونَ: ڕووکەشێك لە ژیانی دنیا ئەزانن, کەچی لە ئاخیرەت بێئاگاو غافڵن!. ئاخۆ بیریان لەخۆیان نەکردۆتەوە؟ خوا ئاسمانەکان و زەویی و ئەوەی لەنێوانیاندایە دروست نەکردووە بەهەق و ماوەیەکی دیاریکراو نەبێ، کەچی زۆرێك لە خەڵك بە دیداری پەروەردگاریان بێ باوەڕن, ئایا گوزەریان بەسەرئەم زەوییەدا نەکردووە؟ ببینن ئەنجامی ئەوانەی لەپێشیانەوە بوونە چۆن بووە؟ خۆ لەمانەش بەهێزترو بەتواناتر بوون, زەوییان هەڵگێڕایەوە و ئاوەدانیان دەکردەوە, زیاتر لەوەی ئەمان ئاوەدانیان کردەوە, پەیامبەرەکانیشیان بەگەلێ بەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە بۆلایان هاتن، وەنەبێ خوا ستەمی لێکردبن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد, پاشان ئەنجامی ئەوانەی گوناهو تاوانیان کرد، خراپترین پاشەڕۆژ بوو، چونکە ئایەتەکانی خوایان بەدرۆ زانی و گاڵتەیان پێئەکردن) (الروم: ٧-١٠).

ئاستی دووەم- گۆڕان لەسەر ئاستی هۆکارەکان:

هەر دیاردەیەك لە دیاردەکان، ئەرێنی بێت یان نەرێنی، هۆکار هەیە بوونەتە هۆی ئەو دیاردەیە، کارکردن لەسەر ئاستی گۆڕانی هۆکارەکان کارێکی زیاتر قوڵتر و زۆرتر کارلێك تەرە، بەڵام ئەو مەبەستە باڵایە نییە کە ئێمە دەمانەوێت، ئەگەر ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل لامان زۆر بوو، لەگەڵیشیدا بڕیندارانی ئەو ڕووداوانەش زیادی کرد، چارەسەرکردنی بڕیندارانی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل کارکردنە لەسەر ئاستی نیشانەکان، لەمەشدا تۆ هیچت نەگۆڕیووە، تۆ چاوەڕوانی ڕووداو دەکەیت تا بڕیندارانی چارەسەر بکەیت.

بەڵام دانانی یاسای توندی هاتوچۆ و سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی بەتەواوەتی کارکردنە لەسەر ئاستی هۆکارەکان، زۆر زۆر لە ژمارەی بڕیندارەکان کەمێویستە ئەوە ڕوونەدات کەم دەکاتەوە. کارکردن لەسەر ئاستی هۆکارەکان، لێهاتویی تاکەکان و دامەزراوەکانی خزمەتگوزاری هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بەرز دەکاتەوە، ئەوەش کارێگەرە لەسەر کەمکردنەوەی تێچووی ئەو تاك و ئەو دامەزراوانە، بەڵام بەڕادەی پێویست نییە، دەرئەنجامەکەشی وەك پێویست نییە، پێویستە ئەو ژینگەیە بگۆڕین کە خودی هۆکارەکانی تێدا هاتووەتە ئارا.

ئاستی سێیەم- گۆڕان لەسەر ئاستی ڕیشەیی (ژینگە):

«ئەگەر ویستت مێش قەڵاچۆ بکەیت،
زۆنگاوەکە وشک بکە» جەودەت سەعید

وشککردنی زۆنگاو گۆڕانە لەسەر ئاستی ڕیشەیی (ژینگەکەی)، کاتەکانت بە بەکارهێنانی لەناوبەرەکانی قەڵاچۆی مێش و مەگەز بەسەر نابەیت کەپاش تروکانی هێلکەی نوێ لەزۆنگاوەکەدا مێشی تر پەیدا دەبن. خەرجکردنی پارە بۆ کڕینی لەناوبەرەکانی و ڕشاندنی لەڕاستیدا بەفیڕۆدانی ئەو پارەیەیە و جگە لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵک هیچی تر نییە.

گرنگترین سوودەکانی کاری گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ڕیشەیی (ژینگەکەی) بریتییە لە کەمکردنەوەی تێچووەکان بە هەر سێ توخمەکەیەوە : سامان، هەوڵدان، کات.

· بەڵام سوودی هەرە گرنگی بریتییە لە نەهێشتنی مەترسیەکە لەڕیشەیەوە، لەم شێوازەدا بەدەگمەن ئەو مەترسیە دووبارە دەبێتەوە.

ڕێزگرتنی مامۆستا و پێدانی پلەیەکی دارایی و کۆمەڵایەتی بەرز پێی، گۆڕانە لەسەر ئاستی ڕیشەیی لەوەی پەیوەندیدارە بە پرۆسەی فێرکردنەوە، سەرکوتووترین ڕێگاشە بۆ دەربازبوون لە نەخوێندەواری و نەزانی، تەنانەت لەهەژاری و نەخۆشیش، هۆشیاری چارەسەرە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کارکردن لەسەر هەرسێ ئاستەکەی گۆڕان، ئەم نموونانە دەخەینە ڕوو:

چیرۆکی چارەسەری نەخۆشی پەتای ڤایرۆسی جگەر:

«... أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ : ئایا پیاوێکی سەلارتان تێدا نییە»(سورة هود: ٧٨)

لە ساڵی (٢٠٠٩ز)دا، ژمارەی تووشبووان بە پەتای ڤایرۆسی جگەر لە سوریا گەیشتە چوارسەد هەزار تووشبوو لە ساڵێکدا، بەهۆی ئەوەی نەخۆشییەکی پەتایی، ئەوا حکومەت کاروباری چارەسەرکردنی دەگرێتە ئەستۆ، تێچووەکەی دەدات، کارەکە بەتەنها بۆ کلینیکە تایبەتەکان لێ ناگەڕێت، چونکە لەوانەیە بەهۆی هەڵە یان فەرامۆشکردنێکی نا ئەنقەستەوە ئەم نەخۆشیە بڵاو ببێتەوە.

یەکێك لە پزیشکە پسپۆڕە بەڕێزەکانی ئەم بواڕە لەکاتێکدا من توێژینەوەیەکی ئابووریم لەسەر هەندێ لە تێچووەکانی حکومەت دەکرد ئەمەی پێ وتم.

هەروەها وتی: نەخۆش پێویستی بە بەرنامەیەکی چارەسازیی هەیە کە قەترەیەکە پێویستە بەڕادەیەکی دیاریکراو لە چەند کاتێکی بەدوای یەکدا بدرێت پێی، ڕێك لەماوەی نۆ مانگدا بەسەر یەکەوە تا ئەو نەخۆشە چاك ببێتەوە.

لێم پرسی: تێچووی هەر بەرنامەیەك لەبودجەی حکومەتدا چەندە؟

پزیشکەکە وتی: بۆ هەر بەرنامەیەك بە نیو میلۆن لیرە دەخەملێندرێت، دەوڵەت پارەکەی دەدات.

پرسیم: ڕێژەی چاکبوونەوەی نەخۆش بەم بەرنامەیە چەندە؟

پزیشك: ناگاتە زیاتر لە ٢٠٪ی حاڵەتەکان.

پرسیم: ئەی ئەو نەخۆشانەی چاك نابنەوە، چی دەکەن؟

پزیشك: یاسای حکومەت ڕێگەیان پێ دەدات بەرنامەیەکی تری چارەسەرکردن بەخۆڕایی لەسەر تێچوویی حکومەت پێیان بدرێت.

پرسیم: ئەگەر نەخۆش بەبەرنامەی دووەمیش چاك نەبوویەوە؟

پزیشك: یاسا ڕێگە بە وەرگرتنی بەرنامەی سێیەم نادات، ئەگەر نەخۆش لەو ماوەیەدا نەمرێت ئەوا لەسەری پێویستە نەشتەرگەری چاندنی جگەر بکات. ئەمجۆرە نەشتەرگەرییەش تا ئێستا لە سوریا نییە.

پرسیم: هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشیە چیە؟

پزیشك: پیسبوونی ئاو لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییەیە.

وتم: باشە، دەتەوێت پێم بڵێیت ئێمە لە سوریا چوارسەد هەزار کەسمان هەیە ساڵانە تووش دەبن، بەرنامەی چارەسەری یەك کەسیش نیو ملیۆن لیرەی سوریە، واتە بودجەی حکومەت بە یەك ملیار لیرە ساڵانە (لە خەرجییە کارگێڕییەکان و خەرجیەکانی کەس وکاری نەخۆشیش بگەڕێ) بۆ چارەسەری یەك نەخۆشی دەگرێتە ئەستۆ.

پزیشك: بەڵێ ئەوە واقیعەکەیە.

وتم: هەروەها دەتەوێت پێم بڵێیت هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشیە ئاوی خواردنەوەیە؟

پزیشك: بەڵێ.

وتم: ئێوە ئێستا گۆڕان تەنها لەسەر ئاستی نیشانەکان دەکەن، ئەوەش تێچووی زۆرەو لەسەر ئاستی دوور مەودا ئەنجامێکی نابێت، چی دەبوو ئەگەر ئێمە لەسەر ئاستی هۆکارەکان کارمان بکردایە و هەموو وێستگەکانی ئاوی خواردنەوەمان لەهەموو شارەکان چاك بکردایە و وێستگەی نوێمان لە لادێ و

شاروچکەکانی کە وێستگەی ئاوی پاکیان تێدا نییە دروست بکردایە، ئایا چارە یان نیوەی ئەو برەمان پێویست دە بوو، کە بۆ یەکجاریش ئەو برە پارەیە پێویست دەبێت؟

پزیشك: قسەکەت ڕاستە، بەڵام ئەوە بواری دەسەڵاتی من نییە، من تەنها سەرپەرشتی نەخۆشەکان دەکەم.

قسەکەمم دووبارە کردەوە: بەڵام ئێوە تەنها لەسەر ئاستی نیشانەکان کار دەکەن، ئەمەش تێچووی زۆرە و سوودی کەمە بەراورد بەو تێچوونە زۆرەی دەکەوێتە سەر بودجە لاوازەکە، پاشان چارەسەری لەوە قوڵتر هەیە، ئەویش کارکردنە لەسەر ئاستی هۆکارەکان، واتە چاککردنی وێستگەکانی ئاوی خواردنەوە کە زۆر لە ژمارەی تووشبوان بەو نەخۆشیە کەم دەکاتەوە.

پزیشك: پێم وتیت قسەکەت ڕاستە، بەڵام ئەوە بواری دەسەڵاتی من نییە.

تێبینی: قسەی پزیشکەکە سەد لەسەد ڕاستە، بەڵام نەخشەدانەران و سیاسەت دارێژەرانی تەندروستی حکومەت لەکوێن؟ ئایا کەسێکی تێگەیشتوویان تێدا نییە؟

پاشان لە پزیشکەکەم پرسی: باشە پێت وتم ژمارەی توشبووان تەنها لەیەك ساڵدا چوارسەد هەزار کەسە، بەڵام خۆ هەموو دانیشتوانی وڵات لەو ئاوە دەخۆنەوە، بۆچی هەمووان تووشی ئەو ڤایرۆسە نەبوون؟

پزیشك: ئەم ڤایرۆسە خەسڵەتێکی هەیە دەکرێت مرۆڤ هەڵگری بێت و تووشی نەخۆشیەکەش نەبێت (وەك حاڵەتی متبوون). بەڵام بەهۆی ڕەوشێکەوە ئەم ڤاپرۆسە چالاك دەبێت و نەخۆشیەکە دەست پێدەکات. لەبەر ئەوە ئێمە پێشبینی دەکەین ژمارەی ئەو کەسانەی ئەم ڤایرۆسەیان هەڵگرتووە

زۆر زیاتر بێت لە ژمارەی تووشبوان پێی. ئەمەش بە زۆر شیکاریی سەلمێنرا کە بۆ چارەسەری نەخۆشانی تر ئەنجامدران، بینیمان هەڵگری ڤایرۆسەکەن و هێشتا تووشی نەخۆشیەکە نەبوون.

وتم: باشە، ئایا دەکرێت بزانم ئەو ڕەوشە چییە ڤاپرۆسەکە بەئاگا دێنێت لە جگەری نەخۆشەکەدا و هەڵگرەکەی تووشی نەخۆشیەکە بکات؟

پزیشك: بەزۆری ئەوانەی تووشی ئەم ڤایرۆسە دەبن یاخود هەڵگرین و دواتر تووشی دەبن، ئەوانەن کە بە ڕەوشێکی دەروونی خراپدا تێدەپەڕن بۆ چەند هەفتەیەك بەسەریەکەوە، نموونەی ئەم ئاریشەیە بەتووشبوونی جەستەیی کۆتایی دێت، بەجۆرێك زانایان لەو باوەڕەدان سیستەمی بەرگری لەمجۆرە حاڵەتانەدا تووشی ناتەواوی بەشەکی یاخود تەنانەت هەمووەکیش دەبن و ناتوانن ڕۆڵی خۆیان لەپاراستنی مرۆڤدا ئەنجام بدەن و نەخۆشیەکە دروست دەکات.

وتم: من وا لێت تێگەیشتم مرۆڤ ئەگەر هەمیشە پارێزگاری لە هاوسەنگی فیکری و دەروونی خۆی بکات، یان ڕێگری بکات لە تێکچوونی ئەو هاوسەنگییە بۆ ماوەیەکی زۆر، گریمانەی تووشبون بە نەخۆشییە مەترسیدارەکانی لەم چەشنە کەم دەکات؟

پزیشك: لە ڕووی زانستییەوە بەڵێ، لەوانەیە هەرگیز تووش نەبێت.

وتم: باشە، کەواتە لە توێژینەوەکەمدا ڕاسپاردەیەکم ئەوە دەبێت یەك ملیار لیرەی سوری بۆ کرانەوە و گەشەی مێشکی و ڕۆحی و سۆزداری لای هەموو خەڵك خەرج بکرێت، تێیان دەگەیەنم چۆن خۆشیان دەوێت و دڵنیا دەبن و دڵەڕاوکێیان نابێت و ناترسن لە ئایندە و نادیار و... هتد، واتە داوای ئەنجامدانی

گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ڕیشەیی (ژینگەی ناوخۆیی و عەقڵی و دەروونی) لای هەموو خەڵك بکەن، ئایا لەقەبارەی ئەم نەخۆشییە و جگە لەم کەم دەبێتەوە؟

پزیشك: بەدڵنیاییەوە، بەڵام، بەگاڵتەکردنەوە وتی: وادیارە تۆ ڕزقمان کەم دەکەیتەوە!!!

«چیرۆکە ڕاستەقینەکە کۆتایی هات»

قسەلەسەر کردن:

میژوونووسی بەریتانی «ئارنۆڵد توینبی» لە میانی قسەکردنی لەبارەی بەراوردی نێوان فەلسەفەی پزیشکی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەڵێت: پزیشك لای ئێمە پاش ڕوودانی نەخۆشیەکە کار دەکات، ئەمە لە کاتێکدا لەڕۆژهەڵات کارەکە تەواو پێچەوانەیە، وتەیەکی کۆنفۆشیۆس دەهێنێتەوە: پزیشك لە ڕۆژهەڵات پارەیەك[1] لەهەموو خێزانێکی گوندەکە وەردەگرێت، ئەگەر یەکێکیان نەخۆش کەوت دەچێت بۆ لای پزیشکەکە و دەرمانەکەی بۆ باس دەکات و ئەو پارەیەی داویەتی وەریدەگرێتەوە.

گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ڕیشەیی (ژینگەی نێوخۆیی فیکری و زمانەوانی) ڕۆزی هیچ کەس کەم ناکاتەوە، بەڵام تەنها جۆر و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ڕۆزی دەگۆڕێت، کەمکردنەوەی ئازاری جەستەیی و دەروونی خەڵك کارێکی پیرۆزە، ئیدی ئەبێت ڕێگری لە ڕوودانی چۆن بێت؟ ئەمە ڕێگایەکە پێویستە بیری لێ بکەینەوە، هەر ئەوەش یەکێکە لە ڕووەکانی گۆڕان لەوەی لەناخدایە.

(١) ئەو کرێیە بڕێك پارەی دیاریکراوە، لەئێستادا پێی دەڵێین موچە.

لەو کاتەوەی کار لەسەر ئەم بیرۆکانە و ئەم توێژینەوەیە دەکەم[١] خەون بەو ڕۆژەوە دەبینم وەزارەتێکی تایبەتمەندمان بەگەشەپێدانی مرۆیی هەبێت، نەك تەنها دامەزراوەی تایبەتی جودا هەبێت کە هەوڵەکانیان بەفیڕۆ دەچێت.

بوونی ئەمجۆرە وەزارەتەو پشتیوانیکردنی بەسەرچاوەی پێویست و تەواو ئەو قورسیەی خراوەتە سەرشانی هەر حکومەتێکی تێگەیشتوو کەم دەکاتەوە.

کەواتە بۆچی ئەوە ڕوونادات، ئەوە لەبەرچاو دیارەو جێبەجێکردنیشی ئاسانە؟ وەڵام: هەردەم بەشوێن سوودمەن لە ڕێگری بڵاوبوونەوەی ئەمجۆرە بیرۆکە و جێبەجیکردنیدا بگەڕێن، ئیدی ئەوانە لە سیاسیەکان بن یان لە بازرگانان وکارخانەکانی دەرمان و هێنەرانی دەرمان لەدەرەوەو لەبازرگان و دەڵاڵەکان کە قازانجی زۆریان دەست دەکەوێت، ئەگەر خەڵکی هۆشیاریی پێویستیان هەبووایە ئەوا ئەوان لەدەستکەوتنی ئەو قازانجەدا سەرکەوتوو نەدەبوون، هۆشیاری چارەسەرە.

«... أَلَيْسَ مِنْكُمْ رَجُلٌ رَشِيدٌ: ئایا پیاوێکی سەلارتان تێدا نییە»
(سورة هود:٧٨)

---

(١) توێژینەوەیکە لەساڵی (٢٠١١ز)ەوە تا ئێستا بەهۆی ئەو ڕەوشەی لە سوریا هەیە تەواو نەرکاوە، ناونیشانە بنەڕەتییەکەی ڕۆڵی جێبەجێکردنی ئاستەکانی گۆڕانە لە دارشتنەوەی پەیکەری تێچووەکانی حکومەت.

ئامارتیا سن و چارەسەری کێشەی فێربوون لە هیندستان:

پێویستە پێڵاوی هەژارەکان لەپێ بکەین و
بەشەقامەکانیاندا بڕۆین و بەعەقڵی ئەوان بیربکەینەوە،
پێش ئەوەی پلانێکیان بۆ دابنێین بانگەشەی ئەوە بکەین ئابووریە»
هرناندۆ سۆرتۆ (ئابووریناس لەئەمریکای باشوور)

لەکتێبە بەنرخەکەیدا «گەشەپێدانی ئازادی» ئابووریناسی هیندستان «ئامارتیا سن» کە خەڵاتی نوبڵی لەئابووریدا بەدەستهێناوە دەڵێت: حکومەتی ئابووری هیندستان بەدەست گرفتی تێچوونی زۆری خوێندنەوە دەینااڵند، لەسەر ئەو حکومەتە پێویست بوو هەموو ساڵێك بەهۆی چڕی ژمارەی دانیشتووانەوە، ژمارەیەکی زۆر قوتابخانە لە شارو شارۆچکە جیاوازەکان دروست بکات، ئەمەش کارێکە و لەتوانای بودجەی حکومەتدا نییە پابەند بێت پێیەوە.

ئامارتیا سن[1]، لەکاتێکدا توێژینەوەیەکی ڕاوێژکاری پێشکەشی حکومەتی فیدراڵی هیندستان دەکرد، تێبینی کرد زۆربەی ئەو قوتابخانانەی داوا کراوە دروست بکرێن بۆ شارەدێ و لادێ و شارۆچکە دوورەکانە، تێچووی دروستکردنی هەر قوتابخانەیەك نزیکەی سێ هەزار دۆلاری ئەمریکی بوو، ئەوەش پارەیەکی زۆرە لە هیندستان. پرسیاری لەبەرپرسان کرد لەبارەی دانانی نەخشە بۆ فێرکردن، بۆچی ئەو تێچووە زۆرە لەپێناوی دروستکردنی قوتابخانەی بچووك لە لادێی بچوکدا خەرج بکرێت؟

---

(١) بۆ زیاتر ئاگاداربوون، سەیری کتێبی « التنمية حرية »ی (ئامارتیا سن) بکە لە زنجیرەی کتێبەکانی (عالم المعرفة).

وەڵامەکە ئەوەبوو ئەوە بەهای زەویەکە و تێچووی چیمەنتۆ و ئاسن و کرێی کرێکار و وەستا وخەرجییەکانی دیکەیە.

پێی وتن: بەڵام دانیشتوانی ئەو لادێیانە لەخانووی گڵدا دەژین، هیچ جیاوازیەك نییە قوتابی لەقوتابخانەی لەگڵ دروستکراو خوێندبێتی یان لەبەرد دروستکراو، پاشان خەڵکی هەموو لادێیەك لە دروستکردنی قوتابخانەدا هاریکار دەبن، هەروەك لە دروستکردنی خانووەکانیاندا یارمەتی یەکتر دەدەن، پاشان دەکرێت زەویش بەبەخشینی لەلایەن خەڵکی تروە کە دەیانەوێت منداڵەکانیان بخوێنن دابین بکرێت، پارەی زەوییەکە بەهەمووان بیدەن ئەرکی سەرشانی کەسیان قورس ناکات.

بەمەش تێچووی هەر قوتابخانەیەك تەنها دووسەد دۆلاری تێدەچێت، بەو ڕێگایە سەدان قوتابخانە دروستکران و ، ملیۆنەها دۆلار گەڕایەوە کە دەکرێت لەشوێنێکی تر و بەگوێرەی قوڵترین ئاست لەئاستەکانی گۆڕان خەرج بکرێت، ئەویش گۆڕانە لەسەر ئاستی ژینگە.

«ئامارتیا سن» نەبوونی توانای ئەوانەی پلان دادەنێن لەسەر بیرکردنەوە بەو شێوازە بۆ ئەوە گێڕایەوە ئەوان لە نووسینگەی جوانی پڕ ڕاخەری بیانی بەنرخدان و هەموو ئامێرەکانی فێنککردنەوە و گەرمکردنەوەیان هەیە و شەو و ڕۆژ نایکوژێننەوە، ئەوەی لەیاد بردونەتەوە ئەوان لەهندستانن.

لەکۆتاییدا دەڵێت ئەوان بەئەقڵیەتی ئەکادیمی ڕۆژئاوا کە دەرچووی ئەوێن بیر دەکەنەوە، ئەوان ناتوانن دەستبەرداری بیرکردنەوە بەهەمان لۆژیکی ڕۆژئاوایی دەوڵەمەند ببن.

ئایا تەنها ئەمە هۆکارەکەیە؟ یان هۆکارێکی تری پەیوەندیدار بە گرێبەستەکانی وەبەرهێنان هەیە کە دەگاتە ملیارەها دۆلار و کۆمپانیا بیانییەکان و نێوخۆییە هندییەکان ململانێیانە لەسەری، ئەمە لەو پارە و بەرتیلانە بگەڕێ کە لەتاریکی ڕاڕەوەکانی حکومەتە گەندەڵەکاندا لەسەری وەردەگیرێت.

بەمجۆرە بەهۆی ویستی بانگەشەکارانی گەشەکردن و پێشکەوتن بەشوێنکەوتنی شێوازی وڵاتانێك کە خۆیان بە لۆژیکی کەمی بونیات نا سەرەتا، پاش ئەوە کاری کرد بۆ فراوانبوون و خۆشگوزەرانی، ئەمەش لەدوای بەدیهاتنی سەرکەوتنی ئابووری سەرنجڕاکێش.

گەنمی زەوی پیرۆزی میسر:

میسر لەڕابردوودا بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر گیرۆدەبوو بەدەست کەمی خۆراکی پێویست بۆ خەڵکەکەی کە ڕۆژانە لەزیادبووندا بوون، گرنگترین کورتهێنانی میسر لەخۆراکدا کەمی بواری گەنم بوو کە بەخۆراکی ئەو گەلە شارستانییە دێرینە دادەنرێت.

لەسەردانێکدا بۆ زانکۆی قاهیرە ساڵی (۲۰۰۵ز)، چووینە تاقیگەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ، وادەمان هەبوو لەگەڵ یەکێك لە گرنگترین مامۆستاکانی ئەو کۆلێژە دێرینە، گریانت دەهات بۆ ڕەوشی مادی تاقیگەکان، هەموو هۆکارە تەکنەلۆژیاکانی توێژینەوەی تاقیگەیی تێیدا کۆن و ماندوو بوون، وامدەبینی بۆ کارکردن یان توێژینەوەی زانستی دەست نادەن.

کاتێ پرسیارمان لەخانەخوێکەمان کرد لەوبارەیەوە؟

وتی: ئامێری ئەم تاقیگانەت بەدڵ نییە، هەر ئەمانە پلانی نەتەوەیی بەشی میسر لەگەنم لەماوەی چوار ساڵدا گەشەپێدا.

ووتم: چۆن؟

ووتی: لەم تاقیگانەدا، گەشەمان بە دەنکە گەنمێکدا کە لەگەڵ خۆڵی بیابانەکانماندا بگونجێت، بەرگەی ووشکی و ڕەوشی کەش و هەوای ناوخۆ بگرێت، لەحاڵەتی جێبەجێکردنی پلانەکەماندا پێویستمان بە چوار ساڵ هەبوو تا بەشی خۆمان لە گەنم دابین بکەین و هێنانی لەدەرەوە کۆتایی پێ بێت.

ووتم: بەڵام ئەو زەویانەی لەمیسر بۆ کشتوکاڵ دەست دەدەن ڕێژەیان زۆر زۆر کەمە لەچاو ڕووبەری هەموو میسردا.

خانەخوێکەمان پێکەنی و ووتی:کێ ئەو زانیاریە گەمژانەی پێداویت؟

ووتم: ئەمەمان لەکتێب و سەرچاوەکاندا بینیووە، لەکاتێ خوێندنی توانای ئابووری وڵاتە عەرەبییە جیاوازەکان.

ووتی: ئەوە لە ڕابردوودا بوو، ئێستا و پاش گەشەسەندنی زانست لەتوانامانداید لەسەر هەموو خاکی میسر کشتوکاڵ بکەین بەشێوازی کشتوکاڵیی هاوچەرخی پێشکەوتووی کەم تێچوو، بەتوانای ئاوی کەم بەراورد بەشێوازەکانی پێشترلە کشتوکاڵ.

زانیاریەکان سەرسامکار بوون بۆ من!!!

بیرم کردەوە، خوایە! چەندین ساڵە میسر گەنم هاوردە دەکات و بودجەی ساڵانەی بۆ خۆراکی سەرەکی وڵاتەکە سەرف دەکات، بەهۆی ئەوەشەوە بڕیارە سەروەرییەکانی بەستراوەتەوە بەو وڵاتانەوە کە ئەم بەرهەمە دەنێرنە دەرەوە، ئێستا هەموو ئەوە گۆڕاوە.

وتم: ئایا دەستتان بەجێبەجێکردنی پلانەکەتان کردووە.

ووتی: بەداخەوە وەزیری کستوکاڵ پلانەکەمانی خستووەتە ڕەفەیەکی کتێبخانەکەیەوە و دایخستووە و جێبەجێی نەکردووە...!!!

میسر بەردەوام بوو لە هاوردەکردنی گەنم وکێشەی کەمی خۆراکی لەسەر ئاستی نیشانەکان چارەسەر دەکرد، لەکاتێکدا هەموو ئەو توانایانەی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی لەسەر ئاستی ڕیشەیی نەك لەسەر ئاستی هۆکارەکان. جێبەجێکردنی ئەوجۆرە چارەسەرە شوێنەواری باشی لەسەر ئابووری میسر دەبێت کە ناڕەحەت ئەبێت بە ئەژمار کردنی بۆ ماوەی نزیك، جا ئەبێت بۆ ماوەی دورتر چۆن ئەژمار بکرێت.

حکومەتێك چارەسەری لەسەر ئاستی سێیەمی قۆڵ (ئاستی ڕیشەیی/ ژینگە) هەبێت و جێبەجێی نەکات، حکومەتێکی ناپاکە، یان داگیرکراوی بێ ئیرادەیە، یاخود هەردووکیانە. زۆربەی وواڵاتە دواکەوتووەکانی جیهان کار – ئەگەر کاری کرد- لەسەر ئاستی یەکەم لەئاستەکانی گۆڕان دەکات، خەرجکردنی بەشی زۆر بودجەی حکومەت بۆ گۆڕان لەسەر ئاستی نیشانەکان بەفیڕۆدانی ئەو سامانەیە. چارەسەر هەمیشەیی لەوەدایە چۆن هەمان بڕی پارە خەرج بکەین بەڵام گۆڕانی قۆڵ و بەردەوام بهێنینە ئارا، ئەمە بەبێ گۆڕانی ئەو ژینگەیەی کە هۆکارەکانی خاوەن نیشانەی جیاواز دەخاتەوە نابێت.

کەی کاتی گۆڕان دێت:

«گۆڕان نێستا و لە هەموو کاتێك..
کات بۆ گۆڕان نییە، گۆڕان هەمیشەییە»

پاش ئەوەی واتای ڕاستەقینەی گۆڕانمان زانی و زانیمان ئاستەکانی گۆڕان کامانەن و تێگەیشتین بۆچی و لەبەرچی و چۆن گۆڕانکاری بکەین، دەمێنێتەوە پرسیارێکی گرنگ: کەی کاتی گۆڕانە؟ کەی دەبێت گۆڕان بکەین؟ کەی نابێت گۆڕان بکەین؟ ئایا ڕاستە گۆڕان هەمیشە بەستراوەتەوە بە ئازارەوە؟

چیرۆکێکی ڕاستەقینە:

هەڵۆ پیرەکە سەرسام لەحاڵی خۆی ڕاوەستابوو، نە ئەو دەیتوانی وەك پێشتر نێچیرەکانی خۆی ڕاو بکات، نە کەس هەیە ڕاوی بۆ بکات و خۆراکی بۆ دابین بکات. تەنانەت ئەگەر کەلاکی بەجێهێڵراوی سەر زەویش پەیدا بکات کە کەمتیار ڕاوی کردووە و ئەوەندەی لەتوانایدا بووبێت لێی خواردووە و ئەوەی تری بەجێهێڵاوە ئەوا دەنوکەکانی توانای خواردنیانی نییە و چیدی کەڵکی پارچەپارچەکردنی نەماوە.

نازانێت چی بکات، هەموو ئەوەی هەستی پێدەکات ئەوەیە کۆتایهاتنی نزیك بووەتەوە، بەو دەنووکە لاربوانەیەوە، بەو نینۆکە شکاوە درێژە شەقبردوانەوە، بەو پەڕە پڕە قورسە شۆڕبووانە بەسەر باڵەکان و سنگیدا وەك ئەوەی عەبایەکی قورس بێت بۆ شاردنەوەی لاوازیەکەیی و نەشێواندنی گەردوون بەدیمەنە ناشرینەکەی دایپۆشێت، لەکاتێکدا پێشتر، خەڵاتی خوای گەورە بوو بۆی تا بەئاسمانەکاندا

بەپانی و درێژی پێی بفرێت و بگەڕێت و چی بوێت تێیدا بیکات.

هەموو ئەوەی دەیزانێت ئەوەیە بووەتە بەشێك لەڕابردوو، ئێستا برسێتی پارچە پارچە لەناوی دەبات ئەگەر چارەسەرێك نەدۆزێتەوە بەخێرایی و ئەوەی لەکەینونەی ماندووی ماوە دەربازی نەکات، ئەمە ئەگەر هاتوو نەبووە پاروویەکی ئاسان بۆ ئەو باڵندانەی جاران لەئاسمان و زەویدا لەترسی ئەم خۆی پێنەدەگیرا.

لەخۆی دەپرسێ.. چی بکەم؟ ئایا ئەوەی یاساکانی ڕەگەزەکەی بەسەریدا دەسەپێنن ئەنجام بدات؟ یان ئارام بگرێت لەوانەیە چارەسەرێکی ئەستەم لەپڕ دەربکەوێت و ئەو ئازارەی هەستی پێدەکات نەهێڵێت، کاتێ یەکێکی گەنجی ڕەگەزی خۆی بەلایدا تێدەپەڕێت، تەنانەت پیریش، یاسا گەردوونیە تایبەتەکانی پێڕی هەڵۆکانی بەبیر دێنێتەوە کەپێویستە پابەند بن پێیەوەو ئەستەمە لادان لێی.

ڕۆژگار دەگوزەرێت و نەهامەتییەکانی زیاتر و زۆرتر دەبێت، ئەو موعجیزەیەی چاوەڕوانی بوو ڕووینەدا، لەوانەشە هەر ڕوونەدات، جیبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەڕەگەزەکەی‌خۆیشی ئازاری زۆری هەیە، لەوانەیە مردنی لەوە پێخۆشتر بێت، بەڵام تەنانەت مردنیش لەوانەیە بووبێتە یەکێك لەئەستەمەکان.

لەشەوێکدا کە بەبرسێتی بردوویەتییە سەر، یادەورەیی کۆنەکانی سەبارەت بە مەزنی و دەسەڵاتییەوە بەسەر ئاسماندا هاتەوە یاد، هەڵۆکە ئەو بڕیارەی هەردەبوو بیدا دای، ئەویش یاسای گەردوونە، ئەوە بکات دەمێنێت، بێ ئەویش نامێنێت.

لەگەڵ گزنگی بەیاندا، ئەو هێزەی مابووی کۆی کردەوە و بەقورسی و ناڕەحەتییەوە بەئاسماندا فڕی، چووە سەر لوتکەیەکی چۆڵ، سەیری کرد بڵندترە و زیاتر پارێزراوە بۆ بەتەنها مانەوە و ئەزموونە تاڵەکەی، ئەگەر سەرکەوتوو بوو،

ئەوا بەسەربەرزیەوە بۆ ئاسمانی مەمەلەکەتەکەی دەگەڕێتەوە، ئەگەر شکستی هێنا، ئەوا لەبەر چاو و زمان نامێنێت و هیچ کەس سەرزەنشتی ناکات، یاخود کەس نابێت بەزەیی پێدا بێتەوە.

هەرکە گەیشتە لوتکە بڵندە چۆڵەکەی کە هەڵیبژاردبوو بۆ خەڵوەتەکەی کە لەوانەیە بۆ هەمیشەیی بەردەوام بێت و بڕیاریداوە ئەوەی دەروونێکی ناچارکراو یان سەرپشککراو نەتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵام چار نییە و قەدەری دروستبوونی لەسەری فەرز کردووە، دەستبەجێ دەستی کرد بەجێبەجێکردنی ئەوەی بڕیاری لەسەردابوو، هەرچەندە دەیزانی چەندە ئازار دەچێژێت، بەڵام هەموو ئەوەی هەزارجار لەلا ئاسانتر بوو لەوەی لەڕۆژانی کۆتاییدا بەهۆی برسێتی ولاوازییەوە بەسەری هاتبوو، هاوڕێ کۆنەکانی بەچاوی ڕق و سەرزەنشتەوە سەیریان دەکرد، خراپتر لەوە زانیبووی هەندێك باڵندەی شکێنەر چاوەڕوانی کەوتنی کۆتایی دەکەن، تا بیکەنە خوانێکی بەچێژ بۆ بێچووەکانیان کە بۆ سەروەری ئاسمان ئامادەیان دەکەن، سوێندیان بۆ خواردون گۆشتی سەرگەورەیەك لەسەرگەورەکانی پێشوی ئاسمانیان پێ بدەن.

دەچێتە پەنای بەردێکی گەورە و بەبەهێزی دەست بەدەنوك لێدانی بەردەکە دەکات ، هاوارەکانی کپ دەکات کە گەر لەدەنوکی دەربچوایە ئەوا تەنانەت بەردەکانی شاخەکەیشی کە لەسەر لوتکەکەی بوو دەترساند، دەنووکی خۆی کە وادەی کارپێکردنی کۆتایی هاتبوو و دیمەنی ناشیرین کردبوو دەشکێنێت، لەکاتێکدا پێشتر یەکێك بوو لەبەهێزترین چەکەکان و هێزی.

ئەو ئەستەمەی لێی دەترسا ئەنجامیدا، بەخۆی وت: ئەم دەنووکە پیرە کە هۆکارێك بوو بۆ گاڵتەپێکردنم و لاوازیم لە نێو هەڵۆکاندا بەکەڵکی ژیان نەماوە،

ئەوا بەسەربەرزیەوە بۆ ئاسمانی مەمەلەکەتەکەی دەگەڕێتەوە، ئەگەر شکستی هێنا، ئەوا لەبەر چاو و زمان نامێنێت و هیچ کەس سەرزەنشتی ناکات، یاخود کەس نابێت بەزەیی پێدا بێتەوە.

هەرکە گەیشتە لوتکە بڵندە چۆڵەکەی کە هەڵیبژاردبوو بۆ خەڵوەتەکەی کە لەوانەیە بۆ هەمیشەیی بەردەوام بێت و بڕیاریداوە ئەوەی دەروونێکی ناچارکراو یان سەرپشککراو نەتوانێت ئەنجامی بدات، بەڵام چار نییە و قەدەری دروستبوونی لەسەری فەرز کردووە، دەستبەجێ دەستی کرد بەجێبەجێکردنی ئەوەی بڕیاری لەسەردابوو، هەرچەندە دەیزانی چەندە ئازار دەچێژێت، بەڵام هەموو ئەوەی هەزارجار لەلا ئاسانتر بوو لەوەی لەڕۆژانی کۆتاییدا بەهۆی برسێتی ولاوازییەوە بەسەری هاتبوو، هاوڕێ کۆنەکانی بەچاوی ڕق و سەرزەنشتەوە سەیریان دەکرد، خراپتر لەوە زانیبووی هەندێك باڵندەی شکێنەر چاوەڕوانی کەوتنی کۆتایی دەکەن، تا بیکەنە خوانێکی بەچێژ بۆ بێچووەکانیان کە بۆ سەروەری ئاسمان ئامادەیان دەکەن، سوێندیان بۆ خواردون گۆشتی سەرگەورەیەك لەسەرگەورەکانی پێشوی ئاسمانیان پێ بدەن.

دەچێتە پەنای بەردێکی گەورە و بەبەهێزی دەست بەدەنوك لێدانی بەردەکە دەکات ، هاوارەکانی کپ دەکات کە گەر لەدەنوکی دەربچوایە ئەوا تەنانەت بەردەکانی شاخەکەیشی کە لەسەر لوتکەکەی بوو دەترساند، دەنووکی خۆی کە وادەی کارێکردنی کۆتایی هاتبوو و دیمەنی ناشیرین کردبوو دەشکێنێت، لەکاتێکدا پێشتر یەکێك بوو لەبەهێزترین چەکەکان و هێزی.

ئەو ئەستەمەی لێی دەترسا ئەنجامیدا، بەخۆی وت: ئەم دەنووکە پیرە کە هۆکارێك بوو بۆ گاڵتەپێکردنم و لاوازیم لە نێو هەڵۆکاندا بەکەڵکی ژیان نەماوە،

شکاندی و چاوەڕوان بوو هەتا دەنووکی تازەی هاتەوە و بەهێزو تیژ بوو بەوجۆرەی هەڵۆکان شانازی پێوە دەکەن و بوونەوەرەکانی زەوی و ئاسمان لێی دەترسن.

هاتنەوەی دەنووکی نوێی هەڵۆ ئاسان و خێرا نەبوو، لەگەڵ گزنگی ڕۆژی نوێدا دروست بووبێتەوە، هەڵۆکەمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چاوەڕوان بوو، هەفتە لەپاش هەفتە، هێشتا دەنووکە نوێیەکە بچوک بوو، بەهێواشی گەشەی دەکرد، بەڵام بەهێز و خۆڕاگرانە.

چەند هەفتەیەکی دریژ تێپەڕبوو، دەنووکە قورسە تیژە نوێیەکە گەشەی کرد، ئەمجا هەڵۆکە هەستا بەجێبەجێکردنی هەنگاوی دواتر کەیاسای ڕەگەزەکەی لەسەری پێویست کردووە، بەدەنووکە نوێیەکەی نینۆکەکانی دەربهێنێت و بەرەو دوور فڕێیان بدات و خەمیان لێ نەخوات، ئازارەکانی ئەمجارە تاڕادەیەك جێی قبوڵە، هەڵۆکەمان بڕیاریداوە نرخەکەی هەرچییەك بێت گۆڕانکاری بکات.

چەند هەفتەیەك تێدەپەڕێت، برینەکانی هەڵۆکە چاك دەبنەوە، پێیەکانی نینۆکە تازە دەردەکەن، تیژ و بریقەدار وەك خەنجەری درەوشاوە، بە شانازیەوە سەیریان دەکات، دەڵێت: ئاواتم ئەمە بوو، گۆڕانەکە دەستی کردووە بەسەرکەوتن، دەستبەجێ هەنگاوی سێیەم لەهەنگاوەکانی گۆڕان کە هەموو هەڵۆیەك دەیزانێت دەست پێ دەکات.

دەست دەکات بە هەڵکێشانی پەڕە قورسەکەی دەورووبەری سنگ و باڵەکانی، ئەو پەڕانەی کە توانای فڕینیان نەهێشتبوو بەهۆی شۆڕبوونەوەیان بەسەر سنگ و باڵیدا و هەناسەیان توند کردبوو، بۆ واڵەی باڵەکانیشی قورس بوون، یەك یەك پەڕەکانی لێکردەوە، هەر پەڕێك کە لێی دەکردەوە دەیدایە دەم ڕەشەبا بۆ کوێی دەوێت بیبات، ئێستا کاری پێیان نییە، پێشتر جوانییان

پێدەبەخشی و ڕێکی دەکردن و پاکی دەکردنەوە پەڕ پەڕ، وەك جاران پاش لێبوونەوە لە لێکردنەوەی هەموو پەڕەکانی چاوەڕوانی کرد هەتاپەڕی نوێی لێ ڕوا، تا وەك سەرداری ئاسمان و زەوی سەرلەنوێ بگەڕێنەوە.

پاش پێنج مانگ، هەڵۆ ئامادەکەمان هەستی کرد سەرلەنوێ لەدایك بووەتەوە، کاتی ئەوە هاتووە خەڵوەت و دابڕانەکەی لەجیهان کۆتایی پێ بهێنێت، هیچ هۆکارێك بۆ خۆشاردنەوەو خەڵوەتگیری نەماوە، ئێستا بەهێز و چاکبووەوەیە، دەنوکی نوێ و نینۆکی تیژ و پەڕی سوکی جوانی تازەی هەیە کە شنەبای لوتکەی شاخەکە دەیانلەرێنێتەوە.

هەڵۆکە سەرلەنوێ بەئاسانی باڵەکانی لەهەوادا دەکاتەومو لەشەقەی باڵ دەدات، ڕەشەبا بەدەم ویستیەوە دەڕوات، بەسوکی و لەشڕێکی و متمانەوە بۆ کوێی بوێت لەخۆی دەگرێت، لەناکاو، بەڕوانینێکی تیژی ژیانەوە، نێچیرێك لەسەر زەوی دەبینێت، لەئاسمانی بەرزەوە بەدی کرد، باڵەکانی بۆ حاڵەتی هێرشبردن گۆڕی و بەخێرایەکی سەرسوڕهێنەر و بەیەك ئاراستە کە سەرشۆڕکردن و دوودڵی نازانێت دای بەسەر نێچیرەکەیدا و ڕاوی کرد.

«چیرۆکەکە کۆتایی هات، ئایا هیچمان وت»

کەواتە کەی کاتی گۆڕانە؟ وەڵام: کاتێ ئازار دەردەکەوێت.

بەڵێ ئەگەر ئازار دەرکەوت، گۆڕان پێویستە، تۆ ئەگەر ئازارت چەشت ئەوە واتای ئەوەیە لە یەکێك لەدووانەیدا توندڕەویت، بەوەش پێویستە بگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی، یاساکان وا دەڵێن، بەڵام هەرکەس خۆی بەگەورە گرت و منجڕ بوو، ئەوا یاسا گەردوونییەکان گرەنتی گەڕانەوەن بۆ تێگەیشتنی یاخود بردنی بۆ

دۆزەخی نەفامی و منجڕی خۆی ببەن.

(يَوْمَ لا يَنْفَعُ مَالٌ وَلا بَنُونَ * إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ: ئەو ڕۆژە كە نەماڵ سوود دەداو، نەمنداڵ بە كەڵك دێن, مەگەر كەسێ كەبە دڵێكی ساغەوە بێتە حزووری خوا)(الشعراء: ٨٨ -٨٩).

بەڵام ئایا ڕێگایەك بۆ خۆ دوورگرتن لەئازار نییە؟ واتە ڕێگایەك نییە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانی پێویست بەر لە ڕووداني ئازار؟ چۆن بزانم بەبێ ئازار لەسەرم پێویستە گۆڕان بكەم؟

لەوانەیە یەك ڕێگا هەبێت، ئەویش هۆشیاربوونە لەیاسا گەردوونیەكان و باش جێبەجێكردنیان بەتەواوەتی، وەك ئەوەی دروستكارەكەیان كە خوای باڵادەستە ویستوویەتی، هۆشیاربوون چارەسەرە.

(مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ: لە نێر یان لە مێ- هەركەس كارێكی چاك ئەنجامبداو، بەئیمان و باوەڕداریش بێت, بەڵێن بێت بیژیێنین بە ژیانێكی پاك و، بەچاكتریش لەوەی كردوویانە پاداشیان بدەینەوە.)(النحل: ٩٧). صدق الله العظيم .

كۆتایی

ئەم کتێبە ئاشنات دەکات بە:

بەدرێژایی سەردەمەکان هەموو دانایان هەوڵی دۆزینەوەی نهێنی بونیاتی مرۆڤی کارایان داوە، نەک بەتەنها توانای چارەسەری گرفتەکانی ژیانی خۆی هەبێت، بەڵکو لەتواناشیدا بێت تووشی ئەو گرفتانە نەبێت.

ئەم کتێبە بۆت ڕوون دەکاتەوە:

چەند یاساییەک هەیە ژیانی مرۆڤ ڕێکدەخەن و گەشەی پێدەدەن، هەروەک چۆن سروشتیش یاسای خۆی هەیە ڕێکی دەخات و بەڕێوەچوونی لەخزمەت مرۆڤدا باشتر دەکات. پێویستە لەسەرمان فەلسەفەی ئەو یاسا گەردوونیانە ئاشنا ببین کە سەرفرازی بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکەن.

ئەم کتێبە:

گرێ کوێرەکانی ژیانت بۆ دەکاتەوە، ڕێگای سەرکەوتن و ڕزگاربوونت بۆ ڕووناک دەکات، دوورت بۆ نزیک دەکاتەوە، مانوویەتیت کەم دەکاتەوە، بەرهەمی ژیانت زیاتر دەکات. وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکانت دەداتەوە، یاسا گەردوونیەکانت پێ ئاشنا دەکات، تا خۆت بناسیت و گەردوونیش بناسیت.